دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

کوردستان

www.kurdistanukurd.com

شەممە ١٥ی ڕەزبەری ١٣٩١ ـ ٦ی ئۆکتۆبر ٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٩٣ | نرخ: ١٥٠ تمەن

ئامریکا گەلاڵەی پێشنیارکراوی ئەتۆمیی ڕێژیمی تارانی ڕەد کردەوە

ڕۆژنامەی «نیۆیۆرک تایمز» بڵاوی کردەوە کە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران، گەلاڵەیەکیان بۆ چارەسەری کێشەکان سەبارەت بە بەرنامەی ناوکی پێشکەش کردبوو کە لە ٩ ماددە پێک هاتووە. بەڵام ئەم گەلاڵەیە لە لایەن دەوڵەتی ئامریکاوە پەسند نەکرا.

ئەم گەلاڵەیە لەسەر بنەمای دابەزینی پلەبەپلەی پێتاندنی ئۆرانیۆم ڕێک خراوە.

نیۆیۆرک تایمز هەروەها ڕایگەیاند کە ئەم گەلاڵەی کۆماری ئیسلامی، پێویستی بەوە هەیە کە ڕۆژاوا لە چەندین بوارەوە پاشەکشەیەکی بەرچاوی هەبێ.

لە ڕوانگەی ئامریکاوە، ئەم پێشنیارەی کە ئێران کردوویەتی کەرەنتی ئەوە ناکا کە ئێران نەتوانی چەکی ئاتومی دروست بکاو شیوازی ڕێک خستنی ئەم پێشنیارە بە جۆرێکە هەرکات ئێران بیەوێ، دەتوانی درێژە بە بەرنامەکەی خۆی بدا.

کارەبەدەستانی ئامریکایی لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەگەر گەمارۆکان بەدژی ئێران هەڵوەشێندرایەوە، ڕەچاو کردنەوەی دووبارەی ئەم گەمارۆیانە، تەنانەت ئەگەر لە لایەن وڵاتەکانی دیکەوە پەسند نەکرێ، چەندین ساڵ دەخایەنێ.

دوو کەسی خەڵکی دەشتەبێڵ لە زیندانی نەغەدە ئیعدام کران

دوو هاوولاتیی کورد لە زیندانی ناوەندیی شاری نەغەدە ئیعدام کراون.

ئاژانسەکانی هەوال بڵاویان کردەوە کە، ئەحمەد عەزیزیان کوڕی حاجی خەلکی گوندی «عەینەروم»ی سەر بە ناوچەی «دەشتەبیل»ی شاری شنۆ و سامی عەباسپوور کوڕی حوسێن و خەلکی گوندی «سیلان»ی سەر بە دەشتەبیل شەوی سێشەممە ١٠ لەسەر ١١ی ڕەزبەر لە زیندانی شاری نەغەدە ئیعدام کراون.

هەتا ئێستا لەلایەن ناوەندە قەزاییەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هۆکاری ئیعدامی ئەو دوو لاوە کوردە بە فەرمی ڕانەگەیەنراوە.

خالید عزیزی لە کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی کرێکارانی بریتانیادا:

پرسی کورد، دەرفەتێکە بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی، مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی لە وڵاتانی ناوچەدا

سکرتێری گشتیی حیزب و ئیدمیلیباند سەرۆکی حیزبی کاری بریتانیا

لە چوارچێوەی دیدار و چاوپێکەوتنەکانی خۆی و هەیئەتی هاوڕێی لەگەڵ کەسایەتییە حیزبی و حکوومییەکانی بریتانیا و هەیئەتە بیانییەکانی بەشدار لە کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی کرێکارانی بریتانیا، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، جارێکی دیکە سەرنجی بیانییەکانی بۆ لای پرسی ڕەوای کورد ڕاکێشا.

ڕۆژەکانی ١ و ٢ی ئۆکتوبر، هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب، لە سەر بانگهێشتی فەرمیی پارتی کرێکارانی بریتانیا، لە کۆنفرانسی ساڵانەی ئەو حیزبەدا بەشدار بوو.

هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو دیدارانەدا و لەو دانیشتن و سمینارانەی لە چوارچێوەی ئەم کۆنفرانسەدا پێک هاتبوون، تێشکی خستە سەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی بندەستیی نەتەوەی کورد لە وڵاتانی ناوچە، بەتایبەتی لە ئێراندا. لە سمینارێکیش دا کە بە بەشداریی باڵوێزەکان و نوێنەرانی وڵاتانی جیهان بۆ باس لە پرسە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی ئەم کۆنفرانسە ساڵانەیەدا پێک هاتبوو، سکرتێری گشتیی حیزب قسەی کرد و داوای کرد وڵاتانی داگیرکەری کوردستان قەزیەی کورد وەک دەرفەت بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی سەیر بکەن، نەک وەک هەڕەشە لە سەر خۆیان.

ڕاپۆرتی تیرۆتەسەل لەبارەی دیدار و چاوپێکەوتنەکانی سکرتێری گشتیی و هەیئەتی هاوڕیی لە پەراوێزی کۆنفراسی ساڵانەی پارتی کرێکارانی بریتانیا هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا بخوێنەوە.

بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد

لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا یەکەم کۆنگرەی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بە دروشمی «خوێندکاری کورد دەنگی نەسرەوتووی مافی دیاریکردنی چارەنووس» دەستی بە کارەکانی کرد.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ٦ ی ڕەزبەر بە بەشداریی هەیئەتەکانی کۆمەڵێک لە یەکیەتییە خوێندکارییەکانی ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان و هەروەها بە بەشداریی سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێندکارانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە لە هەرێمی کوردستان دەژین، ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی یەکەمی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕیزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد، سەرەتا دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە، ئەندامی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بە وتەیەک «کۆنگرەی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» ی کردەوە. ناوبراو لە سەرەتای قسەکانیدا وێڕای وەبیرهێنانەوەی تایبەتمەندییە گشتییەکانی چینی خوێندکار، باسی ئەوەی کرد کە بەستێنی سیاسیی پرسی کورد شوێنەواری گرینگی لەسەر بزوتنەوەی خوێندکارانی کوردیش داناوە. یەکێک لەو خیسلەتانە بە باوەڕی ئەو تێکوشان لە تاراوگە بووە کە هەم مانایەخش و هەم بەستێن ساز بووە و لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بە هەوڵەکانی ڕووناکبیرانی کوردی وەک کامران بەرخان، نوورەدین زازا، د. قاسملوو و د. کەمال فوئاد بۆ یەکخستنی خوێندکارانی کورد لە ئەروپا کرد. هەر لەو چوارچێوەیەدا ناوبراو ئاماژەی بە کۆڕ و کۆمەڵە خوێندکارییەکانی کورد لە نێوخۆی وڵاتدا کرد و پێی وابوو کە یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد دەتوانێ ببێ بە پردی پێوەندی لەگەڵ ئەوان کە بە تەئسیر وەرگرتن لە یەکتر ئۆلگوویەکی باش بۆ کاری ڕێکخراوەیی هاوبەش لە ئایندەدا بخەملێنن.

ل ٢

دولار تا سنووری ٤ هەزار تمەن ڕۆیشت

ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی ڕەزبەر ژمارەیەکی زۆر لە بازارییەکانی تاران و خەلک لە دژی ئەم ناسەقامگیرییەی دراوی ئێران و نەبوونی متمانە بە داهاتوو ڕژانە سەر شەقامەکان و لە دژی دەسەڵاتدارانی ئێران دروشمیان دا. هێزە ئەمنییەتییەکان وەک هەمیشە بە ئیمکاناتی سەرکوت و بێدەنگ کردن لە بەرانبەر خۆپیشاندەرانی تووڕەدا ڕاوەستان.

دەوڵەتی ئەمریکا ڕایگەیاندوە کە دابەزینی نرخی ڕیال ئەوە دەردەخا کە تەحریمەکان کاریگەرییان لەسەر ئێران داناوە و ڕێبەرانی ئێران دەبێ لەم ڕاستییە تێ بگەن و پێداچوونەوە بە هەڵسوکەوتەکانیان لەبارەی مەسەلەی ناوکی دا بکەن.

دوو ڕۆژ دوای نارەزایەتیی بازاری تاران، ژمارەیەک لە نوێنەرانی مەجلیسی ئێران، دەوڵەتیان لە ئاست قەیرانی بازاری دراو دا بە بەرپرس زانی.

هەنووسەمان

سەبارەت بە دەرچوونی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق لە لیستی ڕەشی ئەمریکا

گومانی تێدا نیە کە کاتێک پازدە ساڵ لەمەوبەر ئەمریکا موجاهیدینی خستە نێو لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانەوە، ئەم بڕیارە زۆرتر ئیمتیازبەخشینێک بە دەوڵەتی ئەو کاتی سەید محەممەدی خاتەمی و بەگشتی ڕێژیمی ئێران بوو. ئێستاش، لەگەل ئەوی کاربەدەستانی ئەمریکا بڕیاری لابردنی موجاهیدین لەلیستەکەیان وەک بەرهەمی پرۆسەیەکی قەزایی نیشان دەدەن و بە «پەنانەبردنی ئەو ڕێکخراوە بۆ کاری تێرۆریستی» لە ساڵانی ڕابردوودا و دەروەستییشی بۆ داهاتوو لەم پێوەندییەداو هەروەها هاوکاریی موجاهیدین لە ڕەوتی چۆڵکردنی کەمپی ئەشرەفیدا دەبەستنەوە، حاشای لێناکرێ کە بڕیاری هێنانەدەری موجاهیدین لە لیستی ڕەشی ئەمریکا هاندەری سیاسییشی لە پشتە و ناکرێ لە کۆنتیکستی ئالوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە مشتومڕی نێوان ئەمریکا و ئێران کە ئێستا لە خراپترین باری خۆیدایە، جیا بکرێتەوە.

دانانی ڕێکخراوی موجاهیدین لەنێو لیستی ڕەشی ئەمریکا و ئۆروواپادا بە هەموو ئەو مانا سیاسییانەو ئەو ئاکامە حقووقییانەی لە بڕیارێکی ئەوتۆ کەوتبوونەوە، کادێوەکی دیپلۆماسی بۆ کۆماری ئیسلامی بوو کە هاوکات ببووە مایەی دڵخۆشیو زمانەدرێژیی زیاتری ئەو ڕێژیمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە تاوان و دەستدرێژی لە دژی هێزێک بوو کە سەرەڕای تێبینیمان لەسەر سیاسەتو هەڵوێستەکانی یەکێک لە جیدیترین هێزەکانی ئۆپزیوسیۆنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. هەربۆیە هەموو ئەوانەی خوازیاری لەنێوچوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین هەق نییە ئەم بڕیارەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایان پێ ناخۆش بێ.

هەر لەو کاتەدا جێی خۆیەتی ئەم بڕیارەی وڵاتە بەگرتووەکانی ئەمریکا ڕێکخراوی موجاهیدین هان بدا هەتا بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخێکی نوێ کە ئەم ڕێکخراوە تێیکەوتوە و پێویستییەکانی سەردەمی ئەمڕۆ، چ لەبواری پێوەندییە نێوخۆییەکانیداو چ لە مامەلە لەگەل ئەکتەرەکانی دیکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئێراندا بەخۆیدا بچێتەوە و بە ئەقلییەتێکی کراوە و دێموکراتیکەوە بۆ داهاتووی سیاسیی خۆی بڕوانێ و ئەو داهاتوویە لە چوارچێوەی ئایندەی هاوبەشی ئازادیخوازانی ئێراندا پێناسە بکا. دروست وایە کە هەر چەشنە خوێندنەوەیەکی سەرلەنوێی جێکەوپێگەی موجاهیدین لەلایەن ئەمریکاو ڕۆژئاواییەکانیشەوە هەر لەو ڕوانگەیەوە بێ.

سکرتاریای
حیزبی دیموکراتی کوردستان
٢٠١٢/١٠/١
١٣٩١/٧/١٠

پەیام و بەیاننامە

پەیامی دەقتەری سیاسی بۆ یەکەمین کۆنگرەی یەکیەتیی نەتەوەی خوێندکارانی کورد

٤

سیاسی

پشکی سوپای پاسدارانی وڕێ لە بەدیلگیراوەکانی سوپا لە سووریەدا!

٥

وتووێژ

ئوێنەرانی حدک تێشک دەخەنە سەر پێوەندیی حیزبی دیموکرات و کۆنگرەی نەتەتەناسیونالی سوسیالیست

٦

سیاسی



دابەزینی بەهای دراو یان داڕووخانی سەردەڕۆییەک

٩

وتووێژ

هەڵوێستەیەک لە سەر شانۆی سەر شەقام لە کوردستان

١٠

کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، چەند پرسێکی گرنگی تاوتوێ کرد

لە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا:

بابەتی کرانەوەی دەرگای دیالۆگ لەگەڵ لایەنەکەی دیکەی دیمۆکرات(حدکا) و پەلاماری میدیایی بەشێک لە کەسایەتی و ڕێکخراوە ناوەندگەراکان بۆ سەر بزووتنەوەی کوردستان کەوتنە بەر باس

کوردستان و کورد نیوز: کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی یەک ڕۆژەدا کە سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ٢ی ڕەزبەر دەستی پێکرد، بابەتەکانی کرانەوەی دەرگای دیالۆگ لەگەڵ لایەنەکەی دیکەی دیمۆکرات و پەلاماری میدیایی بەشێک لە کەسایەتی و ڕێکخراوە ناوەندگەراکان بۆ سەر بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەلاتی کوردستانی خستە بەر باس.

لە تەوەری یەکەمی باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیەدا کە بە بەشداریی زۆربەی ئەندامانی ڕێبەری پێک هات، بابەتی کرانەوەی دەرگای دیالۆگ و وتوێژ لە نێوان لایەنەکانی دیمۆکرات دا کەوتە بەر باس. لەم تەوەرەی باسەکانی کۆبوونەوەکەدا کە لە ژێر ڕووناکایی دانیشتنی ماوەیەک لەمەوبەری سکرتێرەکانی هەر دوو لایەن و دیداری ڕەسمیی هەیئەتەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دا دەستی پێکرد، سەرەتا کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان باسی لە ڕەوتی بەرەوپێشچوون و نێوەڕۆکی دیدار و دانیشتنەکان کرد. سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان وێڕای ئاماژە بە گرنگیی ئەم کرانەوەیە، ئاماژەی بە سیاسەتی پەسندکراوی کۆنگرەکانی ١٤و ١٥ی حیزب لەم پێوەندییەدا کرد.

لەم بەشە لە باسەکانی کۆبوونەوەکەدا ئەندامانی کومیتەی ناوەندی وێڕای خستنەڕووی ڕوانگە و بۆچوونەکانیان هەلویست و سیاسەتەکانی دەفتەری سیاسییان لەم پێوەندییەدا بە دروست و بەڕپرسانە لە قەلەم دا.

شایانی باسە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لە ئاکامگیریی ئەم بەشە لە باسەکانی کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێک ڕاسپاردەی گرنگیان بە دەفتەری سیاسیی حیزب دا و هەر لەو کاتەش دا هیوایان دەربڕی کە ئاکامی درێژەی دیالۆگی نێوان دوو لایەن بنەمایەکی پتەو و دەسکەوتی شایانی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەلاتی کوردستان لێ بکەوێتەوە.

کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە تەوەری دووەمی باسەکانی دا پەلاماری میدیایی بەشێک لە کەسایەتی و ڕێکخراوە ناوەندگەراکان بۆ سەر بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەلاتی کوردستانی خستە بەر باس. لەم تەوەرەی باسەکانی کۆبوونەوەکەدا ئەندامانی کومیتەی ناوەندی پێیان وابوو ئیمزاکرانی پەیماننامەی هاوکاری لە نێوان دوو حیزبی ڕۆژهەلاتی کوردستان واتە حدکا و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتیکشانی کوردستانی ئێران تەنیا بیانوویەک بووە بۆ ئەوەی کەس یان لایەنە تەواویەتخوازەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پەلاماری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بدەن و تۆمەتی جیاییخوازیی لێبدەن. لەم پێوەندییەدا ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی وێڕای پێشوازی لە هەر هەنگاوێکی یەکڕیزیخوانە لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان ئاوریان لە مێژووی ئەو ڕوانگە تەواویەتخوازانەیە دایەوە کە دەسەلاتە ناوەندگەراکانی ئێران بە هەموو توانایانەوە بۆ جێگیرکردنی هەولیان داوە. لەم پێوەندییەدا بەشدارانی کۆبوونەوە وێڕای ڕەخنەگرتن لەم پەلامارە میدیاییەی لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەنشینەوە کراوەتە سەر بزووتنەوەی کوردستان، پێیان وابوو ئەوە هەلگرانی ئەم جۆرە ڕوانگەیەو نکۆلیی ناوەندەکانی ئێران لە ڕاستیی فرەنەتەوەیی ئێرانە کە یەکپارچەیی ئەو وڵاتە لە مەترسی دەخەن نەک هەلگرتنی دروشمی فیدرالیزم و داواکردنی مافە نەتەوایەتییەکان لە لایەن نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران.

لەم پێوەندییەدا کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی پێی وابوو نکۆلی کردن لە ویستە ڕەواکانی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەویش لە لایەن ئەو کەس و لایەنانەی کە باس لە ئێرانێکی دیمۆکراتیک وەک جێگەرەوەی ئەم ڕێژیمە دەکەن جێگای نیگەرانیە.

لە ئاکامگیریی ئەم تەوەرەی باسەکانی کۆبوونەوەکەدا دەرگاکانی ڕاگەیاندنی حیزب و بەڕپرسانی پێوەندییە ئێرانییەکان ڕاسپێردران لە پێناوی تێگەیاندنی هەرچی زیاتری بیروڕای گشتی و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە گوتاری دیمۆکراتیک و نەتەوەیی حیزبی دیمۆکرات و بزووتنەوەی کوردستان هەوڵی زیاتر بدەن.

جێگای ئاماژەیە کۆمیتەی ناوەندی لە کوتایی ئەم کۆبوونەوەیەدا هەلویستەی لە سەر بەشداریی سەرکەوتوانەی هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بیست و چوارەمین کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست دا کرد و دیدار و چاوپێکەوتنەکانی هەیئەت و وتاری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات لەم کۆنگرەیەی دا بە بەرز نرخاند. هەر لەم بەشەی کاری کۆبوونەوەکە دا، کومیتەی ناوەندی چالاکییەکانی پێوەندیدار بە یادی ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە کوردستان و دەرەوەی وڵاتی هەڵسەنگاند.بە بروای بەشدارانی کۆبوونەوە، چالاکی و تێکۆشانی هەیئەتەکانی تایبەت بەم یادە و کومیتە و کومیسیۆن و ئۆرگانە حیزبییە پێوەندیدارەکان و ڕێکخراوە سینفییەکانی ژنان و لاوانی دیموکرات لەم بارەیەوە و بەشداریی تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و هۆگران و دۆستانی حیزبی دیموکرات و پرسی کورد لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، جێگای دەسخۆشی و پیزانینن. هەر بۆیە کومیتەی ناوەندی ڕێزی لە هەوڵ و ماندووبوونی تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب گرت.

کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کاتژمێر ٧ی ئێوارە دوای جێبەجێکردنی دەستووری کارەکانی کوتایی پێهات.

هەیئەتێکی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەمە ١٣٩١/٧/٤ (٢٥ی سێپتامبری ٢٠١٢) هەیئەتێکی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی بەڕێز کاکەمین نەجاڕ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن بەڕێز خالیدی عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و ئەندامانی ڕێبەریی حیزبەوە بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.

لەم دیدارەدا دوای بەخێرهاتنی هەیئەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن سکرتێری گشتیی حیزبەوە، بەڕێز کاکەمین نەجاڕ لەوە کە ئەم دەرفەتە بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە سەر پرسە گرنگەکانی کوردستان پێک هاتوە خۆشحالیی خۆی دەربڕی. سەرۆکی وەفدی پارتی باسیکی لە بارەی بارودۆخی سوریە و پێوەندیی لایەنە کوردەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان، پێوەندی و کێشەکانی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرسی نەتەوەیی لە ئاستی ناوچە دا و کۆمەڵێک باسی دیکەی پێوەندیدار بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی هێنایە گۆڕێ. پاشان سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەو پرسانە ، ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی باس کرد و لەسەر پێویستیی هاودەنگی و یەکیەتیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان پێی داگرتەوە. بەڕێز عەزیزی ڕایگەیاند، یەکگرتوویی و هاودەنگییی هەموو هێزە کوردییەکان لە سەر پرسە نەتەوەییەکان لە ئێستا و لە داهاتوودا دەتوانی زۆر کێشەمان بۆ چارەسەر بکا و کورد لە نێو کۆر وکۆمەڵە جیهانییەکانیش دا، جێگەو پێگەیەکی شیاو بۆ خۆی ببینێتەو. لەم دیدارە دۆستانەیەدا، هەر دوو لایەن جەختیان لەسەر چارەسەری پرسەکانی کورد لە ڕێگەی ئاشتیانەوە کردەوە و هەروەها بەبایەخەوە ئاوریان لە پێوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان دایەوە. ئەم دیدارە تا کاتژمێر ٢/٥ی دوانیوەڕۆی خایاند.

سەردانی بزووتنەوەی چاکسازیی کوردستانی سوریە لە دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر

ڕۆژی یەکشەممە ٩ی ڕەزبەر، شاندێکی بزووتنەوەی چاکسازیی کوردستانی سوریە پێکهاتوو لە بەڕێزان دوکتور لوقمان، ئەندامی دەفتەری سیاسی و جدعان علی، نوێنەری بزووتنەوە لە هەولێر، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کردو لە لایەن بەڕێزان بڕایم ئەزیزی نوێنەری حیزب لە هەولێرو حەسەن کاکیلی کادری دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب پێشوازیان لێ کرا.

لەو دیدارە دۆستانەیە دا، وێڕای بەرز نرخاندنی پێوەندیی دوو لایەنەی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و شاندی بزووتنەوەی چاکسازیی کوردستانی سوریە، هەردوو لا لە سەر درێژەدان بە پێوەندییەکانیان پێیان داگرتەوە.

و بزووتنەوەی چاکسازی، بە شێوەی گشتی بارودۆخی ڕۆژاوای کوردستان هەلوێستەی لە سەر کرا و ڕووداوەکانی سوریە و لە لایەکی دیکەش هاوکاری و تەبایی و یەکریزیی هێزەکانی ڕۆژاوای کوردستان لە پێناو وەدیهاتن و جێگیربوونی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردو ئاواتە دێرینەکانی لێک درایەوە.

هەر لەو پێوەندییە دا،لە سەر دیاریکردنی شێوەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە سوریە دوو لایەن پێکەوە بیروڕایان گۆڕیەو و لەو پێوەندییە دا،سڕاخ بوونەوەی هێزەکانی ڕۆژاوای کوردستان بە خالێکی وەرچەرخان لە قەلەم درا.

بابەتێکی دیکەی دانیشتنەکە بۆ باسکردنی لە بارودۆخی ڕۆژهەلاتی کوردستان و هێزەسیاسی یەکانی تەرخان کرا. لەو بارەیەوە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕوانگە و بۆچوونەکانی حیزبەکەی لە مەر ڕابردوو و سیاسەت و بۆچوون و ڕوانگەکانی حیزب لە بواری بەرنامە و پرینسیپە دێموکراتیکەکانی نیوخۆیی و چۆنێتی چارەسەری پرسی کورد لە پارچەکانی دیکە، بۆ شاندی میوان ڕوون کردەوە.

لە کوتایی ئەم دیدارەی نێوانی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و شاندی بزووتنەوەی چاکسازیی کوردستانی سوریە، هەردوو لا لە سەر درێژەدان بە پێوەندییەکانیان پێیان داگرتەوە.

بەڕێز خالید عەزیزی: لە سەر سیاسەتی خۆمان بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکانمان لە گەڵ حدکا بەردەوامین

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی گشتیی کادر و پێشمەرگەکانی ئەو حیزبەدا پێی لە سەر بەردەوامیی سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ چارەسەریی ناکۆکییەکانی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان و حدکا داگرتەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی چوارشەممە، ٥ ی ڕەزبەر بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لە بنکەی سەرەکیی دەفتەری سیاسیی حیزبدا بەڕێوە چوو، کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان باسی لە ڕەوتی بەرەوپێشچوون و نێوەڕۆکی دیدار و دانیشتنەکانی ئەو ماوەیە لە نێوان حدک و حدکا دا کرد. سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای ئاماژە بە گرنگیی ئەم کرانەوەیەی لەو ماوەیەدا هاتۆتە پێش، ئاماژەی بە سیاسەتی پەسندکراوی کۆنگرەکانی ١٤و ١٥ی حیزب لەم پێوەندییەدا کرد و ڕایگەیاند کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لە سیاسەتی خۆمان بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکانی لە گەڵ حدکا بەردەوام دەبێ.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بەشی زۆری بۆ وەرگرتنی ڕا و پێشنیار و بۆچوونی بەشدارانی تەرخان کرابوو، کۆمەڵێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە ڕاو و بۆچوون و سەرنجەکانی خۆیان لەو پێوەندییەدا خستە ڕوو، کە دواتر لە لایەن کاک خالیدی عەزیزی یەوە وەڵامی پرسیارەکان درایەوە و ڕوونکردنەوەی پێویست لەو بارەوە بە ئامادەبوان درا.

نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر لە گەڵ بەرپرسی مەلبەندی ٣ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆ بووەوە

ڕۆژی یەکشەممە ڕیکەوتی ١١ی ڕەزبەر، بەڕێز برایم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری هەولێری پایتەختی کوردستان، سەردانی مەلبەندی ٣ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد و لە گەل بەرپرسی مەلبەند، بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە کۆبوونەوە.

لە دانیشتنی نێوان هەردوو لا، کۆمەلێک پرس و بابەتی جۆراوجۆری وەک ڕابردووی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بنەمایەکی تێکەڵاو لە تەفاهووم و هاوکاری و ڕێز لە یەکتر گرتن بووە، باس کرا و لەو پێوەندییەدا لەسەر پەرە پێدان و بەهێزترکردنی ئەو پێوەندییە دۆستانەیە پێ داگیرایەوە.

بابەتێکی دیکەی دانیشتنەکە، بارودۆخی کورد لە پارچەکانی کوردستان بوو. لەو پێوەندییەدا، ئاماژە بە ڕووداوەکانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی نیوەڕاست و کاریگەریەکانی لە سەر بەشە کانی کوردستان هاتە گۆڕی و لەو بارەشەوە یەکریزی و تەبایی وەیەک هەلوێستیی هێزە سیاسییەکانی کورد بە مەرجی سەرەکی لە پێناوی گارانتیی مافەنەتەوەیی یەکان لێک درایەوە.

درێژەی:

بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی یەکیەتیی نەتەوەیی خویندکارانی کورد

دوای قسەکانی دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە، کلیمی سرورەی «هاوسەنگەر»پیشانی ئامادەبووان درا، کە لە لایەن یەکێتیی خویندکارانی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەرهەم هێنراوە.

لە بەباوەڕی د. ئاسۆ بزووتنەوەی خویندکاری هەمیشە بەستێنێکیش بۆ پێکەوە گرێدانەوەی تێکۆشەرانی مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات بووە و لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بەوە کرد کە پاش ئەوەی خویندکارانی کوردی زانکۆکانی ئێران لە کوتایی سیپەکان و سەرەتای چلەکانی هەتاویدا توشی ڕاوەدوونان بوون، زۆر لەوان بۆ نموونە سمایلی شەریف زادە ڕوویان لە خەباتی شۆڕشگێری کرد و لەو مەیدانەدا شەهید بوون. لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا. د. ئاسۆ ئاماژەی بەوە کرد کە هەلگرتنی ناوی زانەنەوەیی لەلایەن یەکێتییەکەوە هەر لەو کاتەدا کە پەیامێکی پیرۆز و ڕەوای تێدایە، ئەرکی ئەو یەکێتییە لەبواری هاوکاری و هاوپێوەندی لەگەڵ خویندکارانی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا و تێکۆشان بۆ پەرەپێدانی وتاری نەتەوەیی کورد لە ئێران لە بەستێنی خویندکاریدا بەتایبەت کاردکردن بۆ جێخستنی ئاسنامەی سەربەخۆی بزووتنەوەی خویندکارانی کورد قورستر دەکا. لە کۆتاییدا ئاسۆی حەسەن زادە بە دیوای ئەوە کە یەکێتیی نەتەوەیی خویندکارانی کورد بە بەرچاووروونیی ئەواوەوە نەخشی خۆی لە مەیدانی بزووتنەوەی خویندکاری و بزووتنەوەی ناسنامە خواز و دیموکراتیکی کوردیدا پێناسە بکا، ئارەزووی سەرکەوتنی کونگرەی خواست و بەرەسمی کونگرەکەی کردەوە.

بە بارەوری د. ئاسۆ بزووتنەوەی خویندکاری هەمیشە بەستێنێکیش بۆ پێکەوە گرێدانەوەی تێکۆشەرانی مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات بووە و لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بەوە کرد کە پاش ئەوەی خویندکارانی کوردی زانکۆکانی ئێران لە کوتایی سیپەکان و سەرەتای چلەکانی هەتاویدا توشی ڕاوەدوونان بوون، زۆر لەوان بۆ نموونە سمایلی شەریف زادە ڕوویان لە خەباتی شۆڕشگێری کرد و لەو مەیدانەدا شەهید بوون. لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا. د. ئاسۆ ئاماژەی بەوە کرد کە هەلگرتنی ناوی زانەنەوەیی لەلایەن یەکێتییەکەوە هەر لەو کاتەدا کە پەیامێکی پیرۆز و ڕەوای تێدایە، ئەرکی ئەو یەکێتییە لەبواری هاوکاری و هاوپێوەندی لەگەڵ خویندکارانی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا و تێکۆشان بۆ پەرەپێدانی وتاری نەتەوەیی کورد لە ئێران لە بەستێنی خویندکاریدا بەتایبەت کاردکردن بۆ جێخستنی ئاسنامەی سەربەخۆی بزووتنەوەی خویندکارانی کورد قورستر دەکا. لە کۆتاییدا ئاسۆی حەسەن زادە بە دیوای ئەوە کە یەکێتییە

لە سەر بانگهێشتی ڕەسمیی حیزبی کرێکاری بریتانیا حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی کۆنفرانسی ئەم حیزبەی کرد

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی حیزبی کرێکاری بریتانیادا

لەسەر بانگهێشتی ڕەسمیی حیزبی لیبەرپارتی بریتانیا هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەڕێز مەولود سوارە، ئەندامی ڕێبەریی حیزب و هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی بریتانیا ڕۆژی دووشەممە ١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ی زایینی، بەشداربیان لە کۆنفرانسی حیزبی لیبەر پارتی بریتانیا دا کرد.

ئەو کۆنفرانسە کە بە دروشمی « بنیات نانەوەی بریتانیا» لە شاری مەنچستەر بەڕێوە چوو، کۆنفرانسێکی ساڵانەی لیبەر پارتییە کە ئەمساڵ بە بەشداری زیاتر لە ١٣٠ باڵیۆز و نوێنەرایەتی وڵاتان و هەروەها حیزب و لایەنە سۆسیاڵ دێموکراتەکان ڕێک خرابوو.

کاتژمێر ١٢و نیوی ١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ میوانداریەک لە لایەن بەشی نوێنەتەوەیی حیزبی خانەخوێ ساز کرا کە لەو میوانیدا بەشێکی بەرچاو لە وەزیرانی دەسەڵاتی سێبەر بەشدار بوون و لەلایەن بەڕێز داگلاس ئەلیکساندر، ئەندامی پارلمانی بریتانیا و وەزیری دەرەوەی (سێبەر) بەخێرهاتنی میوانان کرا.

بەڕێز داگلاس لەسەر حیزبی لیبەرپارتی و هەڵبژاردنەکانی ئەو حیزبە وتی: پێویستە حیزبەکەمان پێداچوونەوەیەک بە سیاسەت و بۆچوونەکانی خۆیدا و هەروەها شێوەی هەڵبژاردن، سیاسەت و ڕوانگەکانمان دا بکاتەوە. بەڕێز داگلاس لە بەشێکی تری قسەکانی دا سەبارەت بە بەشداریی باڵیۆز و نوێنەرایەتیی حکومەت و حیزب و ڕێکخراوەکان وتی: بەشداریی ئێوەی بەڕێز دەرفەتێکە بۆ لێک نزیک بوونەوە، بۆ ئاڵوگۆری دیدو بۆچوونەکانمان سەبارەت بە گۆڕانەکان لە داهاتوو و هاوئاهەنگی و هاوکاریی نێوان ئەحزابی سۆسیاڵ دێموکرات لە چونێتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ قەیرانە نێودەوڵەتییەکاندا.

خاتوو هاریەت هارمن ئەندامی پارلمانی بریتانیا و جێگری سەرۆک وەزیران لە حکومەتی سێبەر، بەکێکی دیکە لە قسەکەرانی ڕۆژی یەکەمی ئەو میوانداریە بوو، کە ئەویش تێشکی خستە سەر وتەکانی بەڕێز داگلاس ئەلیکساندر و خۆشحاڵی خۆی لە بەشداری میوانان دەربڕی.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی یەکەمی ئەم کنفرانسەدا چاوپان بە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی پارلمان و کاربەدەستانی ئەو وڵاتە کەوت. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دریژەی بەشداری لەو میواندارییەدا چاوی بەهەریەک لەبەڕێزان داگلاس ئەلیکساندر، وەزیری دەرەوەی حکومەتی سێبەر کەوت و سەبارەت بە ئاڵوگۆرەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئێران و هەروەها ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوان، هاوکات لە پەراوێزی چاوپێکەوتنەکە دا کتێبی «پیاوکوژانی کۆشکی فیروزە»ی پێشکەشی بەڕێزیان کرد.

لە دریژەی ئەم دیدارو چاوپێکەوتنانەدا، بەڕێز کاک خالید عەزیزی چاوی بە هەریەک لە بەڕێزان ئیفان لویس، ئەندامی پارلمانی بریتانیا و وەزیری گەشە پێدان بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و هەروەها بەڕێز ئین لوکوس، ئەندامی پارلەمانی بریتانیا و وەزیر لە کابینەی سێبەر بۆ کاروباری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوین کەوت و لەسەر ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا و بۆچوونەکانی حیزبی دیموکراتی لەگەڵ هینانە بەرباس.

بەڕێز کاک خالیدی عەزیزی و هەیئەتی بەشداری حیزب لە پەراوێزی دانیشتنەکاندا لەگەڵ هەیئەتی حیزبی کارگەر لە ئیرلەند (دوبلین) بەڕێزان:

برایان مەکدوویل، جیمز کەنەدی، دەبفید لیچ، جۆن لۆنس، خاتوو مەکس مەکفی، کلیر پاوەر و جاک وال دیدارو چاوپێکەوتنیان کرد. پێویست بە ئاماژەیە کە بەشێک لەو بەڕێزانە لە کۆنگرەی ٢٤ی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست دا بەشدار بوون و ئەو چاوپێکەوتنە دیدار نوێ کردنەوە بوو لەگەڵیان دا.

هەر لە دریژە ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانە دا سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بەڕێز جۆ بیلینگهام، بەڕپرسی نێونەتەوەیی حیزبی کارگەری بریتانیا دیداری کرد و چەندین تەوەری گرینگ کەوتە بەرباس و ڕاویژ.

پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ و کاتژمێر ٤ بۆ ٥ی ئێوارە لە یەکێک لە سالۆنەکانی کۆنفرانس، حیزبی کرێکاری بریتانیا کۆبوونەوەیەکی لەسەر چۆنیەتی شێوازەکانی هەڵبژاردن و هەروەها بەرەپێدان و ڕاهێنان و پەروەردەکردنی ئەندامەکانیان لە زمینە جۆراوجۆرەکاندا پێشکەش کرد. ئەوە جگە لە ڕاپورتێکی تیرۆتەسەل کە بە ئامێری سینەما سلاید لەسەر هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو و بەرنامە و پلانی داهاتوو و بەرنامە و پرۆگرامی حیزب بۆ ساڵی ٢٠١٥ بەشێکی تری باسەکانی ئەم سمینارە بوو.

پاشان لەلایەن بەشداربووانەوە هێندێک پرسیار لەپەیوەندی لەگەڵ هەڵبژاردن و شێوازی کاری داهاتووی ئەو حیزبە لە داهاتوو دا ئاراستەی کۆرگێر و بەڕپرسانی ئەو حیزبە کرا کە لە لایەن بەڕێوەبەرانی ئەو سمینارەوە وڵام درایەوە.

لە کوتایی ئەو سمینارەدا هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ بەڕێز گاری کێنت، ڕاوێژکاری سیاسیی کومیتەی پارلمانتاریی بریتانیا بۆ کاروباری کوردستان پێک هێنا و سەبارەت بە چەندین تەوەری جیاواز قسە و باسیان کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان میوانی ئێوارە خوانێکی نێونەتەوەیی بوو کە لەلایەن لیبەرپارتیەوە ساز کرا بوو



ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە لەیەکێک لەسالۆنەکانی کۆنفراسی لیبەرپارتی، بە بەشداری هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب بۆ بەشداران و میوانانی کۆنفراسی سالانەی ئەو پارتە، ئێوارەخوانێکی نێونەتەوەیی ساز کرا.

پاش بەخێرهاتنی میوانان لەلایەن بەڕێز خاتوو هاریەت هارمن، ئەندامی پارلمانی بریتانیا و جێگری سەرۆک وەزیران، ناوبراو داوای لەبەڕێز ئید میلیباند، سەرۆکی لیبەرپارتی کرد کە وتەکانی پێشکەش بکات.

پاشان بەڕێز میلیباند لە وتەیەکی کورت دا لەگەڵ بەخێرهاتنی دووبارەی میوانان، سوپاس و پێزانینی لیبەرپارتی پێشکەشی میوانانی نێونەتەوەیی کرد بۆ بەشداریان لەو کنفرانسە دا.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا ڕێزی لە پەیوەندی حیزبەکەی و پارت و ڕێکخراوە دەستە خۆشەکەکانی پارتەکەی گرت و بە گرینگ وەسفی کرد و ڕایگەیاند کە بە بی هاریکاریی نیوانمان، چ وەک وڵات و چ وەک پارت و ڕێکخراو سوسیاڵ دیموکراتەکان، دژایەتی لەگەڵ تیرۆر و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەژاری و پیس بوونی ژینگە کاریکی ئەستەمە. بۆ دەسەڵاتێکی سەرکەوتوو، بوونی ئەو پەیوەندی و دۆستایەتییانە زۆر گرینگ و کاریگەرە و دەکری بنیاتی داهاتوویەکی گەشتری لە سەر بنری.

دوای ئەواو بوونی وتەکانی بەڕێز ئید، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێزان کاک خالید عەزیزی و مەولود سوارە، لە نزیکەوە چاویان بە پێی کەوت و لەگەڵ دەسخۆشی و پیرۆزبایی بۆ وتە بە نرخەکانی لە کۆنفرانسە دا، کتێبی «پیاوکووژانی کۆشکی فیروزە» لە نوسینی ڕۆیا حەکاکیان کە لە سەر تیرۆری میکونوس نووسراوە پێشکەشی بەڕێزیان کرا.

هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە میانەی ئێوارە خوانەکەدا چەندین دیدارو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ میوانانی بەشدار بوو ئەنجام دا کە بەشێکیان بریتی بوون لە:

هەیئەتی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان
هەیئەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
هەیئەتی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان

بەڕێزان:

هۆراکۆ فیرناندیس پالاچیۆ، باڵوێزی ئارژانتین لە لەندەن
خاتوو ڕیبۆن ئەیۆمی مۆشۆلی، بەڕپرسی پەیوەندییە نێونەتەوەیی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقای باشوور.
خاتوو دوکتۆر هیلە مایەت تایوای، ئەندامی پارلمان لە وڵاتی میانمار.

لە سەرجەم ئەو چاوپێکەوتنانە دا، وێرای دیدار تازە کردنەوە، بارودۆخی گەلی کورد بە گشتی و کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، تەوەری سەرەکی باس و خواسەکان بوو.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٠ ساڵەی تێڕۆری میکۆنووس دا سپاسی خەڵکی کوردستانی گەیاندە کۆنسوولگەریی وڵاتی ئاڵمان

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دانیشتنی ئەو لە گەڵ کۆنسوولی وڵاتی ئاڵمان چەند بابەتێکی تایبەتییان تاوتوی کرد.

ڕۆژی پێنج شەممە ٤ی ڕەزبەر هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرشتی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ بەڕێز برایم زیوەیی، نوێنەری حیزب لە هەڤلێری پایتەختی هەرێمی کوردستان سەردانی کۆنسولی گشتیی وڵاتی «ئەڵمان» یان لە هەولێر کردو لە لایەن «ڕولف ئۆل ریش» سەرکۆنسولی ئەم وڵاتە پێشوازیان لی کرا.

لە سەرەتای ئەم سەردانەدا بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزب بە بۆنەی بیستەمین ساڵوەگەری تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی سپاس و پێزانینی حیزبی دیموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێشکەشی خەڵکی ئەڵمان و دەوڵەتی ئەڵمان و بە تایبەتی سیستەمی قەزایی ئەو وڵاتە کرد کە بە هەڵویستی لیبراوانەو سەربەخۆخوازانەی خۆی بە بێ لەبەر چاوگرتنی بەڕژەوەندیە ئابووری و بازرگانیەکان بڕیاری حوکمی خۆی داو جیبەجێکارانی ئەو کردەوە دژە کۆمەڵیە تیرۆریستییەیان بە بیرو ڕای گشتی ڕاگەیاند.

دواتریش دوو لایەن لە سەر هەندی بابەتی پەیوەندیدار بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بارودۆخی کوردستانی ئێران و چەندو چۆنی سیناریۆیەکانی داهاتووی ئێران و کوردستان و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست و بە تایبەت سوریە و ڕۆژئاوای کوردستان و کاریگەریەکان لە سەر ئێران و کوردستان بیروڕایان گۆڕییەوە.

هەر لەم دانیشتنەی هەیئەتی حیزب و کۆنسوولی ئاڵمان بارودۆخی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی باشوورو کێشەی نێوان هەرێم و ناوەند هاتنە گشتی نێوان هەرێم و ناوەند هاتنە بەر باس ودوو لایەن پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی ئەڵمان و حیزبی دیموکراتی کوردستانیان پێکەوە تاوتوی کردو جێگەو پێگەی حیزب لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ئاماژەیان پێ درا .

لە کوتایی دا هەر دوو لا لە سەر ڕێگە چارەیەکی ئاشتیخوازانەی پرسی کورد هەروەها دریژەی دۆستایەتی نێوان هەردوو لا پێداگریان کرد.

بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات سمینارێک لە ژێر ناوی ئەزمونەکانی کورد بۆ چارەسەری کێشەی کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وڵاتی بریتانیا بەڕێوەچوو



ڕۆژی سێشەممە ٢ی ئۆکتۆبری٢٠١٢ی زایینی لە میدلەند هوتێل لە شاری مەنچستەر بە بەشداریی چەندین ئەندام پارلەمانی بریتانیا و سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کومەلێکی بەرچاو لە نوێنەرانی وڵاتان و حیزبەکانی جیهان بەشدار لە کۆنفرانسی ساڵانەی لیبەر پارتی، سمینارێک بۆ تاوتوێکردنی کێشەی کورد و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێک خرا.

لە سەرەتای ئەم سمینارەدا، گەری کێنت ڕاوێژکاری سیاسی لە پارلمانی بریتانیا، وەک بەڕێوەبەری سمینارەکە کورتە باسێکی سەبارەت بە بابەتی کۆبوونەوەکە پێشکەش کرد. دواتر ڕوبیرت لووی سەبارەت بە پروسەی ڕزگاریی عێراق و دەوری کورد لەو پروسەیەدا و ئەزموونی ئێستای حکومەتداریی کوردستان، بە وردی دوا.

پاشان مایک گەیبس، ئەندامی پارلمانی بریتانیا و بەڕپرسی پەیوەندیە نێونەتەوەییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە پارلمان، سەبارەت بە دەوری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەو بریاری بوێرانەی ئەوکاتی وڵاتانی جیهان قسەی کرد. ئینجا جان سلینگەر لەسەر کێشەو قەیرانی سوریە لە ئێستا دا و کارتێکەریی ئەو قەیرانە لە سەر سیاسەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە داهاتوو قسەی کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەم سمینارەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێز خالید عەزیزی، لە کورتە باسێکدا تیشکی خستە سەر گرفتی وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست بە گشتی و بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بە سەردا دابەش کراوە.

بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دریژەی قسەکانی دا وتی: وڵاتانی داگیرکەری کوردستان دەبێ قەزیەی کورد وەک دەرفەت بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی سەیر بکەن، نەک وەک هەرەشە لە سەر خۆیان. هەر لەو پەیوەندییەدا بەڕێز عەزیزی گوتی کە باشووری کوردستان دەتوانی نموونەیەکی باش بێت بۆ ئەوەی لە وڵاتی فرە نەتەوەی ئێراندا کێشەی کورد چارەسەر بکری و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەوریکی باش ببینێت لە جێ خستنی بنەماکانی فیدراڵیزم لە ئێرانی داهاتودا.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، سکرتێری حیزبی دیموکرات، شەری سوورییەی بە شەری نێوان خەڵکی ئەو وڵاتە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری ئەو وڵاتە و ڕێژیمی کۆنەپەرست و تیرۆریست پەروەری ئێران ناوبرد. بەڕێزیان لە کوتایی قسەکانیدا گوتی کە لەو شەرەدا نابێت سوورییە و ئێران بڕاوە بن، ئەوەش ئەرکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یە کە دەبێ زۆر بە ڕاشکاوی پشتیوانی خەڵکی سوورییە بن.

لەکوتایی ئەو سمینارە دا کە نزیکەی ٢ کاتژمێری خایاند، هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری ئەم حیزبە سەرپەرستیی دەکرد، چاوی بە بەڕێز مایک گەیبس، ئەندامی پارلمانی بریتانیا و بەڕپرسی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە پارلمان کەوت و لیستی زیندانیانی سیاسی لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢ کە لەلایەن کومیتەی مافی مرۆڤی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە ئامادە کرابوو پێشکەشی بەڕێزیان کرد.

پاشان دیدارو چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز سیرکان کارمان ئۆغلو، سکرتێری دووهەمی باڵیۆزخانەی تورکیە پێک هات.

جێگەی ئاماژەیە کە بەڕێز مەولود سوارە نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا و هەیئەتێکی کومیتەی حیزب لەو وڵاتە هاوڕێیەتی سکرتێری گشتیی حیزبیان دەکرد.

سمینارێک لە بارەی پرسە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی کۆنگرەی پارتی کرێکاری بریتانیادا

لە سەر بانگهێشتی فەرمیی پارتی کرێکاران، هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەسەرپەرستیی بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب لە ٢ ڕۆژی ئەو کۆنفرانسە کە بە ڕۆژی نێونەتەوەیی کۆنفرانس ناودیر کراوە، واتە ڕۆژەکانی ١و ٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ بەشدار بوون.

پاش نیوەڕۆی ٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢،کاتژمێر ٢، بەڕێز ئید میلیباند سەرۆکی لیبەرپارتی، تیشکی خستە سەر ساختاری کاری دەوڵەتیی حیزبی محافزەکار و ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی بە لاواز بوونی ئەو حیزبە لەبەرێوەبەریی وڵاتدا کرد. بەڕێزیان لەکوتایی قسەکانی دا وتی کە پێویستە ئێمە هەموو پێکەوە بریتانیا سەرلە نوێ بنیاد بنێینەوە.

سمینار سەبارەت بە پرسە نێونەتەوەیەکان

کاتژمێری ٤ بۆ ٥ و نیوی هەمان ڕۆژ لە ساڵونی ژمارە ٩ی کۆنفرانسی لیبەر پارتی سیمناریک سەبارەت بە پرسە نیودەوڵەتییەکان دەستی پێکرد.

ئەم سمیناڕە کە لە لایەن مایکل کاشمن ئەندامی پارلمانی ئەروپا و بەڕپرسی پەکەم بەرێوە چوو، هەر یەک لە بەڕێزان: داگلاس ئلیکساندر وەزیری دەرەوەی بریتانیا (لە دەسەڵاتی سێبەر)

جیم مۆرفی وەزیری بەرگری (لەحکومەتی سێبەر)
خاتو ئیما مەنهۆلس وەزیری کاروباری ئەروپا (لە حکومەتی سێبەر)

ئیفان لویس ئەندامی پارلمانی بریتانیا و وەزیری گەشە پێدان بۆ کاروباری نێودەوڵەتی (لەحکومەتی سێبەر) وەک پانێل گیر بەشداریان تیدا کرد.

لەکۆبوونەوەیە دا نوێنەر و باڵیۆزی وڵاتانی جیهان و هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزبە داوات کراوەکان بەشدار بوون و بە هێنانە گۆری باسی ئێران، سەرنجی کاربەدەستانی حیزبی کاریان بۆ مەسەلەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێران ڕاکێشا و جەخت لەوە کرایەوە کە ئابی کێشەی ناوکیی ئێران ببێتە هۆی ئەوە کە ئەو بابەتانەی کە پێوەندیان بە مافەکانی مرۆڤ و خەڵکەوە هەیە لە پەراوێز بخرێ.

لە بەشی کوتایی سمیناڕەکە دا چەندین پرسیار لەلایەن باڵیۆز و دیپلۆماتکار و بەشداراناوە ئاراستەی کورگێران کرا و وڵام درانەوە.

پێویست بە وتنە کە هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزب لە بریتانیا چاوی بەهەریەک لە بەڕێزان: ئیفان لویس ئەندامی پارلمانی بریتانیا و وەزیری گەشە پێدان بۆ کاروباری نێودەوڵەتی (لە حکومەتی سێبەر) و خاتو ئیما مەنهۆلس وەزیری کاروباری ئەروپا (لە سێبەر) کەوت و چەندین تەوەری جیاواز کەوتنە بەر باس و وتوێژ و هاوکات لیستی شەش مانگی ٢٠١٢ی کومیتەی مافی مرۆڤی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەمەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەکوردستان ئامادە کراوە پێشکەش بەو بەڕێزانە کرا.

جێگای ئاماژەیە کە هەریەکە لە بەڕێزان کاک مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەریی حیزب، کاک ڕزگار قادر زادە و کاک فەریدونی مەعروفی هاوڕێیەتیی سکرتێری گشتیی حیزبیان لەکۆنفرانسی ساڵانەی لیبەرپارتی دەکرد.

پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی پێکهاتنی کونگرەی یەکەمی «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» لە ڕۆژهەلاتی کوردستان

حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

بەشدارانی بەڕێزی کونگرە !
میوانە بەڕێزەکان!
خوێندکارانی خۆشەویست!

لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بە بۆنەی بەستنی یەکەمین کونگرەی «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» گەرمترین پیرۆزبایینان پێشکەش دەکەم و هیوادارم بە سەرکەوتوویی کونگرەکەتان کۆتایی بە کارەکانی بینێ.

خوێندکارانی تێکۆشەر!
کونگرەکەتان لە کاتێکدا دەبەسترێ کە ڕۆژهەلاتی کوردوەڕست و ناوچەکە، بە دۆخێکی ئاڵوزدا تێپەڕ دەبێ، ئێران و هاوپەیمانەکانی ڕووبەڕووی قەیرانی قووڵی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بوونەوە. کێشەی ئەتۆمیی ئێران لەو کێشە و گرفتە چارەسەر نەکراوانەیە کە کۆمەڵگای نیودەوڵەتی تا ئێستاش هەوڵی داوە لە ڕێگای هێمنانە و ئاشتیخوازانەوە چارەسەرییان بکا، بەڵام کۆماری ئیسلامی هەر وا سەرەڕۆیانە، بە بێ ڕیزدانان بۆ داوا و ویست و داخوازەکانی بیروڕای گشتی هەوڵ دەدا بە خیرایی بەرنامەکانی جێبەجێ بکا. هەر بۆیەشە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی گەمارۆ گەلێکی زۆریان خستۆتە سەر چەندین دامەزراوە و بنیات و بانک و شیرکەت ، بۆ پەک خستنی کارەکانی لە بواری بەرهەمهێنانی چەکی ناوکیدا و هەروەها هەوڵ دەدەن زیاتر گەمارۆی بدەن. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیم ڕووبەڕووی قەیرانێکی زۆری ئابووری بێتەوە. ئاوسانی دراوی، گرانی و بێکاریی سەرسوڕهێنەر، گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان ڕێژیمیان توشی تەنگانە کردوە. ڕۆژ لە گەل ڕۆژ زەبروزەنگ و توندو تێژی و گرتن و ئەشکەنجەی ئازادیخوازان و جیابیران پەرەدەستێنی، نەبوونی ئازادی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، مەحکووم کردنی دژبەران بە ئیعدام و بەریوەبردنی سزای ئیعدام و حوکمی زاڵمانە، کۆمەڵگای نیونەتەوەیی و ڕێکخراوەکانی چاوەدێری مافی مرۆڤ و خەڵکی بەش مەینەت و وەزاڵەهاتووی ئێرانی لە هەموو کاتێک زیاتر ئێرانی و پەروش کردوە. سەرەڕای ئەمانە ئەم ڕێژیمە لە هاوکاری کردن و یارمەتیدانی تاقم و گرووپە تیرۆریستەکان لە ناوچەکەدا بەردەوامە. لە لایەکی دیکە تەواوی هێزو توانای خۆی بۆ پاراستن و مانەوەی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە سوریە وەگەڕ خستووە. ئەوەش کە فەرماندەی سپای پاسداران ڕادەگەیەنی کە شەڕ لە گەل ئیسرائیل شتێکی تەمەییە و گەرانەوەی نیە ئەو نیگەرانیەی زیاتر کردوە. لە هەلومەرجێکی ئاوا ئاڵوزی ناوچەکەدا نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵک لە پێناوی دیموکراسی و ئازادی و مافەڕەواکانیاندا بە خیرایی لە پەرەستاندن دایە. لە دوو ساڵی ڕابردوودا شاهیدی ڕووخانی چەندین دەسەڵاتی دیکتاتوری بووین و دەسەڵاتەکان دەستاودەست کراون. لەوبڕگە ئاڵوزە لە مێژووی ناوچەکەدا حیزب و لایەنە سیاسییەکان بە گشتی و لاوان و خوێندکاران بە تایبەتی وەک تۆیژێکی ڕووناکبیر کە زیاتر لە هەر کەس و لایەنێک بوونە قوربانی و مافەکانیان لە بەر چاو نەگیراوە و سەرکوت کراون لە سەر خستنی ئەو پرۆسەیەدا بۆ ڕامالینی سەرەڕۆیی و زۆرداریی ڕێژیمی کۆنەپەرەست و دژی ئازادیی ئێران ئەرکی گەورەو گرانیان لە سەر شانە. لەم هەلومەرجەدا زیاتر لە هەر کاتێک وشیاریی سیاسی و خۆڕێکخستن و ئامادەیی پیوەستە.لەوبوارە دا لاوان و خوێندکاران هەمیشە دەستەچێلەی شۆڕش بوون و لە فیداکاری و گیانبازیدا لە ڕێزی پێشەوە بوون.

خوێندکارە بەڕێزەکان!

بزووتنەوەی خوێندکاری مێژوویەکی دوور و درێژی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە. بۆ دەیەی ٢٠ی هەتاوی و لە زۆر ڕووداوی چارەنووسسازدا بەشداری کردوە.

ئەم بزووتنەوەیە لە سەرەڕویی ڕێژیمی پاشایەتیدا بوو بە جێگای نیگەرانیی ئەو ڕێژیمە، و لەزۆر قۆناغیشدا تووشی هەوڕازو نشێو بۆتەوە و پاشەکشەی پێ کراوە، بەڵام ئائومید نەبووە و سەری هەڵداوەتەوە.

بزووتنەوەی خوێندکاری جاریکی دیکە لە کۆتاییەکانی دەیەی چل و سەرەتای دەیەی پەنجای هەتاوی و لە ژێر کاریگەریی گوتاری چەپی مارکسیستی و ڕادیکاڵدا، لە ڕیکخراوە چریکییەکاندا و بە شێوەی خەباتی چەکداری خۆی ڕیکخستەوە و پێی نایە قۆناغێکی نوێ. لە کوردستان و لەو سەردەمە دا لە نێو بزووتنەوەی خوێندکاری سەرانسەری-دا، خوێندکارانی چەپی مارکسیستی کورد کەم نەبوون کە بە هەستی نەتەوەییەوە هاتنە نێو گوڕەپانی خەباتی چەکداریی جوولانەوەی ساڵەکانی ١٣٤٦ – ١٣٤٧ هەتاوی، کەسانێکی ڕووناکبیر وەک شەهید سمایل شەریفزادە و هاوڕێکانی، بە خەباتی چەکداری بە شێوەی پارتیزانی بەرەو ڕووی ڕێژیمی حەمەرەزا شا بوونەوە و سەرئەنجام لە ڕێگای ژێر ناوی «شۆڕشی فەرهەنگی»دا لە گەل بەربەرەکانی خوێناویی لە لایەن مامۆستایان و خوێندکارانەوە بەرەو ڕوو بوو کە ٣ ڕۆژی خایاند، سەرئەنجام ڕێژیم لە ژێر ناوی «شۆڕشی فەرهەنگی» دا بۆ ماوەی ٣ ساڵ دەرگای زانکۆکانی داخست و بە هەزاران مامۆستا و خوێندکاری لە سەر کار لابرد و پاکسازی کردن و بە دەستپەردانی نیوەڕۆکی کتێب و سەرچاوە عیلمییەکان و پێ نیوەڕۆک کردنی کتێبە دەرسییەکان زەبەرێکی قورسی لە زانست و زانکۆکاندا.

پاش کرانەوەی زانکۆکان ڕێژیم بە خەیاڵی ئەوەو بوو کە هەموو شتێک بە مەیل و ئارەزووی ئەوان دەچێتە پێش. بەڵام ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو کە چالاکیی خوێندکاران سەر لە نوی سەری هەڵدایەوە. لە قۆناغی سەرکوماریی سەید محەممەد خاتەمی و لە ئاکامی چالاکتر بوونی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکدا، زانستگاکان بە کەلک وەرگرتن لەو بەستێنەی کە پێشتر ڕەخسا بوو، دیسان بوونەوە بە سەنگەری ئازادی و دژایەتی لە گەل کۆنەپەرستی و سەرەڕۆیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، چڵەپۆپەی خەباتی خوێندکاران ڕۆژانی ١٨ تا ٢٣ی پووشپەری ساڵی ١٣٧٨ ی هەتاوی لە زانکۆی تاران بوو کە خوێندکاران بە نیشانەی نارازایەتی دەربڕین لە داخرانی ڕۆژنامەی «سلام» و پەسند کرانی گەلاڵەی یاسای چاپەمەنی لە مەجلیسدا خۆپیشاندان و و ڕێپێوانیان وەری خست بەڵام لە نیوە شەوی ١٨ی پووشپەر و لە کاتێکدا خەتوبوون زیاتر لە دوو هەزار پولیس و بەکریگیراو لە ژێر ناوی تاقمی فشاردا هێرشیان کردە سەر «کوی دانشگاه» و دەستیان کرد بە لێدان و گرتنی خوێندکاران کە لەو هێرشەدا زیاتر لە هەزار خوێندکار بریندار بوون و نیوە گیان کران، کە ئەوە بوو بە هۆی دەربڕینی نارەزایەتیی خەڵک و وەک ئیعتراز بەم کردەوە دژی مرۆڤانەیە، زۆربەی زانکۆکانی ئێران داخران.

لە هەڵبژاردنی دەورەی دەهەمی سەرکۆماریی ڕێژیم لە ئێران لە ساڵی ١٣٨٨ی هەتاویدا کاتێک خەڵک دێتی ڕێژیم بە قازانجی کاندیدای دەسەڵات واتە ئەحمەدی نژاد دەنگەکانی میرحوسینی مووسەویی دزێ و فێڵ و تەزویرێکی ئاوا ئاشکرا لە لایەن وەزارەتی نیوخۆوە کرا، خەڵک بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین لەو کردەوەیە هاتنە سەر شەقام و داوای دەنگەکانی خۆیان کردەوە، لەو حەرەکەتە ئیعترازییەشدا خوێندکاران هێزی ڕیزی پێشەوە و بزوێنەر بوون، جارێکی دیکە بوونەوە بە پێشەنگی ڕێپێوانەکان دژ بە فێل و دروێیەی ڕێژیم لە هەڵبژاردن دا . کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی ئەو نارەزایەتییانە زۆر بێ شەرمانە دەستی کرد بە کوشتن و گرتن و ئەشکەنجەی نارازیان کە بەشی زۆری قوربانییەکان ئەوانەی شەهید بوون و گیران و ئەشکەنجە کران، خوێندکاران بوون و لە نێو ئەوانیشدا خوێندکارانی کورد بەرچاو دەکەوتن.

بەشدارانی بەڕێزی کونگرە!

خاڵی سەرنجڕاکێش لە حەرەکەتە خوێندکارییەکانی ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا، حەزووری چالاکانەی خوێندکارانی کورد لەو حەرەکەتانە دا بووە. لەمەش گرینگتر ئەوەیە کە خوێندکارانی کورد هەوڵیان داوە لە دەنگ و ڕەنگی نەتەوەیی خویانەوە بەشداری چالاکییە خوێندکارییەکان بن. ئەمە دریژەی هەمان ڕەسالەتە کە سمایل شەریفزادەی پێشەنگ و هاوڕێکانی لە دەیەی چلی هەتاوی دا دەست نیشانیان کرد. جێگای خۆشحاڵی و شانازییە کە ئەمڕۆ خوێندکاری کورد بە شوێن شوناسی نەتەوەیی خۆی و ئامانجی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەیدا دەڕوا و لە بەشداریکردن و هاوڕێیەتی کردنی بزووتنەوەی خوێندکاریی سەرانسەریدا، بەر لە هەموو شتێک لە سۆنگەی ئەم حەرەکەتانەدا، لە بەر چاو دەگرێ.

خوێندکاران لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکدا لە بەرامبەر زوڵم و سەرەڕۆییدا وەستاونەوە. ئیستاش زانکۆکان و خوێندکاران وەک مەکۆی سەرهەڵدان و بەرخودان چاوەڕوانی هەڵێکی دیکە دەکەن بۆ ئەوەی لە دژی دیکتاتوری و زۆرداری ڕاپەڕن.

خوێندکارانی کورد کە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتی میللی دیموکراتیکی نەتەوەکەمان دا شان بەشانی چین و تۆیژەکانی دیکە کۆمەڵگای کوردستان لە خەباتدا بوون. ڕەسالەت و ئەرکی ئەوان زیاتر لەوانی دیکە بووە و نەخش و دەوریان لە ڕێبەری کردن و پێشخستنی ئەو خەباتەدا بەرچاو بووە. بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان شانازی بەوە دەکەن کە بەشێکی دیارو بەرچاو لە خەباتکاران و تێکۆشەرانیان لە خوێندکاران پێک هاتوون، ئێوە نمونەیەکی دیارو جێگای ئومێد، لەو خوێندکارانەن کە ئەمڕۆ لە ژێر ناوی «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» لە ڕیکخراوی سینفی خوتان دا لە ژێر دروشمی «خوێندکاران دەنگی نەسرەوتووی مافی دیاریکردنی چارەنووسن» و لە «پێناوی وەسەریەکخستنی توانا‌کانی خوێندکاران و ئاراستە کردنیان بەرەو ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد» دا یەکەم کونگرەی خۆتان دەبەستن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هیوا و گەشبینیەوە دەروانیتە ئەم کونگرەیە و ئاکامەکانی و ، بۆ بەرەو پێش چوون و سەرخستنی یەکیەتی-یەکەتان و پڕوژە و بەرنامەکانتان لە گەلتانەو پشتیوانیتان لێی دەگا و لە هیچ یارمەتیەک و پشتیوانیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانتان دریغی ناکا .

سەرکەوتوو بێ خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی مافە ڕەواکانیدا .

سلاو لە بەشداری و هاوبەشیی خوێندکارانی کورد لە خەباتی ڕەوا و ڕزگاریخوازانەی نەتەوە بندەستەکەیاندا.

سەرکەوتن بۆ کونگرەی یەکەمی «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد»

دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان
٦ ی ڕەزبەری ١٣٩١ ی هەتاوی
٢٧ی سپتامبری ٢٠١٢ زایینی

تایبەتمەندی و جیاوازیی جوولانەوەی خوێندکاری لە گەڵ گرووپ و ڕێکخراوەکانی دیکە لەوەدایە کە خوێندکاران هەوڵ نادەن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەڵکوو تێدەکۆشن لە ڕێگای بەکارهێنانی گوشار بۆ سەر دەسەڵات و زۆر جاریش لە ڕاستای ئەم ئامانجە و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگادا بەربەرەکانی حیزبەکانیش دەکەن

خوێندکاران بە هاتنە نیو کێشە سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا، وەک هێزێکی بەتوانا و شۆڕشگیر و گوڕانخواز دەردەکەون. گوران لە ئاستی فکرو ئەندیشەوە تا گوڕانی بونیادە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕووی سیاسی ئابووری و فەرهەنگی و تەنانەت ئەرزشیەوەش.

تایبەتمەندی و جیاوازیی جوولانەوەی خوێندکاری لە گەل گرووپ و ڕێکخراوەکانی دیکە لەوەدایە کە خوێندکاران هەوڵ نادەن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەڵکوو تێدەکۆشن لە ڕێگای بەکارهێنانی گوشار بۆ سەر دەسەڵات و زۆر جاریش لە ڕاستای ئەم ئامانجە و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگادا بەربەرەکانی حیزبەکانیش دەکەن.

بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێراندا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی ٢٠ی هەتاوی و لە زۆر ڕووداوی چارەنووسسازدا بەشداری کردوە.

ئەم بزووتنەوەیە لە سەرەڕویی ڕێژیمی پاشایەتیدا بوو بە جێگای نیگەرانیی ئەو ڕێژیمە، و لەزۆر قۆناغیشدا تووشی هەوڕازو نشێو بۆتەوە و پاشەکشەی پێ کراوە، بەڵام نائومید نەبووە و سەری هەڵداوەتەوە.

بزووتنەوەی خوێندکاری جاریکی دیکە لە کۆتاییەکانی دەیەی چل و سەرەتای دەیەی پەنجای هەتاوی و لە ژێر کاریگەریی گوتاری چەپی مارکسیستی و ڕادیکاڵدا، لە ڕیکخراوە چریکییەکاندا و بە شێوەی خەباتی چەکداری خۆی ڕیکخستەوە و پێی نایە قۆناغێکی نوێ. لە کوردستان و لەو سەردەمە دا لە نێو بزووتنەوەی خوێندکاری سەرانسەری-دا، خوێندکارانی چەپی مارکسیستی کورد کەم نەبوون کە بە هەستی نەتەوەییەوە هاتنە نێو گوڕەپانی خەباتی چەکداریی جوولانەوەی ساڵەکانی ١٣٤٦ – ١٣٤٧ هەتاوی، کەسانێکی ڕووناکبیر وەک شەهید سمایل شەریفزادە و هاوڕێکانی، بە خەباتی چەکداری بە شێوەی پارتیزانی بەرەو ڕووی ڕێژیمی حەمەرەزا شا بوونەوە و سەرئەنجام لە ڕێگای ژێر ناوی «شۆڕشی فەرهەنگی»دا لە گەل بەربەرەکانی خوێناویی لە لایەن مامۆستایان و خوێندکارانەوە بەرەو ڕوو بوو کە ٣ ڕۆژی خایاند، سەرئەنجام ڕێژیم لە ژێر ناوی «شۆڕشی فەرهەنگی» دا بۆ ماوەی ٣ ساڵ دەرگای زانکۆکانی داخست و بە هەزاران مامۆستا و خوێندکاری لە سەر کار لابرد و پاکسازی کردن و بە دەستپەردانی نیوەڕۆکی کتێب و سەرچاوە عیلمییەکان و پێ نیوەڕۆک کردنی کتێبە دەرسییەکان زەبەرێکی قورسی لە زانست و زانکۆکاندا.

پاش کرانەوەی زانکۆکان ڕێژیم بە خەیاڵی ئەوەو بوو کە هەموو شتێک بە مەیل و ئارەزووی ئەوان دەچێتە پێش. بەڵام ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو کە چالاکیی خوێندکاران سەر لە نوی سەری هەڵدایەوە. لە قۆناغی سەرکوماریی سەید محەممەد خاتەمی و لە ئاکامی چالاکتر بوونی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکدا، زانستگاکان بە کەلک وەرگرتن لەو بەستێنەی کە پێشتر ڕەخسا بوو، دیسان بوونەوە بە سەنگەری ئازادی و دژایەتی لە گەل کۆنەپەرستی و سەرەڕۆیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، چڵەپۆپەی خەباتی خوێندکاران ڕۆژانی ١٨ تا ٢٣ی پووشپەری ساڵی ١٣٧٨ ی هەتاوی لە زانکۆی تاران بوو کە خوێندکاران بە نیشانەی نارازایەتی دەربڕین لە داخرانی ڕۆژنامەی «سلام» و پەسند کرانی گەلاڵەی یاسای چاپەمەنی لە مەجلیسدا خۆپیشاندان و و ڕێپێوانیان وەری خست بەڵام لە نیوە شەوی ١٨ی پووشپەر و لە کاتێکدا خەتوبوون زیاتر لە دوو هەزار پولیس و بەکریگیراو لە ژێر ناوی تاقمی فشاردا هێرشیان کردە سەر «کوی دانشگاه» و دەستیان کرد بە لێدان و گرتنی خوێندکاران کە لەو هێرشەدا زیاتر لە هەزار خوێندکار بریندار بوون و نیوە گیان کران، کە ئەوە بوو بە هۆی دەربڕینی نارەزایەتیی خەڵک و وەک ئیعتراز بەم کردەوە دژی مرۆڤانەیە، زۆربەی زانکۆکانی ئێران داخران.

لە هەڵبژاردنی دەورەی دەهەمی سەرکۆماریی ڕێژیم لە ئێران لە ساڵی ١٣٨٨ی هەتاویدا کاتێک خەڵک دێتی ڕێژیم بە قازانجی کاندیدای دەسەڵات واتە ئەحمەدی نژاد دەنگەکانی میرحوسینی مووسەویی دزێ و فێڵ و تەزویرێکی ئاوا ئاشکرا لە لایەن وەزارەتی نیوخۆوە کرا، خەڵک بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین لەو کردەوەیە هاتنە سەر شەقام و داوای دەنگەکانی خویان کردەوە، لەو حەرەکەتە ئیعترازییەشدا خوێندکاران هێزی ڕیزی پێشەوە و بزوێنەر بوون، جارێکی دیکە بوونەوە بە پێشەنگی ڕێپێوانەکان دژ بە فێل و دروێیەی ڕێژیم لە هەڵبژاردن دا . کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی ئەو نارەزایەتییانە زۆر بێ شەرمانە دەستی کرد بە کوشتن و گرتن و ئەشکەنجەی نارازیان کە بەشی زۆری قوربانییەکان ئەوانەی شەهید بوون و گیران و ئەشکەنجە کران، خوێندکاران بوون و لە نێو ئەوانیشدا خوێندکارانی کورد بەرچاو دەکەوتن.

بەشدارانی بەڕێزی کونگرە!

خاڵی سەرنجڕاکێش لە حەرەکەتە خوێندکارییەکانی ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا، حەزووری چالاکانەی خوێندکارانی کورد لەو حەرەکەتانە دا بووە. لەمەش گرینگتر ئەوەیە کە خوێندکارانی کورد هەوڵیان داوە لە دەنگ و ڕەنگی نەتەوەیی خویانەوە بەشداری چالاکییە خوێندکارییەکان بن. ئەمە دریژەی هەمان ڕەسالەتە کە سمایل شەریفزادەی پێشەنگ و هاوڕێکانی لە دەیەی چلی هەتاوی دا دەست نیشانیان کرد. جێگای خۆشحاڵی و شانازییە کە ئەمڕۆ خوێندکاری کورد بە شوێن شوناسی نەتەوەیی خۆی و ئامانجی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەیدا دەڕوا و لە بەشداریکردن و هاوڕێیەتی کردنی بزووتنەوەی خوێندکارییە سەرانسەریدا، بەر لە هەموو شتێک لە سۆنگەی ئەم حەرەکەتانەدا، لە بەر چاو دەگرێ.

خوێندکاران لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکدا لە بەرامبەر زوڵم و سەرەڕۆییدا وەستاونەوە. ئیستاش زانکۆکان و خوێندکاران وەک مەکۆی سەرهەڵدان و بەرخودان چاوەڕوانی هەڵێکی دیکە دەکەن بۆ ئەوەی لە دژی دیکتاتوری و زۆرداری ڕاپەڕن.

خوێندکارانی کورد کە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتی میللی دیموکراتیکی نەتەوەکەمان دا شان بەشانی چین و تۆیژەکانی دیکە کۆمەڵگای کوردستان لە خەباتدا بوون. ڕەسالەت و ئەرکی ئەوان زیاتر لەوانی دیکە بووە و نەخش و دەوریان لە ڕێبەری کردن و پێشخستنی ئەو خەباتەدا بەرچاو بووە. بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان شانازی بەوە دەکەن کە بەشێکی دیارو بەرچاو لە خەباتکاران و تێکۆشەرانیان لە خوێندکاران پێک هاتوون، ئێوە نمونەیەکی دیارو جێگای ئومێد، لەو خوێندکارانەن کە ئەمڕۆ لە ژێر ناوی «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» لە ڕیکخراوی سینفی خوتان دا لە ژێر دروشمی «خوێندکاران دەنگی نەسرەوتووی مافی دیاریکردنی چارەنووسن» و لە «پێناوی وەسەریەکخستنی توانا‌کانی خوێندکاران و ئاراستە کردنیان بەرەو ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد» دا یەکەم کونگرەی خۆتان دەبەستن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هیوا و گەشبینیەوە دەروانیتە ئەم کونگرەیە و ئاکامەکانی و ، بۆ بەرەو پێش چوون و سەرخستنی یەکیەتی-یەکەتان و پڕوژە و بەرنامەکانتان لە گەلتانەو پشتیوانیتان لێی دەگا و لە هیچ یارمەتیەک و پشتیوانیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانتان دریغی ناکا .

سەرکەوتوو بێ خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی مافە ڕەواکانیدا .

سلاو لە بەشداری و هاوبەشیی خوێندکارانی کورد لە خەباتی ڕەوا و ڕزگاریخوازانەی نەتەوە بندەستەکەیاندا.

سەرکەوتن بۆ کونگرەی یەکەمی «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد»

دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان
٦ ی ڕەزبەری ١٣٩١ ی هەتاوی
٢٧ی سپتامبری ٢٠١٢ زایینی

یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بە بۆنەی کۆتایی کۆنگرەی یەکەمی پەیامێک بڵاو دەکاتەوە

یەکیتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لەگەڵ بەکۆتاهاتنی یەکەم کۆنگرەیان پەیامێکیان ئاراستەی ڕای گشتی کردووە کە وێنەیەکی ڕەوانەی ڕۆژهەڵات ئایمز کراوە و تێیدا هاتووە: خوێندکارانی ماف ویست و ڕزگاریخوازی کوردستان!

بە شانازییەوە پێتان ڕادەگەیەنین یەکەمین کۆنگرەی «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» لە ژێر دروشمی «خوێندکاری کورد دەنگی نەسرەوتووی مافی دیاریکردنی چارەنووس» بەرەبەیانیی ڕۆژی هەینی ٧ی ڕەزبەری ١٣٩١ پاش پەسند کردنی کۆمەڵێک بڕیار و ڕاسپاردە و داڕشتنی پڕۆگرامێکی سەردەمیانە بە مەبەستی خولقاندنی دەرفەتێکی نوێ لە بەردەم بزاڤی خوێندکاریی کوردی دا کوتایی بە کارەکانی هێنا.

گوڕانکارییە خێراکانی ناوچە و گەشەی هێزی مافخوازی و ڕزگاریخوازی نەتەوە ژێر دەستەکان، پرسی نەتەوەیی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستان زیاتر لە هەر کات کردوتە ڕۆژەف و سەرنجی بیروڕای گشتی و ناوەندە گرینگە بڕیاردەرەکانی بەرەو پرسی کورد ڕاکێشاوەو ڕەوایی زیاتری پێ بەخشیوە. هەر چەندە ئەو ڕەوایەیە لە باری حوقووقییەوە پشت ئەستوورە بە گرینگترین سەنەدە نێونەتەوەییەکان، بەڵام ئەوە حەزووری بەرفراوانی جەماوەری لە بەربەرەکانی لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکانی کوردستانە کە بەستێنی عەینی ئەو ڕەوایەتیە دەڕەخسێنێ. ئەوە وای کردوە هێزو ئیرادەی ڕزگاریخوازی بە سەر ترس و شەرم لە شۆڤێنیزمی نەتەوە باڵا دەستەکان زاڵ بێ و بێتە فاکتەرێکی کاریگەر لە هاوکێشەکان و بەڵانسی هێز بەرەو لای ئیرادەی نەتەوەیی بشکێنێتەوە.

خوێندکاران بە پێی سروشتی ئارمانجخواز بوونیان لە تۆیژە هەرە ڕادیکاڵەکانی کۆمەڵگان و داخوازییەکانیان، سنووردەکانی زانکۆ و تۆیژی خوێندکار دەبەزێنی و کۆی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دەکاتە ئامانج، واتە خوێندکاران لە بەرامبەر هەموو پرسە گرینگەکانی کۆمەڵگادا هەستیارن و بە بێ لەبەرچاو گرتنی تێبینی سیاسی هەڵویست دەگرن. ئاخیوی ئەنەوەیی زاڵ لە سەر بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردیدا کە خۆی بەرهەمی چەوساوەی نەتەوەیی و بەربەرەککەوتنی ڕۆژانەیە لەگەڵ شۆڤێنیزمی نەتەوە باڵا دەستەکان بە ڕوونی دەردەکەوێ. ئەو ڕاستییە هەم لە چالاکییەکانی خوێندکاریی کورد لە ناو زانکۆکان دا دەبینرێ و هەم لە بەشداریی چالاکیان لە بیافێ گشتیدا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە هەر کاتێک بە دەست قەیرانە ناوخۆیی هو دەرەکییەکانەوە دەناڵینێ، چوونە سەری ئاستی وشیاری و تێگەیشتوویی سیاسیی خەڵک و ڕەنگانەوەی لە نێیو زانکۆکاندا بەستێنێکی لەباری بۆ خەباتی ئازادیخوازی ڕەخساندوە.

ڕژێمی تیئۆکراتیکی کۆماری ئیسلامی لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەوڵی داوە زیاتر لە پێشوو ئەرینە بناژۆخواز و ئیدئۆلۆژێکەکانی خۆی بە سەر زانکۆدا بچەسپێنێ و بە داڕشتنی سیاسەتگەلی وەک هەڵاواردنی ڕەگەزی، سنووردار کردنی زانستە مرۆییەکان و ئیسلامیزە کردنیان، بە زۆر خانەنشین کردنی مامۆستایانی جابیبر، ئەستێردار کردنی خوێندکاران و زۆر سیاسەتی لەو چەشنە هەژموونی خۆی بە سەر زانکۆ و خوێندکاران دا بسەپێنی و پێش لە هەر چەشنە نارەزایەتییەک بگرێ. بەتاڵ کردنی زانستە ئینسانییەکان لە چەمکە ڕۆژئاواییەکان و خوماڵی کردنیای لە ڕاستای بەڕژەوەندی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی لە مەبەستی دەستەمۆ کردنی زانکۆ، دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ڕژێم تا چ ڕادەیەک خوێندکار بە مەترسی دەزانێ بۆ سەر بنەماکانی دەسەڵاتەکەی.

لەگەل هەموو ئەو ئاستەنگانە گوشار بۆ سەر خوێندکارانی کورد، بە شێوەیەکی بەرچاو زیاترە لە خوێندکارانی دیکە. سەرەڕای ئەوەش چالاکیی خوێندکاریی کورد زانکۆیان کردۆتە سەنگەری بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی و هاوکات لەگەل داخوازە سینفییەکانیان، شوناس خوازیان کردۆتە هەوێنی ئاکسیۆنە خوێندکارییەکانیان.

یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد کە لە سەرەتای ساڵی نوێی خوێندنا پێی ناوەتە گوڕەپانی خەباتی خوێندکاری، پرسی نەتەوەیی کورد بە خەمی گەورەی خوێندکارانی کورد دەزانێ و لە سەر ئەو بڕوایەیە «مافی دیاریکردنی چارەنووس» بۆ نەتەوەی کورد و هەموو نەتەوە ژێردەستەکان، مافێکی یاسایی و سەلمێتراوەو هیچ کەس و لایەنێک ناتوانی بە بیانووی پڕو پووچی وەک «جیایی خوازی» ئەو مافە لە نەتەوەکەمان زەوت بکا. یەکیەتییەکەمان لە پێناو ئەو ئامانجەدا پوتانسیەلە خوێندکارییەکان بە پێی توانا دەخاتە گەڕ و بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێ بۆ دەستەبەر کردنی ئەو مافە لە هەموو بەشەکانی کوردستان پشتیوانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بکا. هەروەها بۆ بەرەوپێش بردنی ئەو سیاسەتە هەوڵ دەدا لە هەنگاوی یەکەمدا ڕێزی ڕیکخراوە خوێندکارییەکان یەک بخا و پاشان کاریگەری دانێ لە سەر یەکیەتیی نەتەوەیی کوردان.

یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد سیاسەتەکانی ڕێژیمی توتالیتیری کۆماری ئیسلامی بۆ دەست خستنە ناو زانکۆ و بال کێشان بە سەر هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی خوێندکاران بە دەستدێرێکی بۆ سەر زانست و مەعریفەت دەزانێ و وێرای مەحکووم کردنیان، خۆی لە بەرامبەر ئەو پرسەدا بە ئەرکدار دەزانێ.

دەستەی بەڕێوەبەریی
یەکیەتیی نەتەوەیی
خوێندکارانی کورد
٨ی ڕەزبەری
١٣٩١ی هەتاوی

پشکی سوپای پاسدارانی ورمێ لە بەدیلگیراوەکانی سوپا لە سووریەدا!

ئامادە کردنی: ب.هیوا

دژ کردەوە نیشاندانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە گیرانی فەرماندەرانی سوپای پاسداران لە سووریە و درکاندنی زانیاری لە بارەی ئەو گیراوانە، تا ئێستا بە جەند قۆناغ دا تێپەڕیوە. لە سەرەتادا وترا کە ئەوانە زائیرن واتە خەلکی ئاسایین و بۆ زیارەت چوون بۆ سوریە، ئەویش لە گەرمەی شەر و پێکدادانی نێوان ڕێژیمی بەشار ئەسەد و خەلکی ئەو وڵاتە دا! دواتر کە ئەرتەشی ئازادی سوریە، هێزی چەکداری بەرەهەڵستکاری ڕێژیمی ئەسەد فیلمێکی لە داننانی گیراوەکان بە ڕابردووی کار و چالاکیی خویان لە سوپای پاسداران لە ڕاگەیەنەکان دا بڵاو کردەوە ، دەمراستەکانی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وتیان چەند کەسێک لەو گیراوانە، پێشتر لە سوپا دا کاریان کردوە بەڵام لە مێژە خانەنشین (باز نشستە) بوون وتەنیا بۆ زیارەت، چوون بۆ سوریە. ئێستا بۆ ڕاست لە نێو ئەو ئاگربارانە دا، ئەو کۆمەڵە خانە نشینکراوەی سوپا، ئێشتیای چوونە زیارەتیان کردوە؟هەر خوا خۆی دەیزانێ! سەرئەنجام وای لێهات شتەکە بۆ شاردنەوە نەدەبوو و بە ناچار فەرماندەری گشتی سوپای پاسداران محەممەد عەلی جەعفەری، گوتی بەڵێ، سوپای پاسداران لە سوریە حوزووری هەیە بەڵام بۆ ڕاوێژ و تەکبیر لە گەڵ دەولەتی سووریە، نەک بۆ مەبەستی نیزامی!

لێرە دا بە سەر هەمووی ئەو لایەنانەی مەسەلەکە دا تێپەڕ دەبین و تەنیا لە سەر لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە دەوەستین. ئەویش پشکی سوپای پاسدارانی ورمی لەو بەدیلگیراوانە و ڕابردووی کۆمەڵێک لەو فەرماندە بەدیلگیراوانەی سوپا لە کوردستان و ڕۆژئاوا لە سەرکوت و تاوان دژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە. ئەم زانیارییانە لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە تایبەتی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان هاتوون:

دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژ لە ونبوونی سەردار عابیدین خورڕەم، فەرماندەری سوپای شوهەدای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە ستاد، سەرئەنجام سەردار ئەسانلوو فەرماندەی قەرارگای حەمزەی سەیدولشوهەدا بە بڵاوکردنەوەی نامەیەکی زۆر نهێنی و سپاردنی دەسەڵاتی فەرماندەیی بە سەرهەنگ شەهسەواری، جێگری هەنگاوریکخستنی سوپای شوهەدا، دانی بە بە دیلگیرانی سەردارخورڕەم دا نا. سەردار عابیدین خورڕەم نزیکەی چوار مانگ پێش ونبوونی، دوای ئەوەی کرا بە جێنشینی سەردار شاکری، گەیشتە فەرماندەیی سوپای شوهەدای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا. ئەم فەرماندە دوورە(دوورەگە)یەی سوپا کە دایک و بابی کورد و تورکن و لە بنەچە دا خەڵکی سائینقەلایە، هەر کە سەرەتای کار لەم پۆستە نوێیەی دا، بۆ نیشاندانی خۆشخزمەتیی زیاتر، پێگەیەکی نیزامیی لە بەرزاییەکانی جاسووسان دانا. هەر لە سەرەتاوە ٤٠ کەس لە سەربازەکانی سوپای شوهەدای مەرەخەس کرد و بۆ پێگەتازەدامەزراوەکەی ناردن. ناوبراو دوای ئەوەی حوکمی مەرەخەسکردنی ١٧ ئەفسەری تازەی بە مەبەستی ناردن بۆ پێگەی جاسووسان ئیمزا کرد، لە پڕ لەبەرچاوان ون بوو. دەنگوی زۆر لە بارەی بوونی ناوبراو لە کاروانی٤٨ کەسیی گیراوەکانی سوریە دا هەبوو کە تەنیا دوای بڵاوبوونەوەی نامەی سەردار ئەسانلوو، ئەو دەنگۆیانە وەراست گەران.

لەو ٤٨ بەدیلگیراوە ئێرانییەی لە دەست سوپای ئازادی سوریە دان،ژمارەیەکیان سەر بە سوپای ورمین. ناو و بەرپرسایەتی و پلەی نیزامیی هێندێک لەوان بەم جۆرەیە:

١- سەردار سەرتیپی دووهەم پاسدار عابیدین خورڕەم فرماندەی سوپای شوهەدای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا

٢- سەرهەنگ حەبەشی فەرماندەری «حەفاظت اطلاعات»(پاراستنی زانیاری)ی سوپای شوهەدای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا

٣- سەرهەنگ هاشمی جێگری هێزی ئینسانیی سوپای شوهەدای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا

٤- «حجت الاسلام» کەریم حوسێن خانی، بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتیی وەلیی فەقیە لە ناحیەی «مقاومت بسیج» سوپای ورمی و جێگری «تهذیب حوزەهای علمیە»

٥- سەرهەنگی پاسدار تالیب ڕەحیمی، فەرماندە سوپای نەغەدە

٦- سەرهەنگی پاسدار یوسف ئەکبەری جێنشینی «حفاظت اطلاعات» سوپای شوهەدای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا

٧- سەرهەنگی پاسدار حوسێن نووری فەرماندەی تۆپخانە

٨- سەرهەنگی پاسدار غولامەرزا کوبرایی سەر بەسوپای شوهەدا

٩- سەرهەنگی پاسدار موحسین ڕەنجی سەرۆکی دەفتەری پێشووی سەردار شووشتەری لە قەرارگای هەمزە

١٠- سەرهەنگی پاسدار جەعفەر پەروال لە فەرماندەرانی قەرارگای هەمزەی سەیدولشوهەدا

١١- سەرهەنگی پاسدار کەریم بایرامی فەرماندەی گوردانی تۆپخانەی تیپی سەلماس

ئەو کەسەی کە لە قیدیۆی ئەرتەشی ئازادی سوریە دا کارتی پێناسی خۆی و ئیجازەی هەڵگرتنی چەک و بەڵگەنامەکانی دیکەی نیشانی ئەفسەری سووری دەدا، کەسێکە بە ناوی بایرامی سەربەقەرارگای هەمزەیە کە سەرهەنگی سوپایە و خەڵکی سەڵماسە.

لە سەرەتا دا کە ئەم فەرماندەر و کاربەدەستانەی سوپا لە سوریە بە دیل گیرابوون، سەردار ئەسانلوو و عیسا قەنبەرلوو لە ئەندامانی لە مێژینەی سوپا و خاوەنی جێگە و پێگەی بەرزی نیزامی و ئەمنیەتی لە ئاستی پارێزگەی ورمی دا (قەنبەرلوو، جێگری سیاسی-ئەمنیەتیی پارێزگاری ورمی و خەڵکی گوندی لەڤلەری سەر بە شارستانی مەهکەانی نزیک میاندواو) پەیتا پەیتا هاتوچۆی ماڵی بەدیلگیراوەکانیان دەکرد و بنەماڵەکانی ئەوانیان کۆنترۆل دەکرد بۆ ئەوەی هێچ زانیارییەک لە بارەی گیرانی کەسوکاریان، بڵاو نەکەنەوە.

زۆر لەو بەدیلگیراوانە ڕابردووی کاری نیزامی و ئەمنیەتیی لەناوچەیان دا هەیە و لە زۆر لە عەملیاتە سەرکوتکەرانەکان دا ڕۆل و بەشداری لە ئاستی سەرەوەیان هەبووە. لە تەقینەوە گوماناوییەکەی ساڵی ١٣٨٩ی مەهاباد، سەرهەنگ تالیب ڕەحیمی،کە لە بەدیلگیراوەکانە، ئەو کات فەرماندەی سوپا لەو ناوچەیە بوو و بەرپرسایەتیی کاتی بەدیلگیرانییشی، کار لە یەکەی «اطلاعات عملیات»ی سوپا لە قەرارگای هەمزەی ورمییەبە گوێرەی هێندێک زانیاریی باوەڕپێکراو ماوەیەک پێش بەسەفەرچوون و بەدیلگیران، لە یەکێک لە ئاواییەکانی مەرگەوەر چاوی بە ژمارەیەک لە فەرماندەرانی پ.ک.ک کەوتبوو وتوێژی لە گەڵ کردبوون...

سەرهەنگ تالیب ڕەحیمی خەڵکی ئاوایی داشتەپە سەر بە شارستانی میاندواوە، ناوی باوکی برایم ناسراو بە ئەژدەرە و ناوی دایکیشی جەواهیرە و خەڵکی گردەرەشی محاڵی شازادەیە. تالیب ڕەحیمی ساڵی ١٣٦٢ چووە نیو سوپای میاندواو و ماوەیەک لە بەشی بەسیجی عەشایری، وێڕای جاشەکانی ناوچە، بەشداریی کوشتار و سەرکوتی خەڵکی کوردی ناوچەی دەکرد. لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٥ چووە واحیدی ئیتلاعاتی سپای میاندواو و لە گوردانی شەهیدانی مەکککەی کاری دەکرد. لە یەکێک لە مەئموریەتەکاندا بۆ سەرکوت و کوشتار بۆ شاری مەریوان دەنێردرێ و ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە. لە ساڵی ١٣٨٨وە تا ١٣٩٠ واتە لە کاتی تەقینەوەکەی مەهاباد دا فەرماندەری سوپای لە ناوچەی مەهاباد بووە و ئەگەری دەستتێداهەبوونی لەو تەقینەوەیە دا بە هێزە. پێش بە دیلگیرانی لە ئیتلاعاتی ئەمنیەت و عەمەلیاتی سوپای هەمزەی ورمی دا،کاری دەکرد و لە ئاستەبەرزەکانی سوپا دا کاربەدەست بوو.ئەو بانده ماوەیەکی زۆرە خەریکی ئەمنیەتی کردن و نیزامیکردنی کەشوهەوای ناوچەکەن وسەبارەت بە شرۆڤەی کێشە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم بەتایبەت کێشەکانی دەروونیی نیزام و ململانێی نێوان باڵە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامیدا هەبوو.

ئەریتی جارانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ پاساو هێنانەوە لە بەرامبەر ئەو ڕەخنانەی کە ڕووبەڕوویان دەبووە زیاتر حاڵەتی «فرافکنی»ی هەبوو. زۆربەی جار، یان ئێستای ئێرانیان لەگەڵ سەردەمی ڕێژیمەکانی پێشوو کردەوەی توندوتێژ وەدەستهەبوونی لە سەرکوت و کوشتاری خەڵک بە تایبەتی خەڵکی کوردستان، زۆر بێزراو و بەناوە و دانپشتوانی گوندەکانی دەوروبەری زیدی ئەو فەرماندەیەی سوپا، بە ڕق و بێزارییەوە سەیری ناوبراو دەکەن. براکانی بە ناوەکانی یەعقوب، هاشم ، بیلال و سوجاد، بەسیجیین و بە کەلکوەرگرتن لە کەشوهەوای نیزامی و ئەمنیەتیی ناوچەکە، بوون بە یاغی و ملهور.

پێویستە بوتری بە دوای تەقینەوەکەی بینایەی ئەمنیەتی نەتەوەیی سوریە لە ٢٨ی پووشپەڕی ئەمسال، و کۆژرانی سەرانی نیزامی و ئەمنیەتیی بەشار ئەسەد، ، شوورای بەرزی ئەمنیەتی ڕێژیم کۆبوونەوەی پێک هێنا و پاش هەڵسەنگاندنی ئەو تەقینەوەیە و زەبریکی گوڕچوبڕ کە وەپەیکەری ڕێژیمی ئەسەد کەوت، دەستووری بە ستادی قەیرانی سووریە لە هێزی قودسی سوپای پاسداران دا کەهەنگاوی پێویست بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی ئەو زەبرەی وەرێژیمی ئەسەد کەوتوە هەڵ بگری و چی بۆ پشتیوانی لەو ڕێژیمە پێویستە تەنیا و بێ پشتیوان پێناسە کرد. ئەحمەدی نژاد لە قسەکانی خۆیدا ڕەخنەی تۆندی لە هێزی دادوەری، پارەڵمان، سپا، دەنگ و ڕەنگ، و تەنانەت خۆدی ڕێبەری گرت و گوتی کە لە ڕاستیای دژی بەرنامە و پلانەکانی سەرۆک کۆماری (دەوڵەت)دا دەجوڵێنەوە.

« ئەحمەدی نژاد» کە خۆی و دەوڵەتەکەی بە خزمەتگوزارانی ڕاستەقینەی خەڵک پێناسە دەکرد ئەنجامی بدا. ستادی قەیرانی سووریە لە هێزی قودسی سوپای پاسداران کە سەرۆکەکەی قاسم سلیمانییە و سەرتیپی پاسدار حاجی حەیدەری فەرماندەری سوپای قودس ئەندامیەتی ، بریاری دا ژمارەی هێزەکانی سوپای قودس لە دیمەشق زیاد بکا و ئەم کارەش بە شیوەیەکی خێرا بکا بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتر لە فەرماندەرانی ئاستی سەرەوەی سوپای قودس لە گۆرەپانەکە دا بن. بە دوای ئەم بریارە دا بوو کە ژمارەیەک لە فەرماندەرانی سوپای قودس بە هۆی فرۆکەی شیرکەتی فرۆکەوانیی ماهان گەیشتنە دیمەشق و لە فرۆکەخانەسەوە بە هۆی سێ ئوتوبووس بۆ نیو شاری دیمەشق ڕادەگوێزرێن کە دەوترێ شۆفێری ئوتوبووسی سێیەهەم ،سەر بە سوپای ئازادی سوریە بووە و لە گەلیان لە پێوەندی دابووە و بە ڕێکایەکی لاوەکی دا ٤٨ کەس لە هێزەکانی سوپای قودس بۆ لای هێزەکانی ئەرتەش ئازادی سوریە دەبا و لە داوی ئەوانیان دەخا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەرەو هەڵدێری نەمان؟

وریا ڕەحمانی

تا ئێستا، کاتێک باس لە کۆماری ئیسلامی و کێشەکانی ئەم ڕێژیمە وەک دەسەڵاتی حاکم بەر ئێران، لە نیو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییە جۆراوجۆرەکان دەهاتە گۆڕی، دوو فاکتۆری سەرەکیی کێشەی نیوخۆیی و دەرەکی، زیاتر لە هەموان زەق بوونەتەوە و لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە خوێندنەوەیان بۆ کراوە.

١_ کێشە نیوخۆییەکان؛ واتە ئەو کێشە سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیانەی کە بەشێوەی جۆراوجۆر لە نیوخۆی وڵاتدا هاوپێوەندیی نێوان خەڵک و دەسەڵات بەڕۆکی ڕێژیمی گرتۆتەوە و بەستێنێکی بەربەڕکانیی بەردەوامی لە نێواناندا پێک هێناوە. چییەتی ئەم چەشنە کێشانە کە زیاتر بە کێشەکانی مافی مرۆڤ پێناسە دەکرێن و بواری جیاواز لە خۆ دەگرن جۆرێکی لە خواست و ئیرادەی گشتیی جەماوەری بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی خەڵک لەگەڵ دەسەڵات بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە نیو کۆمەڵگەدا پێک هێناوە کە لە دەرفەتە جیاوازەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر سەرهەڵدەدا. بەداخەوە کۆماری ئیسلامی هەرگیز گوێی بەم خواست و ئیرادە جەماوەرییانە چ وەک هاوواڵاتیان و چ وەک گرووپ و ئەتنیک و نەتەوە جیاوازەکان نەداوە و تا ئەو جێیەی بۆی کرابی سەرکوتی کردوون. هەربۆیەش بەپێی ئامارە ڕەسمی و نیونەتەوەییەکان، بە درێژایی تەمەنی خۆی، کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە ڕیزی سەرەوەی ڕێژیمە سەرکوتکەر و پێشێلکەرەکانی مافی مرۆڤ لە ئاستی جیهانیدا بووە.

٢_ کێشە دەرەکییەکان، واتە ئەم کێشە زیاتر سیاسییانەی کە لە نێوان کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگەی جیهانی دا هەیە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی خۆی و هەر لە سەرەتای دامەزراندییەوە هەرگیز لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی بێ کێشە نەبووە و بە گشتی لە قەیراندا ژیاوە و ئەوەش خۆی تایبەتمەندییەکی تایبەتیشی پێ بەخشیوە. کێشەی گەورەی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە، ئێستا، زیاتر لە هەموو شتێک پرسی وزەی ناوەکی و چەکی ئەتومییە کە گرژی و ئاڵوزییەکی کەم وێنەی لەم نێواناندا پێک هێناوە. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوایی سوورن لە سەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەک نەهێڵن ڕێژیمی ئێران دەستی بە چەکی ئەتومی و تەکنۆلۆژیای ساز کردنەکەی ڕابگا و لە بەرامبەردا ئێرانیش دەیەوێ هەرچی زووتر وەک هێزێکی ناوچەیی و نێونەتەوەیی دیار بە تایبەت لە بواری نیزامییەوە دەر بکەوێ و لەم ڕاستاییەشدا بە تەمای پاشەکشە نییە. بەربەرەکانییەکێ چەندین ساڵەی بێ ئاکامی بەردەوام لە نێوان دنیای دەرەوە و ئێراندا فەزایەکی بێ متمانەیی و بێزارییەکێ بەرینی نێو نەتەوەیی بەرامبەر بە حکومەتی ئێران پێک هێناوە و ئەم ڕێژیمەی زیاتر لە هەمیشەی خۆی لە ئاستی جیهانیدا تەریک کردۆتەوە.

هەر کام لەم فاکتۆرە سەرەکییانە لە جێی خۆیدا بە مەرجێک کە بە ئاستی لیوریژی خۆیان بگەن دەتوانن ڕێژیمێکی دەسەڵاتدار بەرەو هەڵدێرەکانی نەمان ڕێتوێنی بکەن. بەڵام ئەوەی کە ئێستا و بەم دواییانە زیاتر لە هەمیشە گرینگیی پەیدا کردوە و وەک تەواوکەری دوو فاکتۆرەکەی پێشوو دەتوانی دەورێکی حاشاهەڵنەگرانە و سەرەکی بگێری و هەرگیز بەم شێوەیە و لەم ئاستەدا خۆی دیکەوە سێ گۆشەی قەیرانی مانەوەی ڕێژیمی تاران تەکمیلتر لە جاران دەکا. لە ڕاستیدا فاکتۆری کێشە دەروونی ڕێژیم خۆی بواریکی کردەوەیی و خێراترییەکی زیاتر بە گەشەی دوو فاکتۆرەکەی دیکە دەبەخشێ و ڕەوتی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی خێراتر دەکا. ئەگەرچی شیمانەی سنووربەندی بەرینی نێوان باڵ و لایەنە جیاوازەکانی ڕێژیم شتێکی دوور لە زەین نەبوو بەڵام دان پێدانان و شرۆڤەی کێشە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم بەتایبەت کێشەکانی دەروونیی نێزام و ململانێی نێوان باڵە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامیدا هەبوو.

ئەوەی هێشتا زیاتر ئەم ڕەوتە دەبەخشێ و بەرینی دەکا، ئەوەیە کە ئەو ڕەوتە بەرەو ئەنجامی ڕەوتی تۆندی لە هێزی قودسی سوپای پاسداران کە سەرۆکەکەی قاسم سلیمانییە و سەرتیپی پاسدار حاجی حەیدەری فەرماندەری سوپای قودس ئەندامیەتی ، بریاری دا ژمارەی هێزەکانی سوپای قودس لە دیمەشق زیاد بکا و ئەم کارەش بە شیوەیەکی خێرا بکا بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتر لە فەرماندەرانی ئاستی سەرەوەی سوپای قودس لە گۆرەپانەکە دا بن. بە دوای ئەم بریارە دا بوو کە ژمارەیەک لە فەرماندەرانی سوپای قودس بە هۆی فرۆکەی شیرکەتی فرۆکەوانیی ماهان گەیشتنە دیمەشق و لە فرۆکەخانەسەوە بە هۆی سێ ئوتوبووس بۆ نیو شاری دیمەشق ڕادەگوێزرێن کە دەوترێ شۆفێری ئوتوبووسی سێیەهەم ،سەر بە سوپای ئازادی سوریە بووە و لە گەلیان لە پێوەندی دابووە و بە ڕێکایەکی لاوەکی دا ٤٨ کەس لە هێزەکانی سوپای قودس بۆ لای هێزەکانی ئەرتەش ئازادی سوریە دەبا و لە داوی ئەوانیان دەخا.

تووڕە بوونی خۆی لە هێزی دادوەریی وڵات سەبارەت بە گرتنی جێگرە ڕۆژنامەوانییەکەی نەشاردەوە، سەبارەت بە «ئستیضاح»ی وەزیری وەزرش ڕەخنەی لە پارلەمان گرت، دەنگ و ڕەنگی میللیی بە «بەرخوردی سەلیقەیی» لەگەڵ دەوڵەت و گرینگی نەدانی پێویست و گونجاو بە چالاکییەکانی دەوڵەت تاوانبار کرد، بە نسبەت کردارەی سەرەڕۆیانەی سپا و بەتایبەت هەندێک لە بەرپرسانی سپا نارەزایەتیی خۆی دەربڕی و بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو و دیارە هەندێک لە پەردەدا بەشێک لە ڕیتوێنی و ڕەخنەکانی ڕێبەریی بە بۆچوونی شەخسی پێناسە کرد. «ئەحمەدی نژاد» لەم کۆنفرانسەدا ڕاشکاوانە باسی لە بەربەستەکانی بەردەم دەوڵەت و ئەم گرفتانە کرد کە بە بڕوای ئەو بەرۆکی ڕێژیمی بە شێوەیەکی گشتی گرتۆتەوە و کوتیشی کە هێز و لایەن و ئۆرگانەکانی دیکەی نێو نیزامی کۆماری ئیسلامی لە هاوتەریبیی (موازات) دەوڵەتدا حەرەکەت دەکەن و تەنانەت دەست لە کاروباری دەوڵەت وەردەدەن و کێشەی بۆ دەنێتەوە.

لەگەڵ هەموی ئەوانەدا وەک دیاریشە باڵی بناژۆخوازی «ئەحمەدی نژاد و مەشایی» کێشە و جیاوازیی جیددی و بنەڕەتیی لەگەڵ باڵی بناژۆخوازانی خەتتی ڕێبەریدا هەیە و لە فەلسەفەیەکی جیاواز لێک پێزەوی دەکەن.

ئێستا ئەو پرسیارەی دێتە گۆڕی ئەوەیە کە ئایا لە کۆبوونەوە و لەگەڵ کەوتنی ئەم فاکتۆرەی سێیەم (کێشەی دەروونیی نیزام) لەگەڵ دوو فاکتۆرەکەی دیکەی پێشوو (کێشەی نیوخۆیی لەگەڵ خەڵک و کێشەی دەرەکی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا)، ئایا کۆماری ئیسلامی وردە وردە کەوتۆتە سەرەوڵێژیی قەیرانی مانەوە و بەرەو هەڵدێری نەمان دەچێ؟

بۆ وڵامێکی ڕوونتر بەم پرسیارە پێویستە چاوەڕوانی ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕاهاتوو بە تایبەت هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ساڵی ڕاهاتوو بین.

گوڵاله شەرەفکەندی لە وتوویژێکی تایبەت لە گەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان» دا:

لە ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیستدا هەوڵمان ئەوەیە دەنگی خەڵکێک بین کە دنیا لە بیری کردوون

ئاماژە: خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وەک ئەندامی هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دیموکرات لە بیست وچوارەمین کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیستدا لە ئەفریقای باشوور لە هاوینی ئەمساڵدا بەشدار بوو. بۆ تیشک خستنە سەر کارو چالاکییەکانی هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم کۆنگرەیە دا، ڕۆژنامەی» کوردستان» ئەم وتوویژەی لە گەڵ پێک هێناوە:

«کوردستان»: گوڵاڵە خانم! بیست و چوارەمین کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالّ، چ جیاوازییەکی لە گەڵ کۆنگرەی پێشوو هەبوو؟ مەبەست جیاوازیی دەستووری کار و ئەو پرسە گرنگانەیە کە کۆنگرەیان بە خۆیانەوە سەر قاڵ کرد؟

وەلام: ئەمن وەک خاڵی گرینگی ئەو کۆنگرەیە کە دەکری وەک جیاوازی چاوی لێ بکرێ، دەتوانم ئاماژە بە شوعاری سەرەکیی کۆنگرەی بیست و چوارەم بکەم. هەڵبژاردنی شوعاری» بەرەو تاریفێکی نوێ لە کۆمەڵگای نیونەتەوەیی و پشتگیری و یەکگرتوویی جیهانی»، نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوە زەروورەتێکی گرینگە و هەست بەو پێویستییە دەکرێ. هەنگاوێنان بۆ دارشتنی خوێندنەوەیەکی نوێ لە یەکگرتوویی وپشتگیریی نیونەتەوەیی بەو مانایەیە کە تەنیا بیستنی دەنگی ئەوانەی خاوەنی قودرەت و پووڵن گرفتەکانی دنیای ئەمڕۆ چارەسەر ناکا و گرێدراویی چارەنووسی گەلانی دنیا لە یەکتر وای لێهاتوە کە ناکرێ کاتێک باسی قەیرانی ئابووری، ژینگە یان هەژاری یان تیرۆریزم دەکرێ، تەنیا مەبەست یەک وڵات یان بەشێک لە دنیا بێت.

«کوردستان»: دەسکەوتی هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەم کۆنگرەیە چی بوو؟ئایا هەیئەتی حیزب توانی لەم دەرفەتە بۆ دیدار و چاوپێکەوتنی کەسایەتی و لایەنە جۆراوجۆرەکان بە باشی کەلک وەربگرێ؟

وەلام: دەرکەوتن و بەشداری لە وەها کۆبوونەوەیەکدا، دەرفەتێکی باشە بۆ دیدار و چاوپێکەوتن لە گەڵ سەرۆکان و نوێنەرانی ئەحزابی سۆسیالیستی سەراسەری دنیا. لەو چاوپێکەوتنانەدا گرینگترین دەسکەوت ئاگادار کردنەوەی ئەو سەرۆک و نوێنەرانە سەبارەت بە وەزعی کورد بە گشتی و لە ئێران بە تایبەتییە. هەروەها کەیاندنی دەنگی ئەباتی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات، باس لە سەتەمی نەتەوەیی، ڕەگەزی و دینی، هەڵاواردن و سەرکوت لە ئێراندا، باسی زیندانیانی سیاسی، ڕەوشی مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی بەرچاوی مافی ژنان لە ئێرانی ئیسلامیدا و پشتیوانیی ڕیژیمی ئێران لە تیرۆریزمی دەوڵەتی و توندئاژۆیی دینی، ئەو باسانەن کە دەبێ لەو دیدارانە دا دووپات و چەند پات بکرێتەوە و گەیاندنی دەنگی خەڵکێک کە دنیا لە بیری کردوون و ڕاکێشانی سەرنجی کۆر و کۆمەڵی نیودەوڵەتی بۆ ئەو ڕاستییانە کە لە ژێر سێبەری موعامیلە لە گەڵ دەوڵەتی ئێران شاردراونەوە. هەوڵی ئێمە لەو چوارچێوەیە دا بووە کە پێم وایە بە پێی توانامان سەرکەوتوو بووین.

«کوردستان»: ئەو کەسایەتی و لایەنانەی چاوتان پێکەوتن و لە سەر پرسی کورد قسەتان لە گەڵ کردن، کێ بوون؟ وشارەزایی و عەلاقەیان بەو پرسە لە چ ئاستێک دابوو؟

وەلام: گرینگ ئەوەیە هەیئەتی حیزبی لە هەموو دەرفەتەکان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەشداران بۆ پرسی کورد کەڵکی وەرگرتوە، هەم لە ماوەی کۆبوونەوەکان، هەم لە بەرنامە کولتوریییەکاندا و هەم لە چوارچێوەی کەلک وەرگرتن لە تریبونی ڕەسمیی کۆنگرە لە ڕێگەی قسەکانی بەریز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە. ناکرێ هەموو ئەو کەسانەی قسەیان لە گەڵ کراوە، لێرە ناویان بێنم بەڵام دەکرێ ئاماژە بە سەرۆک کۆماری ئافریقای باشوور جاکوب زوما، سەرۆکی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال جۆرج پاپاندرۆ، وەفدەکانی زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی، بەشێک لە وڵاتانی خورهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیا و چەند وەفدی وڵاتانی ئامریکای لاتین و ئافریقایی بکرم. بە ڕاستی ئەو لیستە دوور و درێژ دەبێ ئەگەر بم هەوی هەموو ناوەکان بێنم.

«کوردستان»: کاک خالید عەزیزی،سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە وتارەکەی دا کە لەم کۆنگرەیە دا پێشکەشی کرد، داوا دەکا ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست لە سەر پرسی کورد وەجواب بێ. پێشوازیی کۆنگرە لەم وتارە بە گشتی و بە تایبەتی لەم داوایە چۆن بوو؟

وەلام: خاڵی گرینگی باسی بەریز خالید عەزیزی ڕەوایی داوای کورد بە گشتی بوو و لەو پێوەندییەدا دەتوانم ئاماژە بە نموونەی نوێنەرانی چەند وڵات بکەم کە دوای قسەکانی بەریز کاک خالید عەزیزی هاتن بۆ لامان و پشتگیریی خۆیان بۆ پرسی کورد باس کرد یان داوای بەردەوام بوون لە پێوەندییاندا کرد، یان تەنانەت لە سەر دۆستایەتیی خۆیان و بەرێزان شەرەفکەندی یان قاسملوو دوان. بەڵام گرینگتر لە هەمووی ئەوانە ئەوەیە کە سێ سۆخەنرانی ئەو کۆنگرەیە واتە بەرێزان مەلا بەختیار لە باشووری کوردستان، خالید عەزیزی لە ڕۆژهەڵات و گوڵتان کەشەنەک لە باکوور، هەر سێ کەس پێیان لە سەر باسی کورد داگرت و لەو بڕیارنامەی کوتاییشدا پاراگرافێک لە سەر مەسەلەی کورد هاتوە.

ئێمە دەبێ باسی کورد زیندوو ڕاگرین، ئێمە دەبێ داوای کورد بەردەوام دووپات بکەینەوە و بە گوێی کۆر و کۆمەڵی نیودەوڵەتی بگەیەنین. بەریز عەزیزی زۆر بە جوانی ئەم پەیامەی گەلی کوردی لەوێ باس کردو ئەوە بۆخۆی گەورەترین دەسکەوتە کە لەو تریبونانە بۆ ئەو جۆرە باسانە بە شیوەی شیاو کەلک وەربگیری نەک تەنیا بۆ بەڕژەوەندی حیزبی.

«کوردستان»: بەریزت چگە لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالّی سۆسیالیست، لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالّ سۆسیالیستی ژنانیش دا کە ئەویش چەند ڕۆژ پێشتر هەر لە کەپێ تاون پێک هات ، وەک نوێنەرێ یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بەشدار بووی! دەکرێ لە سەر چالاکی و دەوری خۆت لەو کۆنگرەیە دا، بۆ خوێنەران بدوێی؟

وەلام: ئەمن بە نوێنەرایەتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و لە سەر داوای کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی ئەو ڕێکخراوە بەشداری کۆنگرە بیستەمی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان بووم.

لە کۆنگرەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان چەند باسی سەرەکی هاتنە گۆڕێ کە لە هەمووی ئەو باسانە ئەمن هەوڵم دا باسیکم لە سەر ژنی کورد و ژنی ئێرانی هەبێ چونکە جگە لە بەیانیی ڕۆژی هەوەل کە گوڵتەن کەشەنەک لە« بە دە پە« لەوێ بوو، لە جەلەسەکانی دیکە دا تەنیا ژنی کورد بووم و بۆم گرینگ بوو لە هەموو بەشەکاندا دەنگمان بیبیسرێ و باسەکانمان بخرێنە ڕوو.

وەک گرینگترین خاڵی باسەکانی خۆم دەتوانم ئاماژە بەو باسانە بکەم کە ڕووی لە نوێنەرانی وڵاتانی ئامریکای لاتین و چەند وڵاتی ئافریقایی بوو کە حیزبەکانیان یان حکومەتەکانیان پشتگیری لە ئەحمەدی نەژاد و حکومەتی ئێران دەکەن و ئاماژە بە وەزعی ژنانی ئێرانی و ئەو بەڵایانە کە ئەو دەوڵەتە بە سەریان دێنی بکەم و داوای حیمایەت و گوشار خستنە سەر حیزبەکان یان حکومەتەکانیان بکەم.

باسێکی دیکە ئەوە بوو کە ئەگەر ئێمە لە سەر مافی ژنان وەجواب دێین دەبێ لە هەموو دونیا لە سەریان وەجواب بێین و ناکرێ ژنی کورد لە بیر بکرێ کە حاشا لە پێناسە و هەبوونی دەکرێ.

دیار نەبوونی جێگای ژنان لە سیاسەتی نیودەوڵەتیدا بەشێکی دیکەی تێبینیەکانم بوو کە وا وێدەچێ تەنانەت لەو ڕادەیشدا ژنان کۆنگرەی خۆیان بە جیا دەگرن و دەنگیان زۆر لە سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال دا،ڕەنگدانەوەی نییە و دەبێ میکانیزمی نوێ و کاریگەر، دیاری بکرێ.

«کوردستان»: ئەی ڕۆڵ و دەوری نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستان بە گشتی ، لە کۆنگرەی کەپیتاونی سۆسیالیست ئەنترناسیۆنالی ژنان دا چۆن بوو؟

وەلام: لە وڵامی پرسیاری پێشووەدا گوتم کە بەیانیی ڕۆژی هەوەل گوڵتەن، ژنە پارلمانتاری کوردی باکوورمان وەک نوێنەری بەدەپە کە کەڵدا بوو دەنا تەنیا ریکخراوی ژنانی کورد حازر لە کۆنگرەی بیستەمی ژنانی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالدا ڕێکخراوی ژنانی دێموکراتی کوردستان بوو کە شانازیی نوێنەرایەتییان بە من سپارد بوو.

«کوردستان»: چەند مانگێک لەمەوبەر ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیستی ژنان لە ئەستانبولیش کۆبوونەوەیەکی گەورەی هەبوو، کە هەیئەتێکی هاوبەشی حیزبی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، تێیدا بەشدار بوون. ئایا ئیوە توانیتان سەرنجی بەشداران بۆ لای ویست و داخوازەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ڕابکێشن؟

وەلام: کۆبوونەوەی ئیستانبول، کۆبوونەوەی ژنانی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ناوچە بوو بە میواناریی بەدەپە بۆ باس لە سەر مەسەلەی ژنی کورد. هەڵبەت هەیئەتی وڵاتانی ئورووپایی و تەنانەت ئامریکای لاتین و ئافریقاش لەوێ بوون. ئەوەکە گرینگی دەدرێ بە باسی ژنی کورد، ئەوە کە ژنانی کورد لە پارچەکانی کوردستان لەوێ حازر بن و پێناگری بکەن لە سەر گرێدراویی مافی یەکسانی وپێناسەی نەتەوەیی، خاڵی گرینگی ئەو جۆرە بەشداریانەیە. ناکرێ باسی یەکسانی بکرێ بەڵام باسی پێناسەی ژنی کورد وەک ژن و وەک کورد نەکرێ. پێم وایە دەرکەوتنی ئێمە لە قەوارەی هەیئەت دا گرینگ و پێویستە و نابێ جێگای ژنی کورد و ڕێکخراوەکەمان خاڵی بمێنێتەوە.

«کوردستان»: بۆ ئەوەی بەشداریی لایەنە کوردییەکان و ژنانی کورد لە کۆنسە وکۆنگرەکانی داهاتووی ئەنترناسیۆنال دا، شوێندارتر بێت، بە سەرنجدان بە ئەزموونەکانی پێشووت، چ پێشنیارێکت بۆلایەنە کوردییەکان هەیە؟

وەلام: تێبینی سەرەکیم هاوەنگیە بۆ بەرز کردنەوەی دەنگی ویست و داخوازەکانی ژنی کورد و وەلانانی جیاوازیی بیر و بۆچوونمان. ویست و داخوازەکانمان ئەوەندە ڕەوایە و ئەوەندە لێک نیزیکە کە دەبێ خۆ ببوێرین لەو لێک دوور کەوتنەوە کە بە سەرمان دا براوە.

تێبینیی دیکەم هەوڵ بۆ بەشداریی بەردەوام لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەیە بۆ زیندوو ڕاگرتنی باسی ژنی کورد. چوارەم، سوور بوون لە سەر وەخت وەرگرتن بۆ باسکردن و بە ڕۆژ کردنی زانیاریی بەشداران لە سەر وەزعی ژنی کوردە. با چاو لە ژنانی فەلەستینی بکەین و لەم دەرفەتانە بە باشترین شیوە بۆ گەیاندنی دەنگی نەتەوەکەمان و دەنگی ژنی کورد سوود وەربگرین.

مەولوود سواره تێشک دەخاتە سەر کۆنگرەی٢٤ی ئەنترناسیۆنالّی سۆسیالیست

نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیستدا:

ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست بەباشی لە کەم و کەیفی لەتبوونی دێموکرات ئاگاداره بۆیە تا ڕادەی تەرخان کردنی دەرەتانی وتاری ڕەسمی بە ئێمە وەک لایەنێکی دێموکرات و لە واقیعدا بۆ قسەکردن بە ناوی کوردی ڕۆژهەڵات گرینگیمان بۆ دادەنێ

هەڤپەیڤین: ئەحمەدی سەفا بۆ گۆڤاری «شەقام»

کرانەوەی کۆنگرەی ئەمجارەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست و ڕادەی بەشداربووان و دروشمەکەی و بەرنامەکانی چۆن باسی دەکەی؟

ئەم کۆنگرەیە کە لە ڕۆژانی ٣٠ ی ئاگوست تا ١ ی سێپتامبری ٢٠١٢ بەڕێوە چوو، بەبۆنەی سەدەمین ساڵی دامەزرانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقای باشوور، بە میواناریی ئەو حیزبە کە سەرۆکەکەی بەڕێز جاکوب زووما سەرکۆماری وڵاتیشە، لە کەپێ تاون پێتەختی ئەو وڵاتە بەڕێوە چوو. لە سەرجەم زیاتر لە سەت و پەنجا پارتی ئەندام و چاوەدێر لەو ڕێکخراوەدا، نوێنەرانی زیاتر لە سەت حیزبی سۆسیالیست و سۆسیال دێموکراتی جیهان بە پلە جۆربەجۆرەکانی ئەندامەتییەوە لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوون. کرانەوەی کۆنگرە بەپێی ئەریت بە وتاری سەرۆکی خانەخوێ و وتاری جۆرج پاپاندریۆ سەرۆکی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست و لویس ئەیالا سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوە بەڕێوە چوو. دروشمی ئەمجارەی کۆنگرە بریتی بوو لە «لەپێناوی نیونەتەوەییگەرییەکی نوێ و کەلتوورێکی نوێی هاوبێوەندی»، تەوەرە سەرەکییەکانی کۆنگرەش بریتی بوون لە وڵامی سۆسیال ئەنترناسیۆنال بۆ قەیرانی دارایی و ئابووریی جیهان، ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن و پرسی ماف و ئازادییەکان، ڕێگاچارە هاوبەش و هەمەلایەنەکانی بەدیهێنانی ئاشتی، .. هتد.

پ: ڕۆڵ و ڕابردووی بەشداریی کورد و جارەکانی بەشداربوونی نوێنەرانی کورد و بەشداریی حیزبی ئێوە لە سەرەتاوە تا دابڕان و دواتریش باس بکە.

و: باسکردنی وردی ڕۆڵ و ڕابردووی کوردەکان لە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا دەرفەتی زۆری پێویستە و زۆر هەڵدەگری. من لێرەدا تەنیا دەتوانم ئاماژە بە هێندێک وێستگەی گرینگی ئەو ڕابردوویە بکەم . بەردی بناغەی پێوەندیی کورد و ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست ڕێبەری شەهیدمان د. قاسملوو دایناوە، چونکە سەرەتا پاش ئەوەی ناوبراو لەگەڵ کۆمەڵێک لە حیزبە سۆسیالیست و سۆسیال دێموکراتەکانی ئەورووپایی بەتایبەت لە فەرانسە و سوئێد دۆستایەتیی دامەزراندبوو دیارە پێوەندی حیزبی دێموکرات ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵەکانی ١٩٨٠ زایینی، حیزبی دێموکرات ساڵی ١٩٨٦ وەک میوان لە کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوە لە لیما پێتەختی پێروو بەشدار بوو. لە بەرەبەری ڕزگاربوونی باشووری کوردستان، پارتە سیاسییەکانی ئەوێش وردە وردە دەستیان بە هاموشۆی ئەو ڕێکخراوە کرد (وا بزانم لە یەکێک لە سەفەرەکاندا ئەوشیروان مستەفا و شازاد سائیب لەگەڵ د. قاسملوو بەشدار بوون). ساڵی ١٩٩٢ سکرتێری حیزب د. سادق شەرەفکەندی لە کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوەدا لە بێرلین بەشدار بوو و بەداخەوە هەر پاش ئەو کۆبوونەوەیەش بوو کە تیرۆر کرا. ساڵی ١٩٩٦ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئەوەدەم بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە سکرتێری گشتیی بوو، لە بیستەمین کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوە کە بارەگای ئەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک بەسترا وەک ئەندامی چاوەدێر وەرگیرا. لە کۆنگرەی دواتردا کە ساڵی ١٩٩٩ لە پاریس بەسترا هەم مامۆستا و هەم بەڕێز مام جەلال وتاریان پێشکەش کرد و وەفدێکیش لەلایەن پارتی دێموکراتی کوردستانەوە بە سەرۆکایەتیی بەڕێز ڕۆژ نووری شاوەیس بەشدار بوون. پێویستە بگوترێ کە کوردەکانی باکووری کوردستانیش لە سەرەتای ساڵەکانی ٢٠٠٠ وە ڕوویان لەو ڕێکخراوە کردووە. جیا لە بەشداریی هەمیشەیی حیزبی دێموکرات لە هەموو کۆنگرە و دانیشتنەکانی شوورا و کۆمیتە فەرعییەکانی وەک کۆمیتەی مێدیتەرانە و ئاشتی و دێموکراسیی ئەو ڕێکخراوەدا، لە دوای لەتبوونی حیزبییشەوە هەردووک لایەنی دێموکرات بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەو ڕێکخراوە بوون، کە ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئێمە وەک حدک بەرچاوترین بەشداربییەکانمان لە کۆنگرەی پێشوو لە ئاتین کە هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب بەشدار بوو و هەروەها کۆنگرەی ئەمجارە لە ئەفریقای باشوور.

پ: لەم کۆنگرەیەدا چ کەسانێک لە کوردەکان قسەیان کرد و ناوەرۆکی قسەکانیان و کاریگەرییان لەسەر کاروباری کۆنگرە چی بوو؟

ل ٨

شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان لە ئێران



مەسعود فەتحی

ریکخراوی نیونەتەوەیی لیبووردن رۆژی ١٧ی سیپتامبر نیگەرانیی خۆی لە مەڕ ئەگەری ئێعدامی ٢٣ کەس لە ئێران دەربڕی و داوای لە ڕژێمی ئێران کرد کە هەموو ئەو حوکمانە هەڵوەشێنێتەوە. ئەو ریکخراوە لەمەڕ دەستپێکردنی شەپۆلێکی نوێ لە ئێعدامەکان لە پاش مانگی ڕەمەزان و دانیشتنەکانی وڵاتانی «عدم تعهد» لە ئێران هۆشداری دا.

لە سەردەمێکدا کە جیهان بەرەو لابردن و سڕینەوەی سزای ئێعدام هەنگاوی جیددی هەڵدەگری و ٢ لە سەر ٣ی وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو سزایەیان لە وڵاتەکەیان هەڵوەشاندوەتەوە، یان نایخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، ئێعدامی سیستماتیک یەکێک لە بەرچاوترین پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤە لەئێران، کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی سەدە نیوەراستی پێناسە دەکا ، ڕژێمێک کە کونوانسیۆنەکانی مافی مرۆڤی واژۆ کردوە بەڵام لە ئاست بەڕێوەبردنیان خۆی بە بەرپرسیار نازانی،

دەکری لە خوێندنەوەیەکی کورتدا، ئێعدام بە دژکردەوەیەکی سیاسی، کومەڵایەتی دابنری لە هەمبەر کردەوەیەکدا کە بە تاوان ناودێر دەکری.

ئێران پاش وڵاتی چین دووهەمین وڵاتی جیهانە کە زۆرترین ڕێژەی ئێعدام بەڕێوە دەبا، ئەمەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ینگەرانیەکانی کومەڵگای جیهانی و ریکخراوەکان و چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و جیهان زۆرتر دەکا، بەتایبەت کە دەزگای دادوەریی ئێران بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی دەزگا ئەمنیەتیەکانی ڕژێم دایە و یاساکانی بنەڕەتی و یاسای دادوەرییش لە سەر بنەمای ئایینی و مەزهەبیی شیعە بونیاد نراون، بەم پێیە نەک هەر چالاکیی سیاسی بە دژی ڕژێم، بەڵکوو تەنانەت هێندێک تاوانی کومەڵایەتیش لەگەڵ سزای ئێعدام بەرەورروو دەبن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێعدامەکان لە ئێران بە نیسبەت وڵاتانی دیکە چەند و چۆنێکی تایبەتیان هەبی و بەتەواوی لەگەڵ بنەماپاسایەکانی ئەمرۆی جیهاندا ناکۆک بن، لەم پیوەندیەدا دەکری ئاماژە بە چەند خاڵی زەق و بەرچاو بکەین:

١_ ئێعدامی زیندانیانی سیاسی، چالاکیی سیاسی یەک لە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤە کە هەنووکە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ڕیزی لی دەگیری ، بەڵام ڕژێمی توتالیتیری ئێران هەرچەشنە چالاکیەک بە بیانووی تێکدانی ئەمنیەتی نەتەوەیی وڵات بە تاوان دەزانی وبە زیندان و ئێعدام مەحکومی دەکا، لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕژێمەوە ئێعدامی زیندانیانی سیاسی بەردەوام درێژەی هەبووە، مەترسیدارتر ئەوەیە کە بە هۆی ئەوەی کە دەزگای دادوەریی ڕژێم لە ژێر کونترۆڵی دەزگا نیزامی و ئەمنیەتییەکاندایە، بەردەوام لە کاتی چەناح بەندیی سیاسیدا بە دژی لایەنەکانی دیکەی دەسەلات کەلکی ئامرازی لی وەردەگیری، بۆ وێنە دەکری ئاماژە بە تاوانەکانی ڕژێم پاش هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری بکەین،

هاوکات بە هۆی ئەوەی کە ڕژێمی ئێران لە سەر ئەو بروایەیە کە شەرعیەتی دەسەلاتەکەی لە خودا وەرگرتوە، خۆی بە نوێنەری خودا دەزانی و هەرچەشنە دژایەتیەک لە گەڵ ویلایەتی فەقیە بە «محاربە« (دژایەتی خودا) لە قەڵەم دەدا و تاکی بە «موحارب» و «مفسد فی الارض» تاوانبار کراو بە ئێعدام مەحکووم دەکا، ئەمەش بە پێچەوانەی هەموو یاسا نیودەولەتیەکان و یاساکانی مافی مرۆڤە.

٢_ زۆرینەی مەحکوومان بە ئێعدام لە ئێران ، تاوانباران مادە هۆشبەرەکان، بەهرانی توندوتیژی و، کەسانێکن کە دەستدرێژیی سێکسیان کردوە. بە پێی یاسا نیو دەولەتیەکان تاوانباران مادەهۆشبەرەکان بە ئێعدام مەحکووم ناکرێن و پێوەندیی سێکسیش تەنیا ئەو کاتەی باری دەستدرێژیی هەیە، سزاکەی قورسە بەڵام دیارە ئێعدام نییە. بە پێی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١١ی ئەحمەدشەهید (ڕاپورت نیری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئێران) ٨١ لە سەدی ئێعدامەکان لە سەربازگەانی و ڕاگرتنی مادەهۆشبەرەکان ٣/٤، لە سەدیان موحارەبە و ١/٤ لە سەد دەسدرێژیی سێکسی بووە، چاودێرانی سیاسیی ڕەوشی ئێران پێیان وایە کە ڕژێمی ئێران چالاکانی سیاسی،نەتەوەیی سەربە نەتەوە بندەستەکان بە تایبەت بەلوچەکان،و بە گشتی دژبەرانی دەسەلاتەکەی خۆی لە ژێر ناوی تاوانباران و بازرگانی مادەهۆشبەرەکان ئێعدام دەکا.

٣_ ئێعدامی جەوانان و مێرمندالان، بڕگەی ٣٧ ی کونوانسیۆنی نیونەتەوەیی مافی منداڵان دەڵێ: نابێ سزای ئێعدام و زیندانی هەتا هەتایی بۆ کەسانێک دەربکری کە لە تەمەنی ژێر ١٨ ساڵ دەستیان بە تاوان گلاوە، بڕگەی ٦ ی جارنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤیش پێداگری دەکا کە سزای مەرگ نابی کەسانێک بگرێتەوە کە لە تەمەنی ژێر ١٨ ساڵیدا تووشی تاوان بوون، بەڵام لە کۆماری ئیسلامی دا بەردەوام ئەم بڕگەیەی ڕەچاو نەکردوەو منداڵان و مێر منداڵانێک کە لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ تووشی تاوان بوون لە لایەن دەزگای دادوەریی ئەو ڕژێمەوە بە ئێعدام مەحکووم کراون و پاش چەند ساڵ مانەوە لە زیندان ئێعدام کراون. ئێعدامی مێرمندالان لە کوروکومەڵە مرۆڤدۆستەکان نارەزایەتیەکی بەرچاوی لی کەوتووەتەوە، ڕژێمی ئێران لەم پیوەندیەدا تەمەنی «بلوغ»ی شەرعی بە بنەما دەگری کە بەم پێیە کچان لە تەمەنی ٩ ساڵی و کوڕان لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا بالغ دەبن و دەکری تاوانەکانیان حوکمی ئێعدامی پێ بدری، بۆ وێنە ئەگەر مێرمندالێکی ژێر ١٨ ساڵ تەمەن توشی قەتل بێ لە لایەن دەزگای دادوەری ئێرانەوە بە ئێعدام «قصاص» مەحکووم دەکری و ڕژێمی ئێران لەم پیوەندیەدا دەڵێ ئەوە کەس و کاری کەسی کوژراوون کە دەبی تاوانبار ببوورن. بەڵام ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ ناتەبایە، چونکە دەزگای دادوەریی ئێران ئەو حوکمە دەردەکەن و دەزگاکانی ئەمنیەتی و ئینتیزامی جێبەجێی دەکەن،

دەسەلاتدارانی ڕژێم دەڵێن کە حوکمی ئێعدام بە مەبەستی ڕێگری لە توند و تیژی و بۆ سەقامگیرکردنی ئاسایش و ئەمنیەتی هاوڵاتیان دەردەکەن. ٢٢ی خەرمانانی ٢٠١٢ لە یەک ڕۆژدا ١١ کەس لە ئێران بە ئێعدام مەحکووم کران. عەلی مۆئبدی بەڕپرسی پۆلیسی مادەهۆشبەرەکان وتی: جێبەجێکردنی ئەم چەشنە حوکمانە (ئێعدام) کاریگەریی پۆزەتیڤی بە سەر فرۆشەرانی مادەهۆشبەرە پێشەییەکان دەبێ، مۆئبدی تەنانەت دەسخۆشیی لە دەزگای دادوەری و غولامحسەینی موسەویی ئیژیەی کرد و ئەوکارەی ئەوانی بە کاریکی باش و نیشانەی جدی بوون زانی ئەمەش لە بنەڕەتدا پێچەوانەیە. چونکە ئێعدام دژکردەوەیەکی توندوتیژانەیەو تەنیا توند وتیژی دەکا بە کەلتوور واتە خۆی بەرهەم دێنێ. کاریگەریی پۆزەتیڤی سزای ئێعدام لە هیچکام لە سەرچاوەکانی حوقووقی و کومەڵناسیدا نەهاتوە و نەسەلمێندراوە. ساڵی ١٩٨٨ لە سەر داوای نەتەوە یەکگرتووەکان لیکۆڵینەوەیەک لە مەڕ سزای ئێعدام و کاریگەریی ئەو سزایە بۆ کەم کردنەوەی تاوان بە نیسبەت حوکمی زیندانی هەتاهەتایی ئەنجام درا، بەڵام ئەو لیکۆلینەوە نەیتوانی کاریگەریی باشتری ئێعدام بۆ گەراندنەوەی مرۆڤ لە تاوان بسەلمێنی، بەڵکوو بنەمای ڕاستەقینەی کاریگەری بۆ گەراندنەوەی مرۆڤ لە بردنە سەرەوەی ئاستی ئەگەری گیران و دەستبەسەر بوون و محەکوم کردن دا ناساند،

تەنیا بە چاوخشاندنێکی سەرەتایی بە سەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئێعدامەکان لە ساڵی ٢٠٠٥ وە هەتا ئێستا ، بۆمان دەردەکەوی کە ئێعدامەکان هەتا دێ زۆرتر دەبن ئەمەش بەو واتایەیە کە ئێعدام نەیتوانیوە کاریگەری ئەرێنی بکاتە سەر کەم کردنەوەی تاوانەکان،(مەبەست ئەو کردەوانەیە کە بە پێی یاساکانی ئێران بە تاوان دێنە ئەژمار) لە ساڵی ٢٠٠٧ لانی کەم ٣١٧ کەس لە ئێران ئێعدام کراون ئەمە دوو قاتی ئێعدامەکان لە ساڵی ٢٠٠٦ و چوارقاتی ئێعدامەکان لە ساڵی ٢٠٠٥ی زایینیە هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٦ دیسان ئەم ڕژێمە بەرزبووەتەوە واتە ٣٤٥ کەس ئێعدام کراون. بە پێی ڕاپۆرتی ئەحمەد شەهید، ڕاپۆرتنێری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی ٢٠١١ واتە هەتا مانگی دیسامبری ئەو ساڵە ٤٢١ کەس بە شێوەی فەرمی و ٢٤٩ کەس بە دزێوەیە واتە بە شێوەی شاراوە ئێعدام کراون،

بەم پێیە ئەگەری ئەوە هەیە کە دیسان ڕێژەی ئێعدامەکان لە ئێران بەرزبێتەوە و ڕیکخراوەکانی مافی مرۆڤیش لەم بارەوە ئیگەرانی خۆیان دەربڕیوە. هەر بۆیە دەکری لە ڕۆژی جیهانیی « نا بۆ ئێعدام» دا، بە ڕیکخستی شەپۆلی نارەزایەتی بە دژی ئەو ڕژێمە، لە هەموو جیهان ، لانیکەم دەسەلاتدارانی ئێرانی لەمەڕ ئێعدامی زیاتر بخرێنە ژێر گوشار. دەکری لەم بارەوە ڕیکخراوە کوردیەکان دەست پێشخەر بن، بەتایبەت کە دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ چالاکانی سیاسی لە کوردستان بە شێوەیەکی بەردەوام درێژەی هەیە و تەنیا لە مانگی حەوتووی ڕابردوودا دوو لاوی کوردستانی بە ناوەکانی سامان نەسیمی خەڵکی مەریوان و مەنسوور ئاروەند خەڵکی مەهاباد بە تاوانی هاوکاریی حیزبێکی کوردی بە ئێعدام مەحکووم کراون. هەر لەم چەند ڕۆژەی ڕابردووش دا دوو کەسی ناوچەی دەشتەبیلی شنۆ (خەڵکی گوندی عەینەڕوم) لە بەندیخانەی ئەغدەم بە ناوی فروشی مادەی هۆشبەرەکان، لە سێدارە دران.



دریژەی:

مەولوود سوارە تێشک دەخاتە سەر کۆنگرەی٢٤ی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست

و: لە کوردەکان، لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کاک خالید عەزیزی سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە باشووری کوردستان کاک مەلا بەختیار لیڤرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە باکووری کوردستانیش خاتوو گولتەن کشانک هاوسەرۆکی بەدەپە لەو کۆنگرەیەدا بە ڕەسمی وتاریان پێشکەش کرد. پێویستە بڵێم کە جیا لەو لایەنانە حدکا وهەروەها کۆمەڵە (یالی عەبدولا موهتەدیش وەک میوان) لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوون. لەسەر یەک لەو وتارانەدا سەرنج درابووە سەر مەسەلەی بوونی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت بە ناوی کورد و مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەلاتی نیوەڕاست و کاریگەری و کاردانەوەکانی نیوان ئەو پرسە لەگەڵ پرسە ناوچەیی و نیونەتەوەییەکان بەتایبەتی بارودۆخی ئەو وڵاتانە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە و هەروەها پێویستیی سەرنج و پشتیوانیی زیاتری کۆڕ و کۆمەڵی نیونەتەوەیی لەو نەتەوەیە.

پ: جیاوازیی ئەوکۆنگرەیە لەگەڵ ئەوانی دیکە بە گشتی و بەتایبەتی بۆ کورد لە چیدا بوو؟

و: بەشێوەیەکی گشتی ئەو کۆنگرەیە لە بارودۆخێکی تازەی نیونەتەوەییدا بەسترا کە هەروەک ئەنتیرناسیۆنال سۆسیالیست لە دەستووری کاری خۆی و دروشمی خۆیدا گونجاندبووی پێویست بوو ئەو ریکخراوە چ لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە جیهاندا و چ سەبارەت بە پرسە سیاسییەکان بیر لە هێندێک ولامی سەردەمییانەتر و گونجاوتر لەگەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆ بکاتەوە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کورد، وەک جیاوازی دەکرێ ئیشارە بە چەند خاڵ بکەین. لەو کۆنگرەیەدا نەخش و ڕۆڵی حیزب و لایەنە کوردییەکان زۆر دیار و ڕێکوپێک بوو، بەتایبەت کە هەر لە ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەدا لایەنەکانی بەشدار لە گرووپی کاری کوردادا بۆ ساغکردنەوەی ئەو گرووپە لە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا کۆبوونەوەیەکمان بە بەشداریی هەموو لایەنەکان پێک هێنا و پاش ڕاویژ و بیروڕا گۆڕینەوە هەیئەتێکمان دیاری کرد بۆ بەدواداچوون و چالاککردنەوەی ئەو گرووپە و ئامادەکردنی گەلالەیەک بۆ پێشکەش کردن بە کۆنگرە. ئەو هاودەنگی و هاوئاهەنگییە لە جارەکانی پێشوو بەرچاوتر بوو. پاشان هەر ئەوە کە بۆ یەکەم جار لەلایەن کوردەکانەوە سی وتار لە سی بەشی جیاوازی کوردستان ڕا پێشکەشی کۆنگرە کرا، خاڵێکی بەهێز بۆ کوردەکان بوو.

پ: بڕیار و بەرنامە و ڕاسپاردەی نوێی کۆنگرە لەسەر کورد چی بوو؟

و: هەر ئەوە کە جەنابی مام جەلال تاڵەبانی سکرتیری گشتیی یەکێتیی نیشتمانی و سەرکۆماری عیراقی فیدرال لە دەنگێکی زۆر بە یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆکی ئەو ریکخراوە هەڵبژێردرایەوە بۆخۆی دەسکەوتێک بوو. هەنگاوی دیکەی کۆنگرە کە بۆ ئێمە گرینگیی هەبوو گرینگی دانیان بە کێشەی کورد و چارەسەری ئەم کێشەیە لە ناوچەدا بوو، و ئەو گرینگیدانە لە تەرخان کردنی کاتی وتارەکان بۆ سێ وتاری کوردی و هەروەها بەهێزترکردنی گرووپی کاری کوردان دا ڕەنگی دایەوە. لەوەش زیاتر لەنێو بڕیارەکانی کۆنگرەشدا بە ڕوونی پاراگرافێک هاتوە کە لەودا بەرەسمی هەڵوێستی ئەنتیرناسیۆنال بەلام وای دەبینم کە خوێندنەوەی ئەمجارەی کوردەکان لەلایەن ئەو ریکخراوەوە کە زۆر لە حیزبەکانی ئەندامی پارتی دەسەلاتداری وڵاتی خۆیانن تایبەتی بوو.

پ: ئایا ئێوە و کۆمەڵە ئەندامی فەرمین یا بەرئەندام؟ چۆن بوو حدک هەڵبژێردرا تا لەو کۆنگرەیەدا وتاری هەبێت؟

و: لە کوردستان تەنیا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەندامی ئەسلییە. کۆمەڵە وەک میوان بانگ کرابوو. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر سۆسیالیست لەو بارەوە و لەمەڕ پشتیوانیی ڕاشکاوی ئەو ریکخراوە لە مەسەلەی کورد دیاری کراوە و ڕاگەیاندراوە. دیارە ئەوە یەکەم جار نیە کە شتی لەو بابەتە پەسند دەکەن، ئێمەش، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەهاریی سیستماتیک و ڕەسمیی ئێمە لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەو کۆنگرەکانی ئەو ریکخراوە زۆرتر پێوەندیی بەو ستاتووسەیەوە هەیە کە حیزبی دێموکرات پێش لەتبوون لەو ریکخراوەدا هەیبووە. بەو مانایە کە ئەنتیرناسیۆنال سۆسیالیست بەباشی لە کەم و کەیفی لەتبوونی دێموکرات ئاگادارە بۆیە تا ڕادەی تەرخان کردنی دەرەتانی وتاری ڕەسمی بە ئێمە وەک لایەنێکی دێموکرات و لە واقیعدا بۆ قسەکردن بە ناوی کوردی ڕۆژهەلات گرینگیمان بۆ دادەنێ. لەڕاستیدا ئاست و کوالیتی پێوەندیی ئێمە هەر لە سەرەتاوە لە باشترین دۆخی دڵخوازدا بووە و زۆر لایەن ڕەنگە ئێستا ئارەزووی پێوەندییەکی لەو چەشنە بکەن. ئەگەرچی من ئارەزوو دەکەم کە ئەگەر ئەو دوو حیزبە یەکیش نەگرنەوە، باش دەبوو کە لانیکەم لەو جۆرە شوێنانە بەتایبەتی لە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا کە پێوەندییەکی مێژوویی لەگەڵ حیزبی دێموکرات هەیە توانیبامان یەکدەنگ و یەکگرتوو بجوڵێینەوە و تەنانەت وتاری هاوبەشیش پێشکەش بکەین.

وتاری هەبێت؟

و: لە کوردستان تەنیا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەندامی ئەسلییە. کۆمەڵە وەک میوان بانگ کرابوو. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر

لەڕاستیدا ئاست و کوالیتی پێوەندیی ئێمە هەر لە سەرەتاوە لە باشترین دۆخی دڵخوازدا بووە و زۆر لایەن ڕەنگە ئێستا ئارەزووی پێوەندییەکی لەو چەشنە بکەن. ئەگەرچی من ئارەزوو دەکەم کە ئەگەر ئەو دوو حیزبە یەکیش نەگرنەوە، باش دەبوو کە لانیکەم لەو جۆرە شوێنانە بەتایبەتی لە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا کە پێوەندییەکی مێژوویی لەگەڵ حیزبی دێموکرات هەیە توانیبامان یەکدەنگ و یەکگرتوو بجوڵێینەوە و تەنانەت وتاری هاوبەشیش پێشکەش بکەین.

کاریگەرییە نەرێنییەکانی زنجیرە دۆبلاژکراوەکان لەسەر منداڵان

سیروان موساپوور

نووسین و لیکۆلینەوە لە بابەت یان دیاردەیەک کە ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵک لە کۆمەڵگەدا هۆگرییەتی، لە هەمان کاتدا کە پێویستی بە تاوتێکردن و لێکدانەوەی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی هەیە، تا ڕادەیەکیش وردبینی و وەردەنانەوەی زۆری گەرەکە و بێگومان پەرچەکردارەی جۆراوجۆریشی بەدواوە دەبێت هیچ سەیر نییە نووسین لەسەر وەها بابەتێک لە لایەن کەسانێکی زۆریشەوە بە «ئاو دە بێژینگ کردن» و «ئاسنی سارد کوتان» لەقەڵەم بدرێت.

بڵاو بوونەوەی فیلم و زنجیرە دۆبلاژکراوە بیانییەکان لە تەلەڤزیونە کوردییەکان یەکێک لەو بابەتانەیە کە لەبەر زۆر هۆکار پێویستە بە وردی دەرەنجامە ئەرێنی و نەرێنی و لایەنە باش و خراپەکانیان لێک بدرێتەوە. وەک دەزانین ئەمڕۆکە بڵاوکردنەوەی ئەم زنجیرە دۆبلاژکراوانە و لەنێوپشیاندا زنجیرە کوردییەکان لە تەلەویزیۆنە کوردییەکانەوە خەڵکێکی زۆریان لە هەموو ئاستە تەمەنییەکان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە و بە سەرنجدان بەوەکە لە تەلەویزیون و لە کاتێکدا بڵاو دەبنەوە کە زۆرترین خەڵک بینەرینە، پێویستیان بە ئاوڕدانەوەیەکی جیددی هەیە.

وەک لە زۆر وتار و بابەتدا ئاماژەی بۆ کراوە و لەسەری نووسراوە، تەلەویزیۆن دیاردەیەکی سەرسوڕهێنەرە کە هاتوتە نێو ژیانی مرۆڤ و بە شێوەیەکی موعجیزەئاسا لە تەواوی ماڵەکان و لە زۆربەی شوێنەکانی کار و پشووداندا بوونی هەیە، بە جۆرێک کە سەرنجی زۆربەی تویژەران و بیرمەندانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. بەم هۆیەوە بەشێک لە تویژەران تەلەویزیۆن بە ئامرازێک بۆ لێنێوبردنی کۆمەڵگەی مرۆیی دەزانن و لە بەرامبەریشدا تاقمێکی دیکە وەک ئامرازێک بۆ خێرایی بەخشین و بردنەسەری توانایەکانی مرۆڤ لەقەڵەمی دەدەن. بەڵام ئەگەر بە ئینسافەوە لە مەسەلەکە بڕوانین دەبێ بڵێین تەلەویزیۆنێش وەک زۆربەی داهێنانە مرۆییەکان هەم لایەنی باشی هەیە و هەم لایەنی خراپ. ئەگەر سەبارەت بە کاریگەرییەکانی تەلەویزیۆن لەسەر منداڵنێش شتێک بڵێین، مەسەلەکە هەر بەم شێوەیەیە و هیچ کەس ناتوانێ ئیددیعای ئەوە بکات کە ئەم ڕاگەیەنە بۆ منداڵان تەنیا باش یان خراپە. بۆ هەندێک لە منداڵان لە هەندێک بارودۆخ، هەندێک لە بەرنامە تەلەویزیۆنییەکان خراپن و لەوانەیە بۆ منداڵانی دیکە و لە بارودۆخێکی جیاوازدا بەسوود بن یان لانێکەن بێکاریگەری بن. کە واتە ئەوە جۆری بەرنامەکە و سیاسەتی پشتی ئیدارەکردنی تەلەویزیۆنە کە ڕادەی کاریگەرییە باش و خراپەکانی تەلەویزیۆن دەستنیشان دەکات.

هەروەک ئاماژەی پێکرا، تەلەویزیۆن وەک ڕاگەیەنێکی گشتی خاوەن کاریگەری و دەرەنجامی ئەرێنی و نەرێنی لەسەرتاک و بە تایبەت لەسەر منداڵانە. ئەگەر لە لایەک ڕۆڵی گرنگی لە بەکۆمەڵایەتیبوون و پێکردنەوەی کاتی بێکاریی و حەسانەوەی منداڵان و فیربوونی زۆر بەرنامە و بابەتی بەسوود هەیە، ئەوا لە لایەکی دیکەشەوە ڕۆڵی گەورەتری هەیە لە دەرکەوتنی چەندین کاریگەریی نەرێنی کە لێرەدا بە کورتی باس لە هەندێک لە کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم زنجیرە دۆبلاژکراوانە وەک یەکێک لە پڕبینەرترین بەرنامەکانی تەلەویزیۆن دەکەین:

١ـ بەفیڕۆچوونی کات. کات (وەخت) زۆر گرینگتر لەوەیە کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە و سوودی لێ وەردەگرین. بەڵام بڵاوبوونەوەی هاوکات یان یەک لەدوای یەکی ئەم زنجیرانە لە کەناڵە کوردییەکانەوە، بەڕاستی ئەم فورسەتە لە کیس ئێمە دەدات کە دەتوانین بۆ زۆر بابەتی گرینگی دیکە سوودی لێوەرگرین . قۆناغی منداڵانێش وەک یەکێک لە قۆناغە هەرە گرینگ و هەستیارەکانی ژیانی مرۆڤ یەکێک لەو قۆناغانەیە کە بناخەی کەسایەتی داهاتووی تاکی لەسەر دادەڕێژرێت. ئەگەر کات لەم قۆناغە تەمەنییەدا بە باشی سوودی لێوەرنەگیرێ و بە دروستی و بە وردی پڕ نەکرێتەوە، دەتوانین بڵێن بێئەملا و ئەولا کاریگەریی لە سەر داهاتووی تاکەکە دەبێت. منداڵ چ کاتی خۆی بۆ بینینی ئەم شتانە تەرخان بکات و، چ گەورە و سەرپەرشتیکارانی منداڵان ئەو کاتەی کە دەبێ بۆ پڕوەردە و ڕاهێنانی منداڵ تەرخانی بکەن تێیدا خەریکی بینینی ئەم جۆرە فیلم و زنجیرانە بن، لە هەر دوو حالەتدا هەر منداڵە زیان دەبینێت.

٢ـ لاساییکردنەوە. زۆر لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی لاساییکردنەوە لە کۆمەڵگەدا بڕەو دەستێنن و شێوەی ئاسایی بەخۆیانەوە دەگرن. هەر لە مۆدێلی چلوبەرگ بگرە هەتا لاساییکردنەوە لە داب و نەریت و عادەتەکان. بێشک زیاتر لە هەمووان هەوڵی منداڵان لە لاساییکردنەوەدا جێگەی سەرنج و لێ وردبوونەوەیە، بە تایبەت ئەوەکە ئەم لاساییکردنەوە پێویستی بە هەوڵدانێکی تایبەت نەبێت. وەک دەزانین ئەمڕۆکە تەلەویزیۆن لەهەموو ماڵەکاندا هەیە و سەیرکردنی بەرنامەکانیشی بەبێهەوڵدانێکی تایبەت جێبەجێ دەبێت.

جا پێویستە بە ڕوونی دان بەوەدا بنێین کە لاساییکردنەوەی بێجێ و زیانبەخش زۆر دواهات و دەرەنجامی نەرێنیشی بەدواوە دەبێت، کە یەکێک لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم زنجیرە دۆبلاژکراوە کوردییانە، لاساییکردنەوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکانی بەشدار لەم زنجیرانەیە. ئەگەر گەورەکان زۆر عادەتی باش یان خراپ و زۆر نەخشە و پیلانی سەرنجڕاکێش و، زۆر قسە و دەستەواژە لەم فیلم و زنجیرانە وەردەگرن یان لانێکەم بۆ کات پڕکردنەوە سەیریان دەکەن یان بە قسەی خۆیان شارەزای مێژووی کۆنی ئەم وڵاتە دەبن!! نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ڕۆژانە لە کوچە و کۆڵان و لەنێو یاریکردنی منداڵاندا شاهیدی شەڕە شمشێر و تیرهاویشتنی منداڵانین کە زۆرجار دواهاتی خراپیشی بەدواوەیە. منداڵان لاسایی ئەو شتانە دەکەنەوە کە لە تەلەویزیوندا دەیبینن و خۆیان لە جێگەی قارەمانانی ئەو فیلم و زنجیرانە دادەنێن. ئەگەر لاساییکردنەوەی بە ڕادەیەک گەیشت کە کاریگەری لەسەر دەروون و جەستە و هەندێک لە جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیمان هەبێت، چ باشتر کە سلاوێک بۆ گیانی نەمری دۆبلاژکراوە کوردییانە، لاساییکردنەوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکانی بەشدار لەم زنجیرانەیە. ئەگەر گەورەکان زۆر عادەتی باش یان خراپ و زۆر نەخشە و پیلانی سەرنجڕاکێش و، زۆر قسە و دەستەواژە لەم فیلم و زنجیرانە وەردەگرن یان لانێکەم بۆ کات پڕکردنەوە سەیریان دەکەن یان بە قسەی خۆیان شارەزای مێژووی کۆنی ئەم وڵاتە دەبن!! نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ڕۆژانە لە کوچە و کۆڵان و لەنێو یاریکردنی منداڵاندا شاهیدی شەڕە شمشێر و تیرهاویشتنی منداڵانین کە زۆرجار دواهاتی خراپیشی بەدواوەیە. منداڵان لاسایی ئەو شتانە دەکەنەوە کە لە تەلەویزیوندا دەیبینن و خۆیان لە جێگەی قارەمانانی ئەو فیلم و زنجیرانە دادەنێن. ئەگەر لاساییکردنەوەی بە ڕادەیەک گەیشت کە کاریگەری لەسەر دەروون و جەستە و هەندێک لە جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیمان هەبێت، چ باشتر کە سلاوێک بۆ گیانی نەمری «مەولانا» بنێرین کە فەرموویەتی: « ای دو صد لعنت بر این تقلید باد».

٣ـ دواکەوتن یان لاوازیی ئاستی خوێندنی قوتابی و خوێندکاران. بڵاوبوونەوەی ئەم فیلم و زنجیرانە لەو کاتانەدا کە پێویستە منداڵی قوتابی خۆی بە خوێندنەوە و پێداچوونەوەی وانەکانی خەریک بکات، کاریگەرییەکی زۆری لە لاوازی ئاستی خوێندن و دواکەوتنی قوتابیان هەیە. دیارە ئەمە تەنیا تایبەت بە منداڵان نییە بەڵکوو لاو و تازەلاوە خوێندکارەکانیش دەگرێتەوە. تەنانەت دەتوانین بڵێین کاریگەریی لەسەر بەشێک لە مامۆستاکانیش هەیە.

٤ـ ئاشنابوون بە کولتووری بێگانە و دوورکەوتنەوە لە کولتووری خود. ئەگەر پێناسەکەی تایلۆر وەک یەکێک لە پێناسەکان بۆ کولتوور قبووڵ بکەین کە دەڵێ: « کولتوور بریتییە لە گشتێکی ئاڵۆز لە زانست و زانیاری، هونەر، هزر و بیروباوەڕ، یاسا و دیسیپلین، دابونەریت و ترادیسیۆنەکان و هەر چەشنە توانایەکی دیکە کە مرۆڤ وەک ئەندامێک لە کۆمەڵگە وەردەگرێت» بێگومان کاریگەریی کولتووریی ئەم زنجیرانە لەسەر تاکی کورد بە گشتی و لەسەر منداڵان بە تایبەتی دەردەکەوێ. چونکە زۆر لەو بیروباوەڕ و دابونەریت و عادەت و ڕەفتارانەی کە لەو زنجیرە بیانییانەدا بەکار دێن، بە شێوەی ئاگایانە و نائاگایانە لە لایەن تاکی کورد و بە تایبەت منداڵانەوە وەردەگیرێن. ئەوە لە حاڵێک دایە کە زۆر لە توخمە کولتوورییەکانی خۆمان وەک شتێکی نامۆ سەیر دەکرێن و تەنانەت لە لیواری لەنێوچوون دان. فرۆشتنی جلوبەرگی هاوشێوەی جلوبەرگی ئەکتەر و قارەمانانی ئەو زنجیرانە و نیولێنانی منداڵە تازە لەدایکبووەکانی کورد بە نیوی ئەم ئەکتەرانە کە بەرەبەرە خەریکە بڵاو دەبێتەوە، دەتوانن ئاماژە بن بەوەی کە لە داهاتوودا زۆر شتی ناو کولتووری بیانی بە تایبەت کولتووری خەڵکی کۆریا زیاتر بڵاو دەبنەوە.

٥ـ کاریگەریی دانان لەسەر لایەنی سۆزداریی و بڕوسەندنی توندوتیژی لەنێو منداڵاندا. بابەتی تەلەویزیۆن و توندوتیژی لە منداڵاندا یەکێک لە بابەتە هەستیارەکانی جیهانی ئەمڕۆیە و سەرنجی زۆر لە زانایانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. دوپاتبوونەوەی بەردەوامی دیمەن و سەحنەی پڕ لە توندوتیژی کە تیایدا سەر دەبڕدرێ، خوێن دەڕژێ، کڕنوش دەبردرێ و ... کاریگەریی زۆر خراپ لەسەر باری دەروونی و لایەنی عاتیفیی منداڵان دادەنێت. توێژینەوە لەسەر منداڵان لە وێلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم باوەڕە پەسند دەکات کە لانێکەم لە سێ پرۆسەدا لەوانەیە ئاستی توندوتیژی لەو منداڵانەی کە بینەری ئەم دیمەنە پڕ لە توندوتیژییانەن، بەرز بێتەوە کە ئاماژە بە دوو دانەیان دەکەین: یەکەم منداڵان لە تەلەویزیوندا ئەو ئۆلگوو و سەرمەشقانە دەبینن کە کردەوەی توندوتیژانە ئەنجام دەدەن. منداڵان حەز دەکەن لاسایی ئەو کردەوانە بکەنەوە و ئەنجامیان بدەنەوە بە تایبەت کە لە لایەن قارەمانانی ناو فیلمەکان ئەنجام بدرێت. بێجگە لەمەش کاتێک کە قارەمانەکە بە هۆی ئەنجامدانی توندوتیژییەوە، خەڵات وەردەگرێت یان وەک کەسێکی سەرکەوتوو لەقەڵەم دەدرێت، هۆگری و حەزی منداڵەکەش بۆ ئەنجامدانی کارەکە دەچێتەسەر. دووهەم، بینینی بەردەوامی دیمەنی پڕ لە توندوتیژی کاریگەری لەسەر باوەڕ و بەهاکانی منداڵ دادەنێت. ئەو منداڵانەی کە بەردەوام توندوتیژی لە تەلەویزیۆنەوە دەبینن، لەوانەیە ئەو بڕوایە پەیدا بکەن کە کردەوەی توندوتیژانە شێوازێکی پەسندکراو بۆ چارەسەری کێشەکان بێت و توندوتیژی بنوێنن یان بە پێچەوانەوە چاوەڕوانی ڕەفتاری توندوتیژانە لە کەسانی دیکە بکەن.

لە کوتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم نووسینە تەنیا ئاوڕدانەوەیەکی ناتەواو و کورتی پەیوەندیدار بەم بابەتەوەیە. لەگەڵ ئەوەیکە پێویستە پسپۆڕان و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان شارەزایانە لێکۆلینەوەی لە سەر بکەن، لە هەمان کاتدا ئەرکی بەرنامەدارێژان و بەرهەمهێنەران و دۆبلاژکارانی بەرنامە تەلەویزیۆنییەکانە کە دەبێ زانیاری تەواویان لەسەر دواهات و خەسار و مەترسییە کورت خایەن و درێژخایەنەکانی ئەم چەشنە فیلم و زنجیرانە هەبێ و ئاگاداری دەرەنجامە نەرێنییەکانی دیمەنە پڕ لە توندوتیژییەکانی ئەم جۆرە فیلمانە بن و لە جێگەی ئەوە هەوڵ بدەن بەرنامە و پڕۆگرامی هاوڕێک لەگەڵ کولتووری حۆمان و گونجاو لەگەڵ باری ڕوحی و دەروونی تاکی کورد و لەنێوپشیاندا منداڵان بڵاو بکەنەوە. وەک دەزانین لە وڵاتی ئێمەدا تەلەویزیۆن ڕاگەیەنێکی حکومی و نەتەوەییە و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو ئامرازە میدیاییە، هاوکاریی هەمەلایەنەی بەرپرسان و سەرپەرشتیکاران لە لایەک و بنەماڵە و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەکی دیکەوە پێویستە. هیچ زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین تەلەویزیۆن وەک زانکۆیەکی گشتی کاریگەریی لەسەر زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە هەیە، کەواتە ئاراستەکردنی بەرنامەکانیشی دەبێ خەمی هەموو لایەک بێت چونکە دەرەنجامە نەرێنی و نەرێنییەکانی بۆ هەمووان دەگەڕێتەوە(بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سود لە چەند ماڵپەرێک وەرگیراوە).

ڕاپۆرتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ٣ مانگی هاوینی ئەم ساڵدا

(کوژرانی ٢٢ کەس، گیرانی ١٢٣ کەس، سەپێندرانی نزیکەی ٢٥٠ ساڵ زیندان بە سەر گیراواندا)

کوردستان و کورد نیوز: ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر وەک پێشوو ناوەندی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێراڤە.

لە درێژەی ڕەوتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەلایەن ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە ماوەی سێ مانگی هاوینی ئەم ساڵدا ٢٢ کەس کوژراون، ١٨ کەس بە تەقەی ڕاستەوخۆ هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بریندار بوون و ١٢٣ کەس لە خەڵکی کوردستان بە تومەتی ئەمنیەتی گیراون کە بەشێکیان حوکمی قورسی زیندانیی درێژماوەیان بە سەردا سەپاوە.

بەپێی ئەو ڕاپۆرت و هەواڵانەی بە ناوەندی هەواڵی «کوردستان و کورد» ی حیزبی دیموکراتی کوردستان گەیشتوون، هێزە نیزامی و چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی سێ مانگی هاوینی ئەم ساڵدا گیانیان لە ٢٢ کەس لە خەڵکی کوردستان ستاندوە کە ١٤ کەس لەوان کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون کە بە تەقەی ڕاستەوخۆی ئەو هێزانەی کۆماری ئیسلامی ٤٩ کەسیان لە کوردستان دادگایی کردوە و سزای لە ٦ مانگ تا ٤٠ ساڵ زیندانیان بە سەر دا سەپاندووە.

ئەو ٤٩ کەس لە چالاکانی سیاسیی کورد کە ٢٩ کەسیان یان لە زیندان دابوون، یان بە دانانی بارمتەی قورس تا کاتی دادگایی کردنیان ئازاد کرابوون، سەرجەم ٢٤٧ ساڵ و ٤ مانگ زیندانیان بە سەردا سەپاوە.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی جیا لەوە بە تومەتی « محاربە» و (دژایەتی کردنی خودا) سزای قورسی ئیعدامی بە سەر سێ چالاکی کورد، بەختیار مێهماری، سامان نەسیم و مەنسوور ئاروەند دا سەپاندوە.

ڕەوتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی هاوینی ئەم ساڵدا لە کاتێک دایە کە لە سێ مانگی بەهاری ئەم ساڵیشدا لانێکەم ٢٢ کەس کە زۆربەیان کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون، بە دەستی هێزە ئەمنیەتی و ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کوژرابوون و ١٣ کەسیش بریندار ببوون.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی سەرەتای ئەم ساڵدا لانێکەم ٥١ کەس لە خەڵکی مەدەنی و چالاکان و لوانی هەڵسووڕی کوردیان بە تومەتی چالاکیی سیاسی و ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەدەست کردبوو کە ٤٤ کەس لەو گیراوانە دوای دادگایی کرانیان سزای لە ٥ مانگ و یەک ساڵ و دوو ساڵ ڕا بگرە تا ٣٠ ساڵ زیندانیان بە سەردا کۆماری ئیسلامی کوژراون، ٢ کەسیان لە گرتنگەکانی ئیتڵلاعات گیانیان لە دەست داوە و ٥ کەسیشیان کاسبکارانی کورد بوون کە لە ئاکامی ڕاودەوونانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و تەقە لێکردنیان ماشینەکانیان وەرگەڕاون، ماشینەکانیان سووتاون و بەو هۆیەوە گیانیان لە دەست داوە. هەر لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک گیراو لە بەندیخانەکانی کوردستان بە تاوانی قاچاغی مادە هۆشبەرەکان لە دار دراون کە ناونیشانی ٤ کەس لەوان زانراوە.

لە ماوەی ئەو سێ مانگەی وەرزی هاویندا ١٥ کەس لە کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بریندار بوون و ٣ کەسیش بە هۆی تەقینەوەی مین لاقیان پڕبوە.

ناوەندە ئەمنیەتییەکان و ئیدارەکانی ئیتڵاعاتی کۆماری ئیسلامی لە شار و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لە ماوەی ئەو ٣ مانگەدا ١٢٣ کەس لە خەڵکی کوردستانیان بە تومەتی ئەمنیەتی و چالاکی دژی کۆماری ئیسلامی لە بەندیخانە توند کردوە و دەزگای قەزایی و دادگاکانی شۆرشی سەپاوە و ٣ کەس لەوانیش مەحکووم بە ئیعدام کرابوون.

بەو پێیە هەر ئێستا ٢٠ کەس لە چالاکانی سیاسیی کورد حوکمی ئیعدامیان بە سەردا سەپاوە و ناوی ئەو ٢٠ کەسە کە بە تومەتی «محاربە» لە لایەن دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە ئیعدام مەحکووم کراون، بریتین لە:

١. حەبیبوڵلا لەتیفی ٢. مستەفا سەلیمی ٣. شیرکو مەعارفی ٤. سمکۆ خورشیدی ٥. سیروان نژاوی ٦. ئیبراهیم عیساپوور ٧. رزگار (حەبیب) ئەفشاری ٨. عەلی ئەفشاری ٩. حەبیبوڵلا گوڵپەرپیوور ١٠. زانیار مرادی ١١. لوقمان مرادی ١٢. هوشەنگ ڕەزایی ١٣. ڕەزا ئیسماعیلی ١٤. بیهروز ئالخانی ١٥. سەید سامی حوسینی ١٦. سەید جەمال محەممەدی ١٧. بەختیار میعماری ١٨. مەنسوور ئاروەند ١٩. سامان نەسیم (نەعیم) ٢٠. ڕەشید ئاخکەندی

شایانی باسە کە ئەو ئامارە بەپێی ئەو هەواڵ و زانیارییانە بڵاو بوونەتەوە کە بە هەواڵدەریی کوردستان و کورد گەیشتوون یان لە میدیا کوردییەکان و لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە بڵاو بوونەتەوە؛ بەو پێیەش کە کۆماری ئیسلامی کەشی سەرکوت و بێدەنگە کردنی بە سەر کوردستاندا سەپاندوە، بە دڵنیاییەوە ئاماری پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان زۆر لەوە زیاترە کە لەو ڕاپۆرتەدا و لەو خشتەیەی خوارەوەدا هاتوە.

بۆ بینینی خشتەی وردەکاریەکانی زیاتری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە سێ مانگی هاوینی ١٣٩١دا سەردانی ئەو لینکە لە سایتی «کوردستان و کورد» بکەن:

http://www.kurdistanukurd.com/hewal_dreja.php?id=2363

دابەزینی بەهای دراو یان داڕووخانی بناخەی سەرەڕۆییەک

ئەیووب شەهابی ڕاد

لە بارودۆخێکدا کە بەهای یەکەی دراوی ئێران (ڕیال) لە بەرامبەر دراوە بیانییەکاندا (ئەرز) ڕۆژ لەگەل ڕۆژ زیاتر دادەبەزێ و ڕەوتێکی داکەوتنی ڕەها دەپێوێ، بە شێوەیەک کە بە پێی دواینین هەواڵەکان بەهای هەر دۆلاریکی ئەمریکی لە بەرامبەر تەمەندا بە سەرووی ٣ هەزار و ٦٣٠ی تەمەن گەیشتووە و ئەمە لەحاڵێکدایە کە هەواڵدەرییە نێوخۆییەکان باس لە داخرانی دەرگای سەرڕافی و شوێنەکانی گۆڕینەوە و کڕین و فرۆشتنی دراوە بیانییەکان دەکەن.

بێگومان یەکێک لە ئاکامە زیانبارەکانی دابەزینی لەڕادەبەدەری یەکەی دراوی هەر وڵاتێک لە بەرامبەر دراوە بیانییەکان بریتییە لە چوونەسەری ئاوسانی ئابووری، بەرزبوونەوەی نرخەکان، ڕاوەستاویی بازار و نووسینگە ماڵییەکان و سەرەنجام داڕمانی ئابووری. ئاشنابوونی زەینییەتی کۆمەڵەی ئێران لە چەمکگەلێکی وەک بێکاری، گرانی و ئاوسانی ئابووری بۆ دریژایی سەردەمی دەسەڵاتداریتیی ڕێژیمی وێلایەتی فەقیهی دەگەڕێتەوە. هەرچەند گەشەی تەکنۆلۆژیا و دەسکەوتە گەورەکانی زانستی بتەوێنەتەوێ کاریگەریی لەسەر هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان بە شێوەی دەورەیی و بە شێوازی جۆراوجۆر هەبووە و گەشانەوەی ئابووری و بەدوای ئەویشدا باشتربوونی ئاستی ژیانی کۆمەڵگەکانی کەم تا زۆر بەدواوە بووە. لەم بوارەدا ئابووریی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ژیانی خۆی بە گۆڕینی ڕوانگەی ڕێژیمی خۆی لە ئابووریەکی نەریتی و تەواو دەوڵەتییەوە بەرەو ئابووریەکی کراوەتر، ئامانج و پڕۆژەگەلێکی بەدەستەوە بووە.

بە ئاوردانەوەیەکی گشتی بۆ ئابووری قەیراناوی و بەلێدراوی ئێران، لەوانەیە تەحریمە ئابووریەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە یەکێک لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی تەواوی ئەم گرفتانە لەقەڵەم بدرێت. بەڵام داڕووخانی زیاتر لە سێ دەیە داروپەردووی سەرەڕێی و دەرەنجامە خراپەکانی ئەم شێوە دەسەڵاتدارێتییە لەسەر تەواوی ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگە و بە تایبەت گوشار و کێشە بەردەوامەکانی ئابووری، هەنووکە ئەم پرسیارانە لە زەینی ئاگا و پڕ لە پرسیاری خەڵکی ئێران بەبێر دێنێتەوە کە هۆکاری ئەم هەموو دواکەوتوویی و شکستە یەک لە دوای یەکە ئابووریانە و چەندین جۆر پڕۆژەی داڕێژراو لەم بوارەدا چییە؟ داخۆ زیاتر لە سێ دەیە دەسەڵاتدارێتیی بەس نییە بۆ ئەوەی زانست و ئەزموونی پێویست بۆ یەکدەست کردنی نرخی ئەرز یان کۆنترۆڵکردنی نرخی وەکیەکی ڕیاڵ لە بەرامبەر دراوە بیانییەکاندا بەدەست بێنێت؟ لە بنەڕەت ڕا بۆ دەبێ وەها تەحریمەلێک دژی وڵاتێک ئەویش بەم توندی و بەربڵاوییە بخرێنە کار؟ بۆ دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بە ئاگاداربوون لەوەکە هەڵگری ئابووریەیەکی لەرزۆک و تێکشکاون، بەم شێوەیە لە بەرامبەر وڵاتانی جیهاندا زۆرنای شەڕیان هەڵگرتوە و بە پشت کردنە بەڕژەوەندییەکانی خەڵک، سەرمایە و دارایی ئەم وڵاتە دەرخواردی وڵات و گرووپە توندڕەو و شەڕخوازەکان دەدەن؟

چێرۆکی یەک نرخ کردنی ئەرز (پارەی وڵاتانی دەرەوە) یان کۆنترۆڵی نرخی بەرابەریی دراوە بیانییەکان، پێشینەی بە ڕادەی ماوەی دەسەڵاتدارێتیی ئەم ڕێژیمە دەبێت. لە ڕوانگەی لۆژێکی ئابووریەیەوە، یەک نرخی کردنی ئەرز، لە ڕێگەی ئازادکردن و پێشخستنی بەهای دراوی نەتەوەیی بە دیاریکردنی ئامانجدارکردنی بەهای ئەرزی واقعی و هەروەها کۆنترۆڵکردنی هەڵکشان و داکشانی ئەرزی بە شێوەی شناوەر مەیسەر دەبێت. هەمان ئەو ئامانجەی کە ئەحمەدینژاد لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی خۆیدا لە ڕێگەی پیادەکردنی «بەرنامەی ئامانجدارکردنی یارانەکان» دەیهەویست پێی بگات. بەڵام بە ئاوردانەوەیەک بۆ ڕەوتی هەوڵەکانی سێ دەیەی دوایی کابینەکانی حکوومەت لە بەرێوەبردنی ئابووریەیەکی دروشماوی لە چوارچێوەی تیۆرە نەئاسراوەکانی وەک ئابووری ئیسلامی و ئابووریی دەوڵەتییەوە بگرە، هەتا گەڵاڵەکانی دروستکردنەوە و هەموارکردنی پێکهاتە ئابووریەیەکانی سەردەمی ڕەفسەنجانی و، هەتا پیادەکردنی سیاسەتە دژبەیەک و ناڕوونە ئابووریەیەکانی ئەحمەدینژاد، لەوە تێدەگەین کە یەکێک لە نیگەرانییەکانی تەواوی ئەم کابینە دەوڵەتییانە یەکدەست کردنی نرخی ئەرز بووە. بەڵام لەم بوارەدا یان سەرنەکەوتوون و ئەگەر توانیبێشیان بۆ ماوەیەک ئەم سیاسەتە بەڕێوە ببەن، ئەم کارە دواهاتی زیانباری لە بوارەکانی دیکەی ئابووریی نەتەوەیی وەک چوونەسەری گرانی و بێکاری، چوونەدەری سەرمایە نێوخۆییەکان و هەروەها نەبوونی کێبەرکێیەکی ئامانجدار و چالاکیی لە گشت بیاڤە ئابووریەیەکانی دیکە بەدواوە بووە.

هەرچەند تەحریمە ئابووریە هۆشیارانەکانی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بە دژی ئێران کاریگەریی بەرچاویان لە تێکووخانی زیاتری ئابووریی ئێران هەیە، بەڵام بوونی کێشە و قەیرانە جۆراوجۆرە ئابووریەیەکانی پێش ئەم تەحریمانەش شتێکی حاشاهەڵنەگرە. سیاسەتە ئابووریە جێبەجێکراوەکان لە لایەن ئەحمەدینژادەوە کە زیاتر سەرچاوەی سیاسییان هەبووە و بەردەوام تێکەڵاوی شانتاژ و هەراوهۆریای تەبلیغاتی بوون، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بردنەسەری ئالۆزییەکان هەبووە کە یەکێک لە دواهاتە زیانبارەکانی ئەم ڕەوشە لەنێوچوونی متمانەی خەڵک و سەرمایەگوزاران بە ڕێژیمە و چالاکیی ئابووری لەژێر دەسەڵاتدارێتیی ئەم حکوومەتە دایە.

لە ئێستادا ڕێژیم بە تەواوی توانای خۆی لە هەوڵ دایە هەتا بە هۆی ڕێگەچارە و خستنەڕووی بەرنامە جۆراوجۆرەکانی دراوی و دارایی بتوانێ دۆخی شێواو و قەیراناویی هەنووکەیی کۆنترۆڵ بکات. بەڵام لەحاڵێکدا کە پێوەر و نیشانە سەرەکییەکانی ئابووریی ئێران بریتییە لە: بەستراوەبوونی تەواو بە داهاتە نەوتییەکان، هەبوونی ڕانتخۆری و ئاستێکی بەربڵاودا، پاوانکردنی شارەگە سەرەکییەکانی ئابووری و بازرگانی لەدەست مافیای سەر بە ویلایەتی فەقیهی، گەندەڵی بەربڵاویی ماڵیی و هەبوونی سیاسەتە دژە دابڕەروەرییەکان، دەبێ دان بەم ڕاستییە دابنرێ کە ئابووریە شڕ و پڵەی خۆی دایە. لەوەها بارودۆخێکدا نە تەنیا هیچ هیوایەک بە باشتربوونی دۆخی هەنووکەیی نییە، بەڵکوو لە سێیەری بەرێوەبەرێتیی نادروست و هەڵەی نێوخۆیی و پێداگریی ڕێژیم لەسەر بەرنامە ناوکییەکانی و سیاسەتی شەڕخوازانە، ئەم ڕەوتە لە ڕابردوو خراپتر و هەروا درێژەی دەبێت.

لەوەها بارودۆخێکدا نە تەنیا هیچ هیوایەک بە باشتربوونی دۆخی هەنووکەیی نییە، بەڵکوو لە سێیەری بەرێوەبەرێتیی نادروست و هەڵەی نێوخۆیی و پێداگریی ڕێژیم لەسەر بەرنامە ناوکییەکانی و سیاسەتی شەڕخوازانە، ئەم ڕەوتە لە ڕابردوو خراپتر و هەروا درێژەی دەبێت

وە: سیروان موساپوور

ئێستا لەم نیوەدا و لەگەڵ هەموو ئەم کێشە و گرفتانەی کە خەڵک ڕۆژانە لەگەڵیان هەدەوروویە و قورساییەکەیان هەست پێدەکات، ئەوەیکە جێگیرە و بەردەوام دەمێنێتەوە، خەڵک و کۆمەڵگەی ئێران و ئەوەیکە لەرزۆکە و دەبێ بروات، ئەو دیکتاتۆرە خۆویست و خەڵک نەویستانەن کە هیچ هاوڕایی و گونجانێکیان لەگەڵ بەدەستەوەگرتنی کاروبارەکانی کۆمەڵگەیەک نییە.

تمەن و ئەحمەدی نژاد بە تەنیا!

مادح ئەحمەدی

هەفتەی ڕابردوو لە ئێران، هەفتەیەکی ئاڵۆز بوو. لە لایەکی دابەزینی نرخی تمەن لە بەرابەر دۆلاردا ڕیکوردێکی مێژوویی تۆمار کرد. لە لایەکی دیکەوە بەم بۆنەوە بازاڕی دراو داخرا و خەڵک خۆپیشاندانیان کرد. لە دریژەشدا دەزگای دادوەری ڕایگەیاند کە ١٦ کەسی گرتوە کە تۆمەتبارن بەوەی بازاڕی دراویان شێواندوە. بە گشتی دەکرێ بڵێین دابەزینی نرخی تمەن لە بەرابەر دۆلاردا هەفتەی ڕابردوو هەموو ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێرانی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.

لەم نیوەدا ئەوەی گرنگە کۆنفرانسی ڕۆژنامەنووسیی «مەحمود ئەحمەدی نژاد» سەرکۆماری ئیسلامیی ئێران بوو کە سێ کاتژمێری خایاند و تێیدا هەموو ڕێگاکان چوونەوە سەر تمەن و ئەمجارە سێیەمی نرخی تمەن لە باتی تێشک بە دەوری سەریدا سووڕایەوە. بۆیە لێردا تێشک دەخەینە سەر چەند خاڵی گرنگی قسەکانی ئەحمەدی نەژاد:

١. ئەگەرچی پێشتر ئەحمەدی نەژاد لە وتارێکدا ڕایگەیاندبوو کە «ئەو دۆلارەی وا باسی دەکەن یەک دانەی تەنانەت ٩٠٠ تمەن ناکات» دۆلار لە هەفتەی ڕابردوودا نرخەکەی بەرز بۆوە و لە بازاڕی تاران گەیشتە سەرەوەی ٣٦٠٠ تمەن. بۆیە ئەحمەدی نژاد بە پێچەوانەی ئەو قسەیە، ئاخری دانا بەوەدا نا کە تمەن بایەخی نەماوە. بەڵام کاتێک دانی بەم ڕاستییەدا نا کە قسەکەی بایەخی لە تمەن کەمتر بوو، چونکە کار لە کار ترازا بوو و ئەوەی نەدەبا ڕوویدایە، بەسەر تمەندا هات. هەروەها ئەحمەدی نژاد لە قسەکانیدا سەرەڕای ئەوەی دانی بە کێشەکەدا نا، بەڵام هۆکارەکانی دابەزینی نرخی تمەنی لە سیاسەتەکانی خۆی دوور خستەوە و دەستی دیکەی بە تاوانبار لە قەڵەمدا.

٢. بۆ یەکەم جار ئەحمەدی نژاد لە پێوەندی لەگەڵ دابەزینی نرخی تمەن دا دانی بەوەدا نا کە گەمارۆکان کاریگەرییان هەبووە. ئەرگەر پێشتر باسی ئەوەی دەکرد کە «گەمارۆکان کاریگەرییان نابێ و خەڵک ژیانی خۆیان دەکەن و «با ئەوەندە گەمارۆ بخەنە سەرمان تا ماندوو دەبن»، ئەمجارە لەو دەروازەوە کە «ئەوان درۆ دەکەن گوشاری گەمارۆیەکان بۆ سەر خەڵک نییە و گوشار خستنە سەر دەوڵەتەکانە، کەمارۆکان گوشار خستنە سەر خەڵکە« دانی نا بە کاریگەریی گەمارۆکاندا. لێرەشدا ئەحمەدی نژاد قسەکەی بێ بایەخ بوو و ناتوانی هیچ لەو دۆخەی ئێستا بگۆڕێ. ئەگەر مەبەستی ئەحمەدی نژاد ڕێگا گرتن لەو دۆخە بایە کە ئێستا ئێرانی تێی کەوتوە، زۆر زووتر دەکەوتە خۆی و ئاڵوگۆڕی لانیکەم لە سیاسەتەکانی خۆیدا پێک دێنا. ئەگەرچی ئەمەش دۆخەکەی نەدەگۆڕی و هەموو ئەو گرفتانە چارەسەرەکەیان لە دەستی «عەلی خامنەیی»دایە، بەڵام بەو حاڵەش ئەحمەدی نژاد ڕەخنەکانی لە کۆڵ خۆی دەکردەوە.

٣. ئەوەی لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەنووسییەکەی ئەحمەدی نژادا زۆر زەق بوو و کاردانەوەی توندیشی لێکەوتەوە، هێرشی بێ وێنەی ناوبراو بوو بۆ سەر هەموو لایەنەکان و دامودەزگاکان لە ئێران. ئەحمەدی نژاد لە قسەکانیدا ناڕاستەوخۆ هێرشی کردە سەر عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی. لە لایەکی دیکەشەوە نژاد ڕەحمی بە سپای پاسداران و ژمارەیەک لە فەرماندەکانی سپاش کە ڕۆژگاریک پشتیوانی سەرەکیی ناوبراو بوون نەکرد. هەروەها هەڵیکوتایە سەر دامودەزگا ئەمنییەتییەکان و دەزگای داوەری و ئەو ئاژانسە هەواڵدەرییانەی کە سەر بە دەزگا ئەمنیەتییەکانن.

هێرشەکانی ئەحمەدی نژاد بە جۆرێک بوو کە کەسی نەهێشت و خۆی و کابینەکەی بە تەنیا مانەوە. ئەم هێرشانەی ئەحمەدی نژاد دەکرێ لە هەنگاوی یەکەمدا بڵێین دوو مەبەستی لە پشتە:

یەکەم: وڵامدانەوەیەک بەو هێرشانە بوو کە دەکرێتە سەر خۆی و کابینەکەی. واتە بەم شێوەیە ویستی داکۆکی لە کابینەکەی بکا و کێشە و گرفتەکانیش بخاتە ئەستۆی بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامی ئەم سیاسەتانە بە شێوەی ڕاستەوخۆ هێرشی کردە سەر»عەلی لاریجانی»، سەرۆکی پارلەمان و «محەمەد باقر قالیباف»، سەرۆکی شارەوانی تاران کە هەر دووکیان دوو بەرپژێری سەرەکیین بۆ سەرکۆماری داهاتووی ئێران. ئەحمەدی دامەزراوەکانی دیکە.

دووهەم: بە شێکی دیکەی ئەم هێرشانەی ئەحمەدی نژاد پێوەندی بە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرکۆماری ئێرانەوە هەبوو. لە پێناوشدا ڕاستەوخۆ دوو بەرپژێری سەرەکی ئەو هەڵبژاردنەی کردە ئامانج کە پاشەکشەی زۆریان تا ئێستا بە قۆڵی ئەحمەدی نژاد کردوە.

بەم پێیە بەو ئاکامە دەگەین کە ئەحمەدی نژاد بەو قسانەی نەتەنیا نەتوانی دۆخەکە بگۆڕێ، بەڵکوو خراپتری کرد. هەروەها نەیتوانی هیچ ئاڵوگۆڕێک لە بازاڕی دراوی ئێراندا دروست بکا و نەبووە هۆی دابەزینی نرخی دۆلاریش. بە واتایەکی دیکە قسەکانی ئەحمەدی نژاد بە خۆودانێک بوو کە ئەنجامەکەی لە چەند مانگی داهاتوودا زیاتر دەردەکەوێت. ئەو دۆخەی ئێستا ئەحمەدی نژادی تێکەوتووە بەشێکی بەرهەمی ئەو مانگرتنەیە کە کاتی خۆی وێستی وەزیری ئێتلاعات لابەرێ و خامنەیی ڕێگای نەدا و دواتر ماوەی ١١ ڕۆژ لە ماڵەوە دانیشت. ئەمەش بووە هۆی تووڕەی قۆڵی خامنەیی و ئەو تووڕەییە ئەحمەدی نژادی بەم ڕۆژە گەیاند. ئێستاش ئەحمەدی نژاد بۆ جاری دووهەم بە خۆیەوە دا، دەبێ چاوڕێ بکەین کە بزانین ئاکامی ئەم بە خۆوە نانەشی بە چ شێوەیەک لە ماوەی داهاتوودا دەردەکەوێ.

هەروەها دەتوانین بڵێین ئەحمەدی نژاد بەو قسانەی نەتەنیا نەیتوانی «تمەن» کە ئەم ڕۆژانە زۆر دەچەوسێتەوە، لە تەنیایی دەرباز بکا، خۆشی زیاتر چووە ڕیزی تمەنەوە و ئێستا بە جۆرێک ئەویش وەک تمەن تەنیایە.

قسەکانی ئەحمەدی نژاد بە خۆودانێک بوو کە ئەنجامەکەی لە چەند مانگی داهاتوودا زیاتر دەردەکەوێت. ئەو دۆخەی ئێستا ئەحمەدی نژادی تێکەوتووە بەشێکی بەرهەمی ئەو مانگرتنەیە کە کاتی خۆی وێستی وەزیری ئێتلاعات لابەرێ و خامنەیی ڕێگای نەدا و دواتر ماوەی ١١ ڕۆژ لە ماڵەوە دانیشت. ئەمەش بووە هۆی تووڕەیی قۆڵی خامنەیی و ئەو تووڕەییە ئەحمەدی نژادی بەم ڕۆژە گەیاند

هەڵوێستەیەک بۆ سەر شانۆی سەر شەقام لە کوردستان

ئاماژە:

سەبارەت بە فستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی سەر شەقام و بە گشتی هونەری شانۆ و شانۆگەری لە کوردستان وتوێژێکمان لە گەڵ بەڕێز جەمشید بەهرامی شارەزای بواری شانۆ سازداوە کە سەرنجی خوێنەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان»ی بۆ ڕادەکێشین.

پ: مێژووی شانۆی سەرشەقام لە کوردستان بۆ چ ساڵێکەلێک دەگەڕێتەوە؟ پرشنگدارترین ساڵەکانی ئەو چالاکیە هونەریە چ ساڵانێک بوون؟هەروەها ئێوە شانۆی سەرشەقام لە ئێران بە گستی و لە کوردستان بە تایبەتی، هەم لەبواری کەیفی و هەم لە بواری ڕێژە یان کەمیەت لە چ ئاستێکدا دەبینن ؟

و: بێگومان ڕۆژەڵاتی کوردستان زووتر لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئاوڕی لە شانۆی سەرشەقام داوەتەوە. هەڵبەت دوخنی شانۆ لە باکوور کوردستان تا ڕادەیەک جیاوازترە.

هەرچەند شانۆی سەرشەقام لە جیهاندا مێژوویەکی لێکنەپچراوی هەیە و دەستپێکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی حەفەدەی و هەژدە لە کاتی سەرهەڵدانی کۆمیدیای دیلارتە لە ئیتالیا، کە لە سەدەی بیست و یەکدا بە لووتکە دەگات، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و لە کوردستانیشدا بە تایبەتی وەک جۆرێکی شانۆیی نوی پێناسە دەکرێ.

هەروەها کە ئاماژەم کرد لە کوردستاندا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێشخەر بووە لە شانۆی سەرشەقامدا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵ و گۆڕە شانۆییەکانی شانۆکاران کورد لەگەڵ شانۆکاران نەتەوەکانی دیکە لە ئێران و ناوەندی ئێراندا.

شانۆی سەرشەقام لە ڕۆژهەڵاتی کردستاندا لە ساڵەکانی دوای ١٩٩٠ ەوە هێدی هێدی دەست پێدەکات، و بە هەوڵی شانۆکاران ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی شانۆکارانی مەریوان، بە هاتنە ئاڕای فستیڤاڵی شانۆی سەرشەقامی مەریوان، لە ئاخری دەیەی ٩٠ ەوە گەشە دەکات.

ناتوانم ساڵێکی تایبەت وەک لوتکەی شانۆی سەرشەقام دەستنیشان بکەم، بەڵام بە ڕای من لەو کاتەوە کە فستیڤاڵی شانۆی مەریوان لە فستیڤاڵێکی ناوچەیەوە بوو بە سەراسەری(واتە سەراسەری ئێران) واتە ساڵی ٢٠٠٥ بە دواوە، و دواتریش بوو بە فستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی، شانۆی سەرشەقام بەردەوام لە کەشەدابووە، و ئێستە لە لووتکەدایە.

پرسنگدارترین ساڵەکانی شانۆی سەرشەقام ئەم ساڵانەی دواییە کە فستیڤاڵ بووە بە فستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی. نابی ئەوەمان لە بیر بچێ کە بە هۆی تایبەتمەندییەکانی خانەخوێ بوون بۆ شانۆکارانی کورد، هەر ساڵەو چەندین بەرهەمی شانۆی سەرشەقامی شانۆکارانی کورد لە فستیڤاڵی مەریوانەوە هەڵدەبژێردرێ بۆ فستیڤاڵی نێونەتەوەیی فەجر، کە ئەمە هەڵێک دەخاتە بەردەم شانۆکارانی کورد کە ئەزموونی زۆرتر بکەن، کە پێشتر لە بەشی شانۆی سەحنەیی(واتە مەسرەحی) زۆر دەگەن شانۆکارانی کورد ئەیانتوانی بەشداری لە فستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی فەجردا بکەن.

شانۆی سەرشەقامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێراندا لە ئاستێکی زۆر باشدایە، ئەوەی کە مەریوان وەک بنکەی هەمیشەیی و پێتەختی شانۆی سەرشەقام لە ئێراندا دیاری کراوە و ناسراوە، شتێکی بە هەڵکەوت نییە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەرز بوونی ئاستی هونەریی شانۆکارانی کورد لە ئاست شانۆکارانی نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا.

پ: کاریگەری بەڕێوەچوونی فستیڤاڵێکی ئاڵەم چەشنە کە بەشداری هونەرمەندانی بەشێک لە وڵاتانی ئۆروپاییش بەکێک لە خاڵە بەهێزەکانیەتی، بۆ شانۆ و شانۆگەری لە کوردستان چ دەبێ؟ ئایا شانۆگەریی کورد خۆی وەک خانەخوێیەکی شیاو بە میوانەکانی فستیڤاڵ ناساند؟

و: بانگهێشت کردن و بەشداری کردنی ڕێژەیەکی هونەرمەندی زۆر جگە لەوەی کە لە ڕووی ئابوورییەوە بۆ خەڵکی کوردستان باش دەبێت، لە ڕوانگەی تووریستیشەوە کوردستان و سروشتەکەی نەک خەڵکانی ئێرانی بگرە خەڵکانی ئۆروپاییش بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. لە لایەکی دیکەشەوە کاتێکی بینەری ئەو شانۆیانە بە عام خەڵکی کوردستانن کاریگەریشی لە سەر ئاستی زانیاری و تەنانەت بیروبۆچوونی خەڵکی ئاسایی‌یەوە دەبێت، لەو ڕوانگەیەوە لانیکەم دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی ئاستی ڕوانین بۆ هونەر لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا.

بێرتوولت بریشت کەلە شانۆکاری ئاڵمانی دەڵێت: « کاتێک دەتەوێ ئاستی کەلتووری هەر نەتەوەیەک بزانیت بڕۆ ئاور لە شانۆکەی بدەرەوە»، واتە شانۆ دەبێتە هۆی گەشەی کەلتوور لە کوردستاندا و بێگومان فستیڤاڵی شانۆی سەرشەقامیش مژگێنیەدەری داهاتوویەکی گەشە بۆ هونەری کوردی.

کاریگەریی بەڕێوەچوونی ئەو فستیڤاڵە لە سەر شانۆکارانی کورد سەدقاتی خەڵکی ئاساییە، لانیکەم هەڵی ئەوە دەخرێتە بەردەم شانۆکاری کوردەوە کە بە بینینی شانۆی گرووپە ئۆروپاییەکان لەگەڵ شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا ئاشنا بێت و بەراوردێک بکات لەگەڵ ئاستی بەرهەمەکانی خۆیدا.

لە لایەکی دیکەوە فستیڤاڵ دەتوانێت ببێتە جێگایەک کە شانۆکارانی کورد بتوانن لەو ڕێگایەوە بە ئاشنا بوون لەگەڵ گرووپەشانۆییەکان و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ شانۆکارانی ئۆروپاییدا، جگە لەوەی کە ئاستی بەرهەمەکانیان لە پاراڵیەمەکانی شانۆی هاوچەرخی جیهانی نزیک بکەنەوە، بگرە شانۆکارانی کورد دەتوانن وەک ئامرازێک کەلک لەو فستڤاڵانە وەرگرن بۆ ئەوەی کە دەرگای ئەوەیان لێ بکرێتەوە کە بتوانن بەشداری فستیڤاڵە نێونەتەوەییەکان بن.

بێگومان ئەگەر کوردستان و خەڵکی سیڤیلی کورد زۆر بە باشی ئاوڕی لە فستیڤاڵ نەدایەتەوە،و وەک خانەخوێیەکی شیاو خۆی نەسەلماندایە، ئەم چەند ساڵە فستیڤاڵ بەردەوام نەدەبوو.

ئەوەی کە لە شانۆی سەرشەقام دا زۆر گرینگە ئەوەیە کە مەودای نێوان شانۆکار و بەرەنگ لەو جۆرە شانۆییەدا بە کەمترین ئاست دەگات و زۆر جاریش لەوانەیە مەبەستی شانۆ ئەوە بێت کە بەردەنگێش وەک دەورگێڕێک بهێنێتە نێو شانۆگەی، کە وایە ئەگەر خەڵکی کوردستان وەک بە دەنگێکی شیاو و پڕوفشنال ئاوڕی لە شانۆ نەدایەتەوە تا ئەو ڕادەیە فستیڤاڵ بەردەوام نەدەبوو.

پ: ئەو شانۆگەلەی کە بەڕێوە چوون هەڵگری چ پەیامێکەلێک بوون؟ کاریگەریان لە سەر دیاردەکان تا چ ڕادەیەک ئەرێنی دەبێ؟

و: بە پێی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شانۆی سەرشەقام، کە لە ناوەڕۆکدا شانۆی ئێعترازییە لە هەمبەر پرسە هەنووکەییەکانی کۆمەڵاو، هەر بۆیە کۆمەلێک لە بەرهەمەکان کاریگەری ئەرێنی و ڕاستەوخۆیان لە سەر بینەر واتە بەردەنگ دەبێت.

یەکێک لە ڕەخنەکانی من لە فستیڤاڵی شانۆی سەرشەقامی مەریوان ئەوە بووە کە بەشێک لە بەرهەمەکان، شانۆی سەرشەقام نین، و نەک شانۆیەکی دەرەکی(واتە شانۆیەک کە لە دەرەوەی هۆڵی شانۆدا بەڕێوە بچێت) بەڵکو ڕاستەوخۆ شانۆی سەحنەیین و لە سەرشەقامدا بەڕێوە دەچن، کە پێم وانییە ئەو بەرهەمانە کاریگەریەکی ئەوتۆیان لە سەر بەردەنگ دیان هەبێت.

من پێشتریش باسم کردوە، کە شانۆی سەرشەقام شانۆیەکی دەرەکییە، بەڵام هەر شانۆیەکی دەرەکی شانۆی سەرشەقام نییە. بەشێکی دیکە لە بەرهەمەکان دروستە کە شانۆی دەرەکین، بەڵام شانۆی سەرشەقام نین، بۆ وینە بەشێک لە شانۆکانی بەشداربوونی فستیڤاڵ، شانۆی نەریتی یان شانۆی ئایینین، کە پێم وایە شانۆ ئایینیەکان بە ڕادەی شانۆی سەرشەقام کاریگەریان لە سەر بەردەنگ(واتە خەڵکی کوردستان) نابێت، لە لایەکی دیکەشەوە شانۆ نەریتییەکان لە سەر شەقامدا لە لایەن بەردەنگەوە وەلامی پێویستیان پێ نادرێتەوە.

بەڵام یەک خاڵ کە زۆر بەگرنگی دەزانم ئەوەیە کە؛ لە بەڕێوە چوونی ئەو فستیڤاڵەدا نابێت سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییش لە بەرچاو نەگرین، من بۆ خۆم چەندین ساڵ بەشداری ئەو فستیڤاڵە بووم و لە بازنەی شانۆ لە ئێراندا تا ڕادەیەک ئاگاداری سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی هەم، بە دڵنیایەوە بەشێک لە شانۆکان لە ڕاستای سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدایە کە بەداخەوە تاقمێک لە شانۆکارانی کوردیش هەن کە دروست لە ڕاستای

قادر وریا

«ئازا سەکری»

لە نێوان بێ بەختی لە ژیان و کەمتەرخەمیی هۆگرانی دا

چارەنووسی کەم شاعیر، نووسەر و تیکۆشەر وەک چارەنووسی «ئازا سەکری» مایەی خەم و جێگای داخن. کەسانی دی، ئەگەر بە ناوەختیش مردبن، یا لە بەندیخانە و لە هەلومەرجێکی ناخۆش دا، کۆتایی بە ژیانیان هاتبی، لانیکەم تا ساتی مردن، لە داهێنان نەوەستاون و لە باری دەروونی و هۆش و بیردەوە، سلامەت بوون. بەڵام «ئازا سەکری» زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە ٥٢ ساڵ تەمەنی خۆی، لە بارودۆخێکی ناخۆشی دەروونی و فیکریدا تێپەڕ کرد، چونکە سلامەتیی دەروونیی خۆی لە دەست دابوو و تێکچوو بوو. بەم جۆرە تەمەنی بەرهەمدان و داهێنانی ئەو بریتی بوون لە دەیەکانی دووهەم و سێیەمی ژیانە کورتەکەی. بەوحاڵەش، ئەو لەو دوو دەیەی ژیانی دا، سەرەڕای هەموو سەختی و ناخۆشییەکانی سەر ڕێی کەسێکی هەست ناسکی نێو خەباتێکی چەکدارانەی پڕ لە قوربانیدان، بە جۆرێک دەرەوشایەوە کە جێی پەنجەی بە ئەدەبیاتی بەرگری و شورشگێرانەی سەردەمی خۆیەوە دیارە.

«قادر لوتفیانی» کە دواتر لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ناوی «ئازا سەکری»ی بۆ خۆی هەڵبژارد، ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی (١٩٥٣ی زایینی) لە مەهاباد لە دایک بوو. خوێندنی سەرەتایی و دەبیرستانی لە مەهاباد تەواو کرد، دوایە لە شاری خۆی، چووە دانیشتەرای پەروەردەکردنی مامۆستا. بۆ ماوەی چەند ساڵێکیش بە ئەرکی مامۆستایەتیی قوتابخانەی لە گوندەکانی ئازەربایجان و کوردستان خەریک بوو. لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوییەوە بووە هۆگری شیعر و ئەدەبیات. لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥٦ ـ ١٣٥٥ (١٩٧٧ ـ ١٩٧٦) چووە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی شاری تاران، بەڵام لەبەر هۆگریی زۆری بە ئەرکی پەروەردە و فیرکردن ڕووی کردەوە خوێندنی دووراوودوور لە زانکۆی زانستە پەروەردەییەکان. ئەو، شانبەشانی مامۆستایەتی و گروگاڵی ئەدەبی، یاریزانێکی باشی وەرزشی فووتبال و ئەندامی تیمی هەڵبژاردەی مەهاباد بوو.

پاش تێکچوونی ڕێژیمی شایەتی، وەک ڕووناکبیریکی بە هەڵوێست، تێکەڵ بە شورشی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان بوو، ماوەیەک لە ڕێکخراوی «اتحادیە کمونیستهای ایران»دا کاری کرد، دواتر هاتە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات. پێشمەرگایەتی، کادری سیاسی، بەرپرسایەتیی سیاسی لک(لە هیزی پێشەوا)، ئەندامەتیی کومیتەی شارستانی مەهاباد، ئەندامەتیی کومیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکێتیی لاوانی دیموکرات، کادری پەروەردە و فیرکردن لە فێرگەی حیزب، لەو کارانە بوون کە مامۆستا ئازا لە ڕیزی تێکۆشەرانی دیموکرات دا بە شانازییەوە بە ئەستوی گرتن. لە پەنا هەر کار و بەرپرسایەتییەکی حیزبی و ڕێکخراوەیی دا، لە کاری ئەدەبی، لە دانانی شیعر و لە نووسین و لە وەرگێران غافل نەبوو. بڵاوکراوەکانی شۆڕش وەک «دەنگی لاوان»، «پێشەوا»گۆڤاری «لاوان»، ڕادیۆی دەنگی کوردستان، «نووسەری چیا» و ڕێورەسم و بۆنە جۆراوجۆرەکان دەرفەتێک بوون بۆ بڵاوبوونەوەی شیعر و نووسینی «ئازا سەکری».

کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٦٤، نەخۆشیی دەروونی کە بەرهەمی تێکچوونی تەندروستیی ڕوحی بوو،بەربینگی بەو مرۆڤە بلیمەتە گرت. بۆ ماوەیەک لە ژێر چاودێری و سەرپەرستیی هاوڕێیان و دۆستانی نزیکی دا بوو، سەرئەنجام زستانی ١٣٦٤ی هەتاوی (١٩٨٥) لە شاخەوە بەرەو شاری مەهاباد گەڕایەوە. سەربردەی نزیکەی ٢٠ ساڵ ژیان بە ئاڵوزی و شێواویی دەروونی و فیکری و دەسکورتی لە مەهاباد و دوور لە هەڤاڵانی شاخ، با ئەوانە بۆمان بگێڕنەوە کە لە نزیکەوە شایەدی دیمەنە دڵتەزین و هەژێنەرەکانی ژیانی ئەو مرۆڤە خاوەن بەهرەیە بوون. «ئازا سەکری» بەم کوتاییە جێی داخە درێژخایەنە، بەهاری ساڵی ١٣٨٣ (٢٠٠٤) لەوپەڕی دەسکورتی و بێئەنوایی دا لە مەهاباد سەری نایەوە.

ئەوەی لە «ئازا سەکری» بە جێ ماوە، خەرمانێکی دەوڵەمەند لە پەخشان، شیعر و وەرگێردراوی ئەدەبی و شیعرییە. پێشتر (ساڵی ١٣٥٧) چیرۆکە شیعرێکی بە زمانی فارسی بە ناوی «اسب و نان» لێ بڵاو ببووە. هەر لە کاتی پێشمەرگایەتیش دا، جگە لەو شیعر و پەخشانانەی بە شیوەی تاک و تەرا لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی شۆڕش و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئیراندا، بڵاوی کردبوونەوە، کۆمەڵە شیعرێکی «کوردستانی خوێناوی»ی بە شیوەی کتێب لێ بڵاو ببووە. ناوەڕۆکی ئەم کتێبە، شیعری حەماسی بوو کە شاعیر، خەبات و تێکۆشانی پڕ لە قوربانیدانی تێکۆشەرانی دیموکرات هەر لە سەرووترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە تا خوارووترین ناوچەکانی بەم شیعرانە، وەگێڕایەوە. ئەم کتێبە بە بۆنەی چلەیەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاو بۆوە.

هاوڕێی گیانی بە گیانی و یاری دلسۆز و بە مشووری ئازا سەکری، حەسەن مەحموودی (ئەهوەن) سەرەڕای کۆکردنەوە و پاراستنی نووسین و وەرگێردراوەکانی مامۆستا ئازا، لەم ساڵانەی دوایی دا ئەرکی بە چاپ گەیاندنی سەرجەم بەرهەمەکانیشی لە توێی کتێبێک لە ژێر ناوی «با بوخچەی دڵ بکەینەوە»دا گەیاندە ئاکام. ئەم کتێبە بەنرخە کە نزیکەی ٣٨٠ لاپەڕەیە و لە سوید چاپ و بڵاو بۆتەوە، لە پێشەکییەک و ٣ بەش پێک هاتوە.

بەشی یەکەم بۆ پەخشان و بیرەوەری و نووسینی ئەدەبیی ئازا سەکری تەرخان کراوە و زیاتر لە ٣٠ پارچە نووسینی کورت و درێژی لە خۆ گرتوە. لە هەموان بەناوبەنگتر «بامیەی شیلەدار»ە کە وەسفێکی پڕ لە وێناکردنی جوانی مەهابادی دەیەی چل و پەنجای هەتاوییە. دووهەم بەش بۆ هەڵبەست یا شیعرەکانی مامۆستا ئازا تەرخان کراون. لەم بەشەدا ٢٠ پارچە شیعری کورت و درێژ بەدی دەکرێن کە بەناوبانگترینییان «کوردستانی خوێناوی»یە کە نزیک بە ١٠٠ لاپەڕەی بۆخۆی بردوە. لە سێیەم بەشیش دا وەرگێردراوە شیعرییەکانی ئازا سەکری دەخوێنینەوە. نیوەڕۆکی ئەم بەشە بریتییە لە ١_ «چیڕی تیرهاوێژی» کە وەرگێردراوی «آرش کمانگیر»ی سیاوەش کەسرایییە. ٢_ «گەڕانەوە» کە وەرگێردراوی شیعری «ناقوس»ی نیما یوشیجە و ٣_ وەگێڕدراوی چەند بەیت و کورتە شیعری فارسی لە شاعیرانی جۆراوجۆری فارس.

بەبەختیی «ئازا سەکری» هەر تەنیا لەوەدانەبوو کە ژیان زۆر زوو ڕووی لێ وەرگێڕا و پشتی تێ کرد، ئێمە مانانیش کە هاوڕێ و هاوسەنگەر و هۆگری شیعر و نووسینەکانی بووین، بەڕامبەری کەمەتەرخەم بووین، ئەگینا هەتا ئێستا دەبوایە بەدیان جار یادمان کردبایەوە و تیشکمان خستبایە سەر شیعر و نووسین و وەرگێردراوەکانی. ئێستا کە کۆی بەرهەمەکانی لە توێی کتێب دا، چاپ و بڵاو بوونەوە، جێی خۆیەتی قەرەبووی ئەو کەمەتەرخەمییەمان بکەینەوە. هیوادارم هەر کامێکمان، ئەوانەی لە نزیکەوە دەمانناسی و شارەزای ژیان و بەرهەمەکانی بووین، یا ئەوانەی توانای هەڵسەنگاندن و نرخاندنی خزمەتە ئەدەبییەکانی ئەومان هەیە، لە دانەوەی ئەم قەرزەمان، غافل نەبین.

شاعیر مامۆستا ئازا سەکری و حەسەن مەحموودی «ئەهوەن»

هەڵە چێنی

تۆپخانەی ماڵی خاڵمان

مستەفا شێخە

شوکر بۆ خوا و بۆ بیرگەی خۆمان کە هەموو لایەک بە ورد و درشتەوە دەزانین تۆپخانە چییە. ئەوانەی بە قەولی خۆمان دانیشتووی سنوورەکانی نزیک باشووری کوردستان و بە قەولی مالی خالیشمان مەرزدارانی غەیوون، زۆر جوان دەزانن تۆپخانە چییە. ئەوانەی دیکەش، هەر لە کرماشانی جاران و ئێستا و قارەمانشەهری چەند ساڵ لەمەوبەر و کرمانشاهی مالی خاڵمانەوە بگرە تا دەگاتە سنەی خۆمان و کورسانی سنەییەکان و بادەداتەوە بۆ شاپور و چیای قوتوور، هەموویان بە مەرزدارانی غەیور و ئەوانەی دوور لە مەرزەکانن، ئەگەر لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆی سەراسەریی ئێرانی یەکپارچەشەوە ناوی تۆپخانەیان نەبیستبی، هەر نەبی جارووبار بەدزییەوە گوێیان بۆ ڕادیۆی زیددی ئینقلابی ئەز خودا بیخەیەر شل کردوە و دەزانن تۆپخانە چییە.

ئەوانەی سەردەمی پاشایەتیی ئێرانیان لەبیرە، ئەگەر جاریک ڕۆیشتبنە تاران یان تاران‌دیتوویەک بۆی گێڕابنەوە، دەزانن تۆپخانە بەکێک لە مەیدانە کۆنەکانی ناوەندی تارانە. سی‌وشتێک ساڵ لەمەوبەر کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت، پێش ئەوەی شۆڕشەکە بە دارسیواک ڕەنگ بکرێت و میزەری بچێتە سەر و ماڵی خاڵمان بە تەواوی خۆی لێ بەخاوەن کەنەوە، خاڵە گەورە ئەمری فەرموو ناوی مەیدانی تۆپخانە بە ناوی خۆی بکرێت. هەموو لایەک سڵاواتێکی بەرزمان لێدا و گوتمان ئۆخەیش ئەوە دنیا ئەمن و ئەمان دەبێت و لەمەودوا دۆ و دۆشاو پێکەوە ئاو دەخۆنەوە و تۆپخانە هەر ناویشی نامێنێت.

هەر لە سەروبەندی ناوگۆڕینی مەیدانی تۆپخانەی تاراندا، خاڵمان و وان هەستیان کرد شۆڕشەکە زۆر لە هەموو لایەک زیادە و دەبێ وەک توتنی توتنچیان، بەشی کێشانی لێ پاشکەوت بکەن و ئەوی دیکە بەپێی پلەی بۆنخۆشی و توندی و خاوی، دەسک دەسک و باقە باقە بە باری لۆری و کەشتی و فرۆکان هەناردەی ولاتانی دەرەوە بکەن. ماڵی خاڵمان هەستیان کرد خزمان لە باشووری عێراق و لە لوبنان و بەشێک لە ولاتانی کەنداو پێویستیی زۆریان بەم شۆڕشە زیادەیە هەیە. لە عێراقەوە دەستیان پێکرد، هەر لە یەکەم هەنگاودا بەرەو هەناردەی شۆڕش لە ناوچەی ئیلام و کرمانشاهی ئەو کاتەوە و بگرە ئەولاتریش، عێراقیەکان پێشیان بە شۆڕش گرت و ڕمبەی تۆپخانە دەستی پێکرد و هەشت ساڵی ڕەبەقی خایاند.

ئەو شەڕە هەشت ساڵەیە تەواو بوو، گرمەی تۆپخانە هەر کوتایی نەهات. ئەوجار ماڵی خاڵمان تۆپبارانی خۆمانیان درێژە پێدا، ئێمەش لەبەر هێندێک نازانم بڵێم چی، هەر هەڵاتین و خۆمان مات کرد و خاڵمان هەر ڕێمان کەوت. جا ئەوجار لەبن گوێسوانە و ناو پەریز و باغاتی مەرزدارانی غەیورەوە تۆپخانەی دامەزراند و ئێستاشی دەگەڵدابێت جارووبار چەند تۆپێکمان ڕێدەهاڵێنێت.

بەشێک لە خاڵەکانمان کە لەسەر دابەشکردنی ملک و ماڵ و کەیخودایەتیکردن کێشەیان تێکەوتوە، جیابوونەتەوە و پەریوەی هەندەڕانن. خاڵە تۆراوەکانمان هەر چەند خاڵە و لە وڵاتێک جێگەیان خواستوە و ماڵ و حاڵیکیان پێکەوە ناوە و دەڵین خاڵوانی ناوخۆ زوڵمیان لێ کردووین و بەشەماڵیان لێ خواردووین.

ئێمەش وەک ماڵی خاڵان دابەش بوینە. بەشێکمان لە خاڵە تۆراوەکانمان دەڵێین خاڵینە پیاوی چاپن، ڕاستە ئێوە خاڵی ئێمەن، بەڵام ئێمە لە بەردەبابێکی دێکەین و لە جیاتی بماندەنە بەر تۆپخانە، لێمان گەڕێن کەمێک بە مال و حاڵی خۆمان ڕابگەین. بەشێکیشمان دەڵێین، نەخێر ناوەڵا وا نابێت، ئێمە کوا بە بێ خاڵوان خۆمان پێ بەڕێوە دەچێت؟ وابباشە دەستەودامێنی خاڵوانی تاراوگە بین. ئەوان گەورەتر و عاقڵتریشن. هەرچی گەورەش فەرمووی بەجێیە. ئێمە بە دوو بۆچوونەوە، خەریکی کێشەین و خاڵوانی ناوخۆ و تاراوگەش دەڵێن نەخێر ئێوە دەبێ بە قسەی ئێمە بکەن و هەروا وەک مەرزدارانی غەیور پاسەوانی مالی خاڵوانی خۆتان بن. ئەگەر وانەکەن، هەتا هەتایە تۆپبارانتان دەکەین.

بەخۆشیەوە پاش سێ و چەند ساڵ، دوێنێ لە هەواڵەکاندا گوێمان لە ناوی ئەو تۆپخانەیە بوو کە ئەوکات خاڵمان و وان ناوەکەیان گوڕیبوو و خەریک بوو لەبیرهەموومان بچێتەوە. وەک هەواڵەکان ڕایانگەیاند، دووڕۆژ لەمەوبەر منداڵ و پاڵی مالی خاڵمان بە مەیدانی تۆپخانە وەربوونە و دەستیان بە شێنگێری بۆ تەمەنی ئێرانی کردوە و دەڵێن کەی ڕەوایە دۆلاری ئەمریکایی سواری تەمەنی ئێمەبێت و ئێمەش سەر شۆڕ بکەینەوە. وەک دەڵێن دۆلار بە چەشنێک سواری تەمەن بووە، نە بە منداڵانی مالی خاڵمان و نە بە خاڵانی ناوخۆ و نە بە خاڵانی تاراوگە لەسەری هەڵناستێتەوە. جا زۆر دوور نییە، مەیدانی تۆپخانە وەک سێ ئەوەندە ساڵ لەمەوبەری لێ بێتەوە و ناوی خاڵەگەورەشی بەسەرەوە نەمێنێت. بەڵام نازانم ئەم تۆپخانانەی لوولەی تۆپەکانیان لەلای ئێمەدایە چیان بەسەر دێت؟ هەر چۆنێک بێت، ئێمەش لە ڕوانینماندا بۆ خاڵوانمان خۆمان یەکلایی دەکەینەوە کە ئێستا هێندێکمان دەڵێین زرخاڵن، هێندێکمان وادەزانین جووجەڵانمان بۆ دەژمێرن و بەشێکیشمان پێمان وایە لە ناچاری پێیان دەڵێین خاڵە.

دەمهەوێ شێعرێ بڵێم

دەمهەوێ شێعرێ بڵێم پشکۆی ئەوینی ئاگرین
بۆ ژیانی تار و ساکاری هەژاریکی دەکێڕی گەرمەشین
دەبمە ئاگر دەبمە فەرهەنگۆکی ڕووڕاو برین
دەمهەوێ شێعرێ بڵێم
دووکەڵێ دانی لە قۆناغی ژیانی تێ پەڕێ
دەم بەدەم پاو دەبێ ئامادە کەم بۆ دووکەڵێ ئاسۆری دەم
دەمهەوێ شێعرێ بڵێم
دەستەیەک کۆڵ بێ بە دەستی پڕ لە هەستی ناسکی کۆڵ
پەیکەرێ
ئوێن لە لەش دێتێ بە تێ ڕاچوونی زاری دڕکی ئەم
دەمهەوێ شێعرێ بڵێم
تێی دا نەبێ ئەسرینی ژین
هەرچی دانە تەسرەتە ئاسۆرە ئۆم دەگرێتەوە
زامی دڵ دەکولێتەوە
هەرچی شادی ڕۆژگارە بێت و لێم دەکێشێتەوە
دەمهەوێ هەورێ نەبێ ڕووی ئاسمانی بێ بەسان
دەورێ ئەوەری هەورێ ژین دەست پێ دەکات
بانگی شەهدانگی مژوو دووماتی ژێتم پێ دەکا
شادی پشتم تێ دەکا
دەمهەوێ شێعرێ بڵێم
ئیشکی ڕێرینی هەتاوی پاو بێ
کۆترە شینکە ئاسمانی ساو بێ
بۆو مەبەستە دەست و شاباڵم دەچێ
ماڵم دەچێ، ماڵم دەچێ
دەستی دەشکێنم کە بیری دابەزینی تاکە سواراتی هەبێ
دەستی دەشکێنم لە ئۆرا دەستی وەستانی هەبێ
ئەو سەرەی دەکوتم ئەساری باری هەڵدانی هەبێ
کۆترەی برسی پاوەرێ پە هەر دەمە دانی دەوێ
ئەو مەبەستە کوا پشوودانی دەوێ ؟
با قەڵەم بشکێ بە بۆسکەی دەستەوە
کاتی ئیعبارێک و ڕووداتی دەوێ
دەمهەوێ شێعرێ بڵێم
شێعری ژیان
شاعێرێکی بوویە سەرباری گرانی باری بەزمی نشتەکی
داوی ئاوی گشتەکی
پڕ بە پێستی ئۆبەتی کەر هەڵتەکی
ویست و پێویستی نەبێ
مشتەری کوا ڕووەکاتە بەردەری هێلانەکەت
دیوی تاریکت تەریکە باری سەرباری گرانی سەر دەڵێ
کارکی هەڵقوڵاوی نێو کەڵزاری ڕەنگینی کۆڵ
پڕ بە پێستی ئۆبەتی کەر تێک بڕووخێ بانەکەت
بوتچە سووکی نێو دڵت بۆ کردەوە
ئەی شاعیری بێ کردەوە؟

ئازا سەکری

سەرماوەزی ١٣٦٤ ی هەتاوی، گەڵاڵە

(ئەوە ئاخرین بەرهەمی ناتەواوی مامۆستا ئازایە، بەر لە گۆڕانی سروشتی بەسەریاندا).

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 593 6 oct 2012

مالپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

نەخشەی کوردستان چووە ڕیزی نەخشەی وڵاتانی جیهانەوە

ڕۆژنامەی واشینگتون تایمز بڵاوی کردەوە، نەخشەی کوردستانی گەورە لە ڕیزی دیزانی نوێی نەخشەکانی جیهان دایە.

لە دیزانی تازەی نەخشەی جیهاندا کوردستانیش وەکوو وڵاتێکی سەربەخۆ لە قەڵەم دراوە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەنیستیتوی کورد لە پاریس بە هاوکاریی ڕێکخراوی Eurominority نەخشەیەکی تازەی کوردستانیان چاپ و بڵاو کردەوە.

لەو نەخشەیەدا کە ڕێکخراوی «UNPO» هاوکارییەکی بەرچاوی تیدا هەبوو، شارە گەورەکانی کوردستان لە هەر چوار بەش دەست نیشان کراون.

لەو نەخشە تازەیەدا زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لە باشووری ئیلامەوە بۆ لای چیای ئارارات دەبینرێ.

شارەکانی «وان، کەرکووک، مووسڵ، ئاگری، ورمێ، کرماشان، هەولێر» لەو شارانەن کە لە نەخشەی تازەی جیهاندا ناویان تۆمار کراوە.

دۆزرانەوەی شوێنەوارێکی مێژوویی دەگمەن لە شارەزووری باشووری کوردستان

شوێنەوارێکی مێژوویی دەگمەنی دنیا لە شارەزووری باشووری کوردستان دۆزرایەوە.

تیمێکی شوێنەوارناسیی زانکۆی ڕیدینگی بریتانیا لە ناوچەی شارەزوور یەکەمین شوێنەواری گرینگی دنیایان دۆزیەوە کە قوناغی گواستنەوەی مرۆڤ لە نیشتەجێ بوونی لە ئەشکەوتەوە بۆ نیشتەجێبوونی لە ناوچە دەشتاییەکاندا پیشان دەدا.

بەهرۆز محەمەد سالح، پارێزگاری سلێمانی ڕایگەیاند سەرۆکی تیمی شوێنەوارناسیی زانکۆی ڕیدینگی بریتانیا کە لە ئێستادا سەرقاڵی پشکنینی شوێنەوارەکانی گردی «بێستانسوور»ن، بەپێوەبەری گشتیی تەربییەت بەدەتیی پارێزگای سنەی لە ئەستۆ بوو.

ڕاهێنەرێکی کورد باشترین ڕاهێنەری ژۆرەوانبازیی فەرەنگیی جیهانە

عەبدوڵلا چەمەن گوڵی ڕاهێنەری تیمی میللیی ژۆرەوانبازیی فەرەنگیی لاوانی ئێران وەک باشترین ڕاهێنەری ساڵی ٢٠١٢ ناسرا.

ڕافائیل مارتینتی، سەرۆکی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ژۆرەوانبازی بە ناردنی نامەیەک بۆ فیدراسیونی ژۆرەوانبازیی ئێران، عەبدوڵلا چەمەن گوڵیی وەک باشترین ڕاهێنەری جیهان لە ساڵی ٢٠١٢ دا ناساند.

ناوبراو ڕایگەیاند کە خەڵاتی چەمەن گوڵی لە خولی ڕاهێنەری لە ڕۆژهەڵاتی ١١ تا ١٤ی خەزەڵوەر لە شاری «ویلنیوس»ی وڵاتی لیتوانی پێشکەش دەکرێ.

عەبدوڵلا چەمەن گوڵی ڕاهێنەری تیمی میللیی ژۆرەوانبازیی لاوانی ئێران کە خەڵکی شاری سەقزە کە پێشینەیەکی درەوشاوەو سەرکەوتنی جۆراوجۆری لەم وەرزشەدا بەدەست هێناوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە ناوبراو جگە لە سەرکەوتنە وەرزشییەکانی خۆی سەردەمێک سەرکەوتن وەدەس بێنن.

جێگای ئاماژەیە کە لەم کێبرکییەدا ئەم کەسانە توانیان پلەکانی یەکەم و دووهەم بۆ خۆیان بە دەست بهێنن:

١- کوردۆ وەنەوشە- لە کێشی ١٠٠ کیلۆگرام- پلەی یەکەم

٢- ئاڵان قادر- لە کێشی ٤٤ کیلۆگرام- پلەی یەکەم

٣- ڕێکان حەسەن- لە کێشی ٢٧ کیلۆگرام- پلەی یەکەم

٤- پەیوەند سولەیمان- لە کێشی ٣٧ کیلۆگرام پلەی دووهەم

٥- ئارام خوسرەوی لە کێشی ٣٧ کیلۆگرام پلەی دووهەم

هەروەها ئەم کەسانەیش توانیان پلەی سێهەم بە دەست بهێنن:

ئاریا عەزیزی، ڕێبوار حەسەن، سروشت قەوی‌پەنجەو ناسر محەممەد ئەمین



لاوانی دێموکرات لە کێبرکیی کۆنگ فۆ دا پلەی بەرزی پارێزگای هەولێریان وەدەس هێنا

تیمێکی کونگفۆی یەکیەتیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشداری لە پێشبڕکێی پارێزگای هەولێردا کرد و توانی بە وەدەسهێنانی پلەکانی یەکەم و دووهەمی ئەم پارێزگایە، سەرکەوتنی بەرچاو وەدەس بێنی.

سایتی ناوەندیی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوی کردەوە کە، ڕۆژی ٥ شەممە ڕێکەوتی ٦ی ڕەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی تیمێکی کونگفۆی یەکیەتیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە سەرپەرستی پێشمەرگەی کونگ فۆکاری حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەلاح خەلیل‌بەیگی بەشداریان لە کێبرکیی کونگفۆی پارێزگای هەولێر کرد.

لاوانی کونگفۆکاری دێموکرات دوایی دوو ڕۆژ چالاکی و ماندووبوون، توانییان بە وەدەس هێنانی پلەکانی یەکەم و دووهەمی ئەم کێبرکییە بەشداریان لە کێبرکیی کونگفۆی ئاژانسی هەولێر بکەن.

کردنەوەی پێشانگایەکی وێنەکێشانی منداڵان لە سەقز

فیرگەی وێنەکێشانەوەی «باران» لە شاری سەقز کە هەموو ساڵی لە بەرەبەری وەرزی پاییزدا بەرهەمی منداڵانی ئەو شارە لە پێشانگەیەکی یەک ڕۆژەدا دەخاتە بەرچاو، ئەمساڵیش فیرگەی وێنەکێشانی باران پێشانگایەکی لە ماڵی بەساڵداچووانی مێهر لە شاری سەقز کردوتەوە.

ئەم پێشانگایە کە لە کاتژمێر ١٠ی سەرلە بەیانی تا کاتژمێر ٧ی دوای نیوەڕۆی پێنجشەممەی ٣٠ خەرمانان کراوەتەوە لە لایەن خەڵک و بینەران و هۆگرانی هونەری نیگارکێشیی منداڵانەوە پێشوازی لێ کراوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکان دوای کوتایی کێشانەوەی وێنەکان لە لایەن منداڵانی بەشدارەوە، یەکێک لە بەساڵداچووان بە ناوی مەسعود بە وتنی چەند گۆرانییەک کاریگەرییەکی زۆری لە سەر بەشداران و ئامادبوان داناوە.

شایانی باسە لە کوتایی بەرنامەکەدا، گۆڤارێکی منداڵانە وەک دیاری بە سەر منداڵانی بەشداردا دابەش کراوە.

بەر لە مالاوایی

بە بۆنەی ڕۆژی «نەهێشتنی توندوتیژی»یەوە

کوێستان فتوحی

«چاو لە بەرابەر چاودا، دنیا کوێر دەکا»

مهاتما گاندی

ساڵی ٢٠٠٧ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ڕیزنان لە کەلتووری ئاشتی، وێکهەلکردن و لیک تێگەیشتن، دووی ئۆکتۆبر (١ی ڕەزبەر)، ڕۆژی لە دایکبوونی مهاتما گاندی ڕێبەری ئاشتیخوازی هیندی بە ڕۆژی «نەهێشتنی توندوتیژی» ناودیر کرد.

مهاتما گاندی داهێنەری خەباتی مەنفی بۆ ئامانجی سیاسی بوو. ئەو بە شێوەیەکی ئاشتییانە و بە نافەرمانیی مەدەنی، سەرئەنجام توانی دەسەڵاتی بریتانیا لە ساڵی ١٩٤٧ لە هیند وەدەربنێ. مهاتما گاندی ساڵی ١٨٦٩ لە دایک بوو و ٧٨ ساڵ ژیا و ساڵی ١٩٤٨ گیانی خۆی لە پێناوی هێمنی و ئاسوودەیی وڵاتەکەیدا دانا. ساڵێک دوای سەربەخۆبوونی وڵاتەکەی لە دەست ئێستعماری بریتانیا، لە لایەن هیندییەکی توندڕەوەوە تیرۆر کرا.

لەلای گاندی « تەحەممول نەکردنی بەرانبەر پێکێکە لە خراپترین جۆرەکانی توندوتیژی و، وێکهەلکردن، ئامانجی خەباتە و کەرەسەیە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن.

ئێستا زۆرن ئەو ڕووناکبیر و نووسەرانەی گاندی وەک مامۆستای ئەخلاق لە خەباتی سیاسی دا ناو دەبەن بەڵام کەمترین دەرسیان لەو ئینسانە گەورەیە وەرگرتوە. زۆرن ئەوانەی باسی وێکهەلکردن و یەکتر تەحەمول کردن دەکەن و دروشمی ئاشتیخوازانە بەرز دەکەتەوە، بەڵام کە دەڕوانیە ئەدەبیاتەکەیان پڕە لە وشەی زبر و ڕەق و ئینشینەر بەرانبەر بەرانبەرەکەیان.

نیلسۆن ماندیلا قسەیەکی هەیە دڵی لە ناخی هەر مرۆڤێکدا ڕوحم و بەزەیی هەیە.... هەر وا کە دەتوانری نەفرەت فیری خەڵک بکری، دەشتوانری خۆشەویستیی فیریان بکری، چونکە خۆشەویستی زۆر سروشتیتر ڕێگا بۆ نێو دل دەبینێتەوە.

ئەم قسەیەی ماندیلا زۆر پڕمانا و گەورەیە. بۆ ئەوە دەبێ هەموو مرۆڤێک دەرسی لێوەربگرێ و بیکاتە سەرەشقی کار و ژیان و خەبات لە پێوەندییەکانیدا. کێ هەیە بیزار نەبێ لە توندوتیژی، کەچی زۆر ئاسان جاری وایە بە وشەیەک پێوەندییەکانمان لەگەڵ هاوڕێکانمان تێک دەدەین. قسەیەک هەیە دەگوترێ: وشە ئازادە لە زاری هەر کەس بێتە دەر، بەڵام ئازاد نیە چۆنت پێخۆش بێ بەڕووروی بەرانبەرەکەتی بکەیەوە.

لە ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژیدا کەوتمە بیر کردنەوە بابەتێک بنووسم، بەڵام پێش ئەوەی دەست پێ بکەم سەردانی لاپەڕەی فەیسبووکی هاوڕێ مەجازییەکانم لە فەیسبووکدا کرد و ئەو وشەو کومێنتانەم هەڵدەسەنگاند کە هێندێک کەس بەرەوروویی بەکتریان کردبووەوە. بیرم لەوە کردەوە ئینسانەکان بەرانبەر بە یەکتر بۆ چی وان ؟ بۆ وا بەو وشانە یەکتر بریندار دەکەن؟ خۆ دەکرێ بە وشەی نەرم ونیان ڕەخنەکانی خۆت بخەیە ڕوو. ئایا ئەم وشە ڕەق و زبرانە ناچنە خانەی توندوتیژییەوە؟ زۆرتری ئەو کەسانە کە قسەکانیان بۆنی توندوتیژی لێدەهات ئەندامی حیزبەکان بوون. ئەو حیزبانەی ساڵانێکی زۆر جەستەی ئەندامەکانیان کراوەتە نیشانەی گوللەی دوژمنەکانیان، بەڵام ئەمڕۆ لە نێو دنیا پێشکەوتووەکەی مەجازیدا کە نە لەشکری پاسداران و نە تانگ و تۆپی دوژمن وجوودی هەیە، تەنیا لەشکری وشە و کومێنتەکانە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و یەکتر بریندار دەکەن.

هێندێک لەم کومێنتانە بۆنموونە دێنمەوە و خوێنەر خۆی قەزاوەت بکا

کەسێک لە کومێنتێکدا لە بارەی بەشداریی ژنان لە کونگرەی حیزبێکدا دەنووسێ: من ئەو کونگرەیەم بۆیە پێ باشە ژنی کەم تیدایە!! ئەم کومێنت نووسە بڵێی لەوە تێنەگا ئەم قسەیە چەند کەس بریندار دەکا؟! یان ڕاست مەبەستی ئەوەیە خەڵکانێکی پێ بریندار بکا!

لە کومێنتێکی دیکەدا هەر لەو بارەیەوە بەناو ڕووناکبیرێک تەنیا کونجی ئاشپەزخانە بە شایانی ژن دەزانێ!

..... کومێنتی خانمێکیش لەسەر بابەتێکی دیکە ئابەم شێوەیە: «چی دیکە جوابت نادەمەوە .....چون تۆ لە شانی خۆمدا ناینیم و خۆم بۆ قسە کردن لە گەڵ تۆ بچووک ناکەمەوە. بێ سەواد بوونی من و توش با خەڵکی قەزاوەتی لە سەر بکا»! ئەمانە چەند نموونەیەکی بچووک لەو دیالۆگانەن کە لە فەیسبووکدا ڕۆژانە زۆر کەس لەگەڵیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە و چاوەمان پێیان دەکەوی و ژیانی زۆر کەسی خستۆتە ژێر کاریگەرییەوە، چونکە لە دنیای واقعییشدا ئەو شێوە دیالۆگە گومان و بێباوەڕی بە یەکتر دروست دەکا.

هەر بۆ ئەم مەبەستە سەردانی لاپەڕی هێندێک کەس دەکەم کە خۆیان بە ڕووناکبیر، خەباتکاری ڕێگەی ئاشتی و ئازادی دەزانن، دەبینم پڕن لە دروشم و قسەی جوان جوانی گەورە مرۆڤەکانی وەک: گاندی، ماندیلا، ژان پۆل سارتێر، ئەلیزابێت تایلور، برتولت بریشت، ماکسیم گورکی، سادق هیدایەت و.... بەڵام کە لە دیالۆگ و قسە و باسەکانیان دەڕوانم کە لە نێوان خۆیان و هاوڕێکانیاندا هەیە، هەرگیز لەگەڵ بیر وەکتەبی ئەوبیرمەندانە نایەنەوە.

کە باس لە توند و تیژی دەکرێ، لە بەرامبەری دا هەمیشە بەدیلەکەی وەبیر دەهێنرێتەوە. بە دیلی توندوتیژی، وێکهەلکردن یا مودارایە. ئەو نیعمەتەی کە بە داخەوە لە نێو هەر نەتەوە و هەر کۆمەڵگەیەک دا کە سەردەمانێکی دوور و درێژ لە گەڵ سەرکوت و سەرەڕۆیی بەرەوروو بووە، بە کەمی دەبینرێ. مەبەست لە وێکهەلکردن هەر وا کە لە ناوەکەی دا دیارە، پێکەوە حەوانەوەیە. دیارە لە باسی پێکەوە حەوانەوەش دا گرنگ پێکەوەحەوانەوەی جۆراوجۆرییەکانە. ئەگینا وێکهەلکردنی دوو شتی وەک یەک نە هونەرە و نە شتێکی زۆر دژوار. بۆ وینە دوو کەس کە هاوباوەڕن و وەک یەک بیر دەکەنەوە، بۆ چی دەبێ وێک هەڵ نەکەن؟ یا دوو کەس ، دوو لایەن ، دوو کۆمەڵە خەڵک، کە زمانی وەک یەک، یا ئایینی وەک یەک، یا میللییەتی وەک یەکیان هەیە، بۆ چی دەبێ وێک هەڵ نەکەن؟ گرنگ ئەوەیە کەسێک، یا کۆمەڵە خەڵکێک، کە گەڵ کەس یا کۆمەڵە خەڵکێک ، کە جیاوازیی لە گەڵ ئەوان هەیە، بگونجێن و تەحەمولیان بکەن. ئەمەش نایەتە دی کە ڕیز لە جیاوازییەکان نەگرین. جا ئەم جیاوازییە لایەنی فکری و سیاسی هەبێ یا ڕەگەزی یا دینی و ئایینی یا زمانی، کۆمەڵایەتی و هتد، دەبێ دان بە بوونیان دابنێین، مافی بوون و خۆ دەرخستنیان پێ بدەین و گوێیان لێبگرین. تەحەممولی بەرامبەرەکەشت، پێویستی بە زاڵبوون بە سەر خۆدا و سنووردانان بۆ ویست و ئارەزوو و بەرژەوەندەکانی خۆمان هەیە.